


# ڕەخنە لە عەقڵی ڕۆشنبیری

ژیرۆ زاگرۆس

# ڕەخنە لە عەقڵی ڕۆشنبیری

## ژیرۆ زاگرۆس

ناوی پرتووک: ڕەخنە لە عەقڵی رۆشنبیری

ناوی نووسەر: ژیرۆ زاگرۆس

چاپ: ئەلەکترۆنی

ساڵ: ٢٠٢٤

# پێڕست

پێشـــــگوتن ........................................................................ ١
درۆیەکی گەورە/ کۆبانی و ژیانی ڕووت .................................................. ٧
یەک: "ژیانی ڕووت"؛ ڕووتکردنەوەی کۆبانی لە ئایدۆلۆژی....................... ٧
دوو: کۆبانی وەک خۆی............................................................... ١٣
سێ: ئەنجام .......................................................................... ٢٣
ناسیۆنالیست وەک ئایدۆلۆژیست ........................................................ ٢٩
ڕۆشنبیر و فرێدانی قسە/ کۆبانی و ناسیۆنالیزم ........................................ ٤٥
گەمەکردن بە چەمکەکان.............................................................. ٧٣
یەک: لەسەر گرنگی واتا ............................................................. ٧٣
دوو: زاراوەبازی، پەیامێک و چەند زاراوە............................................ ٨٠
سێ: هێما بۆ نادیار ................................................................. ٨٨
چوار: شێواندن و چەواشەکاری........................................................ ٩٧
قسە لەسەر هیچ......................................................................... ١٠٧
یەک: شەڕەبۆچوون بە تێگینە ناهاوبەشەکان.......................................... ١٠٧
دوو: دژوازی نیشانەی پووچەڵبوون................................................... ١١٩
گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوا .................................................................... ١٢٩
قسەی ناو کتێبەکان/ هاوکێشەی هێگڵ ................................................ ١٥١
گۆڵدانی عەقڵ.......................................................................... ١٦٥

یەک: شوبهاندن ........................................................................ ١٦٦
دوو: گریمانەی ناڕاست.............................................................. ١٧٢
سێ: حوکمدان ............................................................................ ١٧٦
ناسیۆنالیزم و ڕۆشنبیری کورد .......................................................... ١٨٥

## پێشـــــگوتن

ئەوەی ڕاستی بێ من وەک خوێنەرێکی بەردەوامی بەختیار عەلی چەندە لە ڕووی هەستەوە چێژم لە "بەرهەمە ئەدەبییەکان"[1]ی وەرگرتبێ، بەڵام هیچ کاتێ نەمتوانیوە لە باری هزرییەوە بە تەواوەتی لەگەڵ "بەرهەمە تیۆرییەکان"[2]ی ئەودا بم و هەمیشە تێبینی و ناکۆکیم لەگەڵ بەشێکی گەورەی هزری ئەودا هەبووە. هۆکاری یەکەم و هەرە

---

[1] لەوانە: شاری مۆسیقارە سپییەکان ـ جەمشید خانی مامم ـ ئێوارەی پەروانە ـ دواهەمین هەناری دنیا ـ بەرەو دۆزەخ ئەی بێگوناهان ـ میوانێک لە دوورەوە ـ تا ماتەمی گوڵ، تا خوێنی فریشتە ـ ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دژمن و...

[2] لەوانە: وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان ـ ناشوێن ـ ئایدۆلۆژیست ـ خۆڵەمێشی قەقنەس ـ ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی ـ گووتاری مانەوە ــ وەک دەریایەک پڕ لە نهێنی ـ لەدەستدانی ئاسمان ـ جوانییەکانی نارێکی ـ نەرسیسی کوژراو و...

گرنگی ئەم "ناکۆکی"یەش زیاتر لە هەر شتێکی دیکە لە سۆنگەی لۆژیکەوەیە. بەختیار عەلی زۆر جار هەمان فەزای فانتازیای بێ چاودێری لۆژیکی ناو ڕۆمانەکانی دەگوازێتەوە بۆ نێو فەزای تیۆرییەکانی خۆی و بە گوتنێکی دی تێهزرینی ئەو لە هەمان فەزای دوورەلۆژیکی ئەدەبدا گەرا دەبەستێ و بیرۆکەکانیشی هەر لەوێ و لەسەر هەمان گەرا هەڵدێن. لەم نێوەدا ئەوەی کە ڕەنگە بەختیار لە کەسانی تر جیا بکاتەوە و بە ڕادەیەکی زۆریش خوێنەرەکانی بخەڵەتێنێ زمانی ئەوە لە داڕشتنی گوزارەکاندا بە شێوازێکی ڕەوان و بێ گرێ لە ئاخاوتن و بەڵام بە هەمان ڕادە ئاڵۆز و ناڕوون لە بیرکردنەوەدا. زمانی بەختیار بە تەواوی مانا پەیکەرێکی زیندووە لە پەندێکی کورمانجی کە دەڵێت "زمان بێ هەستی(ئێسقان)ـە" و پێنووسی ئەو پێنووسێکی ژیمناستە کە لەسەر خەرمانی بێکۆتای وشەی کوردیدا بە ئاسانی دەتوانێ گەمە بە پەیڤی کوردی بکا و بەرەو هەر لایەک بیهەوێ باڵ بکێشێ و باڵی هەموو لایەکیش بەرەو خۆی ڕاکێشێ. لەم باڵکێشانەدا خوێنەرێکی ئاسایی بە جۆرێک سەرسامانە لە قووڵایی ڕەوانبێژی ئەودا نوقم دەبێ و هاوکات لە ئاڵۆزییەکانیدا دەخنکێ کە دوور نییە بە یەکجاری بیر لە لۆژیک یان ژیربێژی ببڕێ. بەڵام مێشکێک

خۆی بە ژێربێژی قانگ درابێ و بەتابەتی بە بیرکاری فۆرمات کرابێ چقاس لە ڕەوانبێژی شاعیرانەی وشە و ڕستەکانیشدا قووتکە بخواتەوە، ناتوانێ لەم لایەنە هەرە گرنگەی جیهانی هزر و ئەندێشە خافڵ ببێ. هەر بۆیە خوەندەوانێ کە لە کاتی خوێندنەوەدا لانیکەم بە هەمان ڕادەی گرنگبوونی ناوەڕۆک لۆژیکیشی بە لاوە گرنگە و لەباتی ئەوەی بە تەواوەتی خۆی بداتە دەست نووسەر بە درێژایی خوێندن لەوە ناترسێ کە خۆشی بیر بکاتەوە، بە ئاسانی دەتوانێ ناڕێکییە لۆژیکییەکانی تێهزرینی بەختیار و بێگومان هەر نووسەرێکی دیکەش بخوێنێتەوە.

لەم نووسینەدا من دەمەوێ بە شێوازێکی سنووردار تیشک بخەمە سەر هەندێ لەو ناڕێکییە لۆژیکییانەی کە لە جەوهەری تێهزرینی بەختیار عەلی و لە هێمای ئەویشدا بەگشتی لە جیهانی ڕۆشنبیریدا هەیە و بەداخەوە زۆربەی کات نابینرێن. بۆ ئەوەش کە بە وردی بپەرژێمە سەر بەشێک لەم ناڕێکییانە، بە دیاریکراوی دوو گوتاری "کۆبانی و گەڕانەوە بۆ مرۆڤی سروشتی" و "کۆبانی، ناسیۆنالیزم،

یۆتۆپیا" لە کتێبی "ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی"[٣] دەخەمە بەر سەرنج. ئەم سەرنجەش لە دوو ڕەهەندەوە دەبێ. ڕەهەندی یەکەم بریتی دەبێ لە ڕەخنەکردن و شرۆڤەی ناوەڕۆکی گوتارەکانی بەختیار بەتایبەتی و ڕەهەندی دووەمیش لە کەسایەتی ئەم گوتارانەدا و لەڕێی شیکردنەوەی ئەوانەوە شیکاری و باسکردنە لەو نارێکییە گشتییەی کە لە بواری ڕۆشنبیریدا هەیە و ئاماژەم پێدا. کە واتە ئەم نقیسارەدا جگە لەمەی کە لە سۆنگەی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکردنی پەتییەوە مژار و ناوەڕۆکی خودی ئەم گوتارانە دەخاتە بەر سەرنج و توانج، هاوکات دەیەوێ وەک دوو میناک و شایەت لێیان بڕوانێ و لێیان ورد ببێتەوە بەڵکوو لە کەسایەتی ئەم دوو نموونەیەدا لە کەماسییەکانی نەریتی ڕۆشنبیری نزیک بێتەوە و بزانێ گوتاری ڕۆشنبیرانی ئێمە چەندە زانستی و

---

[٣] لەڕاستیدا گوتارەکانی بەختیار عەلی گوتوبێژێکی هزری دوولایەنەیە لەگەڵ دوو گوتاری مەریوان وریا قانع دا. ئەم گوتارانە بە ڕیز بە دوای یەکتریدا بەم شێوەیە هاتوون: ١- بەختیار، "کۆبانی و گەڕانەوە بۆ مرۆڤی سروشتی". ٢- مەریوان، "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت؟". ٢- بەختیار، "کۆبانی، ناسیۆنالیزم، یۆتۆپیا". ٤- مەریوان، "کۆبانی، سیستەم و کاپیتالیزم".

ڕۆشنبیرانەن. زانستی بەم مانایەی کە چەندە لەسەر ڕاستییەکان دادەمەزرێن، چەندە لەسەر دروستی دەڕۆن و بەگشتی چەندە لەسەر بنەمای لۆژیک گەڵاڵە دەکرێن. کەواتە من لێرەدا بە دوو ئاراستەدا دەڕۆم. یەکەم، بە شێوەیەکی پەتی و تایبەت خودی ناوەڕۆکی وتارەکانی بەختیار عەلی دەخەمە بەر سەرنج و دووەم وەک نموونە و میناکی شاهید بەکاریان دێنم بۆ باسکردن لەو نارێکییە تاریکانەی کە ڕۆشنبیران لە جیهانی زانستە مرۆییەکاندا ئەنجامیان دەدەن بەو ئامانجەی کە گوایە ئێمە ڕۆشن بکەنەوە!. بەکورتی ئەم نووسینە لە یەک کاتدا هەڵگری دوو تەوەری جیاوازە. تەوەری یەکەم ڕەخنەیە لە "ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی" بەتایبەتی و هاوتەریبی ئەمەش تەوەری دوەم ڕەخنەیە لە "عەقڵی ڕۆشنبیری" بەگشتی.

## درۆیەکی گەورە/ کۆبانی و ژیانی ڕووت

### یەک: "ژیانی ڕووت"[١]؛ ڕووتکردنەوەی کۆبانی لە ئایدۆلۆژی

یەکێ لە دەستەواژە سەرەکییەکانی بەختیار عەلی لە گوتاری "کوبانی، ناسیۆنالیزم و یۆتۆپیا"دا بریتییە لە زاراوەی "ژیانی ڕووت". دەستەواژەی "ژیانی ڕووت" پێشتر لەلایەن بیرمەندی ئیتالی "ژۆرژ ئاگامبن"[٢] بەکار هاتووە. هەرچەند واتاکەی ئاگامبن لەم چەمکە بۆ ئێمە هیچ شوێن و گرنگییەکی ئەوتۆی لەنێو مژارەکەی مندا نییە، بەڵام هەر وەک ئاماژە دەبێ بڵێم "ژیانی ڕووت" لە مانایەکی گشتیدا بریتییە لە "ژیانێکی خاڵیکراو لە شێواز و مانا و هەمیشە لە بەردەم هەڕەشەدا بەهۆ و بەدەستی یاساکانی دەسەڵات و سیاسەتەوە". بەڵام چۆنکە ڕاوەستەکردن لەسەر گوتارەکانی

---

١ Bare Life

٢ Georgio Agamben

بەختیار عەلی بەشێکی گرنگە لەم نووسینە، پێویستە لە مەبەستی ئەو لە چەمکی "ژیانی ڕووت" ڕاوەستە بکەین و بزانین لە چی واتا و مەبەست و نیازێکدا بەکاری هێناوە. بەختیار عەلی "ژیانی ڕووت" ئاوەها پێناسە دەکات: "ژیانی ڕووت... ژیانە بەر لە ناونانی ئایدۆلۆژی، بەر لە پۆلینکردنی شووناسی سیاسی، بەر لەوەی بوون و مانای بە کۆنتێکستێکی ئایدۆلۆژی دیاریکراوەوە ببەسترێت. ژیانی ڕووت نییە بە مانا ئاگامبنییەکەی کە ژیانی بێ مافە، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە مافی ژیانە بەر لەوەی هیچ هێزێک یان فۆرمێکی کۆمەڵایەتی یان شێوازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی داگیری بکات و پۆلینی بکات و بیبەخشێت و زەوتی بکات"[٣]. بەختیار هەر لەم دێڕەدا کۆدێکی سەرەکی خۆی کە بریتییە لە "ئایدۆلۆژی" دەئاخنێتە نێو دەستەواژەکەی ئاگامبنەوە. بە تێبینی کەسایەتی و ناسنامەی شەرڤانانی کۆبانی هەم وەک ئەوەی کە بەرچاو دەکەون و هەمیش وەک ئەوەی کە خۆیان خۆیان دەناسێنن، پەیڤی "ئایدۆلۆژی" لەپاڵ زاراوەگەلی وەک "هێزی کۆمەڵایەتی" و "شووناسی سیاسی" و "ڕێکخستنی

[٣] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٢٥

کۆمەڵایەتی" و... هتد هەر زوو پێمان دەڵێت کە بەختیار ئەم ئاماژانە بۆ گەڵاڵەکردنی مەبەستێکی دیاریکراو بەکار دێنێ. لانیکەم من خۆم وەک خوێنەرێک سەرەتا کە چاوم بەم دێڕەی بەختیار کەوت و لەنێو وشەکانیشدا یەکسەر مەراقم کەوتە سەر وشەی "ڕێکخستن"، بیرم چووە لای ئەو سایکۆلۆژییەتەی کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و بەتایبەت دەوڵەت و دادگاکانی تورکیا لەکاتی کاوێژکردنی وشەی "ڕێکخستن"دا بە ئاشکرا هەڵگرین. ئەوان بە سەر دەزانن ڕێکاوڕێک باسی کێ دەکەن، کەچی بە زار ناوێرن یان نایانەوێ ناوی بهێنن. بە هەر حاڵ با وردەوردە بچینە پێش و توێکڵەکانی گوتارەکە زیاتر هەڵبدەینەوە، بەشکەم بتوانین بگەین بە کاکڵی قسەکان و زیاتر لە مەبەستی ئەو تێبگەین. کە واتە با لەنێو دێڕەکاندا شوێن "ژیانی ڕووت" بکەوین بەڵکوو لە ناخی ئەم چەمکەدا بڕێک لە مەبەستی نووسەر نزیکتر ببینەوە... . بەختیار لە داناسینی جەنگاوەرانی کۆبانیدا دەڵێت: "جوانییان لەوەدایە بەرگری لە ژیانی ڕووت دەکەن، ژیانێک کە نرخ و مانای دەکەوێتە پێش هەر شووناسێک. واتە

کەسانێکن کە ناکرێن بە سەمبۆلی ئایدۆلۆژی، بەڵکوو سەمبۆلی ستاتیکین بۆ ژیان"[٤]. دیسان لێرەشدا هەمان ئاماژەی پێش خۆی نیشان دەدا و دەبینرێ کە لەلای بەختیار لانیکەم بەشێک لە مانای "ژیانی ڕووت" ڕووتبوونەوەیە لە ئایدۆلۆژیا و بێبەریبوونە لە شووناس. لە جێیەکی تردا و لەو شوێنەی کە دەڵێت: "مەبەست لە ژیانی ڕووت بێدەنگکردنی هەر پۆلینێکی ئایدۆلۆژییە کە مۆرێک لە ئینسانەکان دەدەن و نرخی ژیانیان بە ڕوانین و شووناسەوە دەبەستن"[٥]، ڕاشکاوانە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە ئەو لەم گوتارەدا بنەمای پێناسەی "ژیانی ڕووت"ی لەسەر ڕووتکردنی ژیان لە ئایدۆلۆژیا و شووناس دامەزراندووە. بێگومان جیا لە ئایدۆلۆژیا و ڕێکخست و باڵاتر لەوان بەشێکی هەرە گەورە لە شووناس ناسیۆنالیتەی مرۆڤەکانە. کە واتە دەکرێ گومانی ئەمەش بکەین کە بەختیار دەیەوێ لەڕێگەی "ژیانی ڕووت"ـەوە بەرخوەدێرانی کۆبانی لە ناسیۆنالیتەی خۆشیان دابماڵێ. ئەڵبەتە ئەم گومانە گومانێکی پووچ نییە و لە

---

[٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩

[٥] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٨

هەندێ شوێندا ئاماژەکانی دەردەکەون. بۆ وێنە ئەو دەڵێت: "ژیانی ڕووت گوتاری دژ بە گوتاری مانەوەشە کە ناسیۆنالیزمی کوردی ئیشی پێدەکات"[٦]. ئەمەش یانی "ژیانی ڕووت" بە ڕادەیەکی زۆر خاڵیشە لە ناسیۆنالیزم لە بە بۆچوونی بەختیار عەلی لە هەموو ئاستەکانیدا جۆرێکە لە ئایدۆلۆژیسم. بە هەر حاڵ لەبەر ڕۆشنایی ئەم قسانەی بەختیار دا ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو دەستەواژەی "ژیانی ڕووت" بۆ ڕووتکردنی بەرخوەدان یان لانیکەم بەرخوەدێرانی کۆبانی لە "ئایدۆلۆژی" بەکار دێنێ و دەیەوێ وەها نیشان بدا کە هیچ ڕێکخستن یان ئایدۆلۆژیایەک نییە سەرچاوە یان هاندەر یان ڕێکخەری ئەم بەرخوەدانە بێت و جەنگاوەرانی کۆبانی بە تەواوەتی خاڵین لە ئایدۆلۆژیا و بەکورتی هیچ کەسێ لەوانە ئایدۆلۆژیست نین!. بەختیار قەت بەمەش ڕازی نییە و تەنانەت ئەو بۆچوونە ڕاستبینانەی وەکوو مەریوان وریا قانع ژی کە بەشێک لە ڕاستییەکانی کۆبانی دەبینن و پێیان وایە "ڕەگەکانی کۆبانی لەناو فیکری چەپگەرایی و ناسیۆنالیزم و هەندێک خەونی ئینسانیدایە کە باس لە

[٦] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤

یەکسانی نێوان مرۆڤەکان دەکات"[7]، وەک ئایدۆلۆژییست پێناسە دەکا و دەیانخاتە نێو کۆڕی ئایدۆلۆژیستانەوە بۆ وێنە ئەو سەرەتا بە بانگەشەی "لای هەندێک لەوانەی قسەیان لە کۆبانی کرد پێیان کەم بوو بڵێین کۆبانی بەرگری لە ژیان دەکات"[8]، تەشەر لەم ڕستەیەی مەریوان دەدات کە "کۆبانی بەرگریکردن نییە لە ژیانی ڕووت"[9] و ئمجا بەم گوزارەیە قسەکەی تەواو دەکا: "جۆرە هەڵوێستێکی وەها نە سەیرە، نە چاوەڕواننەکراوە، بەڵکوو تەواو لەگەڵ ئەو نەزمە ئایدۆلۆژییەدا دەگونجێت کە تێڕوانینی ئێمەی بۆ ژیان تێدا شێوەگیر بووە"[10]...

بەڵام بۆ ئەوەی ڕاستییەکانمان بە ڕوونی بۆ دەرکەوێ، پێویستە لە مێژووی خودی کۆبانیدا بۆیان بگەڕێین. با تۆزێکی تر دان بە خودا بگرین و جارێ خۆمان لە گریمانە و

---

[7] مەریوان وریا قانع، گوتاری "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت؟"

[8] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٠٣

[9] مەریوان وریا قانع، گوتاری "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت؟"

[10] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٠٣

**شیمانە دوور بگرین و لەجیاتی ئەمە گەشتێک بەو دیرۆکەدا بکەین کە کۆبانی بڕیویەتی تا بە ئەم ڕۆژە گەیشتووە.**

## دوو: کۆبانی وەک خۆی

**١- تا هەڤدە ساڵ پێش کۆبانی: ساڵی ١٩٧٩ ئاپۆ[١١] تورکیا و باکووری کوردستانی بەرەو شام بەجێهێشت. ڕواڵەتی ئەم کۆچە کە دواتر خودی ئاپۆ بە "کۆچی ئیبراهیم لە ئوورفاوە بەرەو ئوورشەلیم" شوبهاندبووی، لە سەرەتادا زیاتر لە هەر شتێکی دیکە بریتی بوو لە ئامادەکاری دۆزینەوەی شوێنێکی ئەولە بۆ پەروەردەکردنی کادیرانی پەکەکە تا دواتر بەرەو ناوخۆی باکووری کوردستان و تورکیا بەڕێ بکرێنەوە. بەڵام ئاپۆ تەنیا لە کەمپەکانی شام، فەلەستین و بیقاع نەمایەوە و هەر زوو خۆی گەیاندە زۆربەی گوند و شارەکانی ڕۆژاوای کوردستان و پێنگاوێکی دەست پێکرد بە ئاراستەی پەروەردەکردنی خەڵکی ڕۆژاڤای کوردستان. ئەم پێنگاوە بێوچان درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٩٨ کە ئاپۆ لە سووریا**

[١١] Apo(Ebdulla Ocalan)

دەرکەوت. باندۆری "ئاپۆئیزم"[12] لەسەر ڕۆژاڤای کوردستان هەر زوو لە بەشداریکردن و تەڤلیبوونی ژمارەی زۆری کچان و کوڕانی ئەم پارچەیە لەنێو ڕیزەکانی گەریلادا بە ڕۆشنی خۆی نواند. بە جۆرێک کە بە قسەی مەزڵووم کۆبانی ژمارەی شەهیدانی پەکەکە لە ڕۆژاڤا زیاتر لە چوار هەزار کەسە. بەڵام ئەم باندۆرە تەنیا بەم بوارە سنووردار نەبوو و لە ئاستی تەواوی جڤاکیشدا ڕەنگی دایەوە. ئاپۆ بە دەرکەوتنی لە سووریا لە دوای خۆی کۆمەڵگایەکی ئایدۆلۆژیکی لە ڕۆژاڤا بەجێهێشت کە لە هێلکەدانی خۆیدا گەرای شۆڕشێکی هەڵگرتبوو کە مێژوو ناچار بوو ماوەیەک چاوەڕوان بکا تا لە کاتی گونجاوی خۆیدا هێلکەکە بترووکێ و گەراکە هەڵبێ. پێدەچێ بەشێک لە واتای زاراوەکانی "کۆچی ئیبراهیمی" و "تەڤگەری ئیبراهیمی" کە لەلایەن خودی ئاپۆوە بەکار هاتوون ڕەنگدانەوە و گوزارە بێ لە وەرگرتنی ئاپۆ لەلایەن جڤاتی ڕۆژاڤای کوردستانەوە و لە ئەنجامدا لەو سەرکەوتنەی کە ئاپۆئیزم لە پەروەردەکردنی ئەم جڤاتەدا مسۆگەری کردن.

---

[12] "ئاپۆئیزم" لەم نڤیسارەدا هەم بە واتای فەلسەفەی ئاپۆ و هەم وەک ئاماژە بۆ هەموو ڕەهەند و باڵەکانی تەڤگەری ئاپۆیی بەکار دێت.

یەکێ لە بەرهەمە گرنگەکانی ئەم پەروەردەیە کە لە ٢٠٠٣دا دەرکەوت بریتی بوو لە دروستبوونی "پارتی یەکێتی دیمۆکرات(پەیەدە)"[١٣]. دروستبوونی پەیەدە بە هەڵکەوت بوو یان بە پێشبینی، لانیکەم لە هێمادا گوزارەیەک بوو لە ئامادەیی و ئامادەکاری ئەم جڤاتە پەروەردەکراوە بۆ پێشهاتەکانی هەشت ساڵ دواتری دامەزراندنی پەیەدە. ساڵی ٢٠١١ لە درێژە و لەژێر باندۆری بەهاری عەرەبیدا سەرهەڵدانی گەلانی سووریا دژی بەشار ئەسەد دەستی پێکرد. هەمان ساڵ لە ڕۆژاڤای کوردستان "یەپەگە(یەکینەکانی پاراستنی گەل)"[١٤] دامەزرا و بە دامەزراندنی یەپەگە هەنگاو بە هەنگاو ڕۆژاڤای کوردستان و بەشێکی گەورەتری سووریا کەوتە دەست یەپەگە. بەم سەرکەوتنە لانیکەم لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا ئەمە یەکەم جار بوو کە کورد بتوانێ سەرباری ڕزگارکردنی بەشێک لە نیشتمانەکەی خۆی لە داگیرکاری، هاوکات بەشێکیش لە گەل و خاکی نەتەوەی داگیرکەر بخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە. ئەویش نە بە شەڕ و

---

[١٣] Partiya Yekîtiya Demokrat

[١٤] Yekîneyên Parastina Gel

خوێنڕشتن و تاڵانکردن کە بەشێکە لە نەریتی هەزاران ساڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکوو لەسەر بنەما و ئامۆژگاری نەریتێکی نوێ کە بریتی بوو لە فەلسەفەی ئاپۆئیزم کە بۆ یەکەمجار ڕۆژاڤای کوردستانی گەیاندە ئەو پێگەیە. پێگەی کیانێکی "سیاسی، جڤاکی، ئایدۆلۆژی، سەربازی" کە لەنێو ئاڵنگارییەکانی ناوچەکەدا ئیتر وردەوردە دەبوو بە دیفاکتۆیەکی نوێ. ئەم دیفاکتۆیە هەر لە هەنگاوەکانی یەکەمی خۆیەوە ناچار بوو بە ژیانکردنی هێرش و هەڕەشەی جۆراوجۆر کە بە دیاریکراوی لەلایەن چوار بەرەوە ئاراستەی دەکرا. بەرەی یەکەم بریتی بوو لە فاشیزمی دژەکوردی ئەم دەڤەرە لە کەسایەتی دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچەکە و بەتایبەت بە پێشەنگایەتی دەوڵەتانی داگیرکەری تورکیا و ئێران بە ئاشکرا دژی ڕۆژاڤا کەوتە دژایەتیکردن. بەرەی دووەم کە درێژکراوە و تەواوکەری بەرەی یەکەم بوو بریتی بوو لە تێکەڵەی شۆڤینیزمی ئایینی و نەتەوەیی کە لە کەسایەتی هێزە تازە سەرهەڵداوەکانی وەک بەرەی نوسرە، ئەرتەشی ئازاد، پارێزەرانی حەرەم، سوپای فاتمییەکان و... هتد ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتە هەڕەشە و پەلاماردانی ئەم کیانەوە. لایەنی سێیەم بریتی بوو لە ناسیۆنالیزمی

سەرەتایی کوردی کە لەسەر ڕەوتی "بارزانیزم"[15] کە بە دیاریکراوی لە کەسایەتی "ئەنەکەسە(ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لە سووریا)"[16]دا کەوتە دژایەتی و خیانەتکردن بە کیانی تازە پێگەیشتووی ڕۆژاڤا و وەک لە ڕووداوەکانی دواتر و بەتایبەت لە داگیرکردنی عەفریندا بە هاوکاری داگیرکەران و فاشیستەکان گەیشتە لووتکەی خۆی. لایەنی چوارەمیش جیهانی بە ناو ئازاد و دیمۆکراتی وڵاتانی ڕۆژاوایی بوو کە لە ئاست هەموو ئەم هەڕەشانەدا بێدەنگ و تەماشاکەر بوون. ئەمڕۆ لە ساڵی ٢٠٤دا جگە لەم لایەنی چوارەمە کە بە سەرکێشی ئامەریکا لە هاوکاری و هاوپەیمانییەکی نیوە و ناچڵی تاکتیکیدایە لەگەڵ ڕۆژاڤادا، دیوەزمەی دژەکوردی "شەڕهەڵاتی ناوەڕاست"[17] لە کەسایەتی ئەو سێ بەرەکەی

---

[15] بارزانیزم یان ڕێبازی بارزانی ئاماژەیە بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە باشوور بە سەرکردایەتی بنەماڵەی بارزانی و هەموو باڵەکانی تری لە پارچەکانی دیکەی کوردستان

[16] Encumena Nîştimanî ya Kurd li Sûriyê

[17] زاراوەیەک کە من لە هەڵبەستێک بە ناوی "شەڕهەڵات"دا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکارم هێناوە وەک ئاماژەیەک بۆ شەڕانگێزی ئەم دەڤەرە.

دیکەدا هەر وەک خۆی لە ئارادایە و لەحاڵێکدا لە ژوورەوە لە عەفرین و سەرێکانی خەریکی ژینۆسایدێکی هەمەلایەنەی خاک و خەڵکی کوردستانە، لە خوارەوەش بە ڕەنگێکی دیکە و لە بەرگی ئایدۆلۆژییەکی فاشیستی دیکەدا لە دێرەزۆر خۆی مەڵاس داوە بەڵکوو ڕۆژێک دەرفەتی هەمان ئەو ژینۆسایدەی دەست بکەوێ کە لە عەفرین لەلایەن ڕکابەرەکەی دیکەیەوە خەریکە بەڕێوە دەبرێ. بە هەر حاڵ تا پێش ٢٠١٤ ئەوەی کۆبانی ڕزگار کرد و دوای ڕزگاریش کۆبانی بەڕێوە دەبرد بریتی بوو لە ئایدۆلۆژی و تێز و ڕێکخستنی ئاپۆیی. ڕاستییەک کە بەختیار عەلی لەکاتی نووسینی گوتارەکانیدا یان نەیزانیبوو یان بە ئەنقەست چاوی لێ داخستبوو!.

٢- سەرهەڵدانی داعش[١٨] و بەرخوەدانی کۆبانی: هەرچۆنێک بوو لە ڕەوشێکدا کە مێژوو یەکێ لە تاریکترین چاخەکانی خۆی دەژیا، لە بەستێنی ڕووداوەکانی ڕۆژاڤا و لە میانەی یەکێ لە دڕندانەترین جەنگەکانی مرۆڤایەتیدا دیرۆک وردەوردە خەریک بوو بەرەو وەرچەخانێکی مەزن هەنگاوی لەزگینی هەڵدەگرت. لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤دا تاریکپەرستانی داعش وەک

---

[١٨] دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام

کۆکراوەی پاشڤەڕۆیی "ڕەشهەڵاتی ناوین"[19] سەرئەنجام ڕوویان کردە کۆبانی. ئەوان پێشتر لە گرێ سپی و عەین عیسا بەرانبەر بە یەپەگە شکستیان خواردبوو و بۆ تۆڵەکردنەوە پەلاماری کۆبانییان دا. بەڵام ئەم هێرشە نەتەنیا بۆ بە هۆی شکستی داعش خۆی، بەڵکوو بوو بە دەسپێکی هەمان ئەو ساتەوەختی وەرچەرخانە کە مێژوو چاوەڕێی دەکرد. کە بەرگری کۆبانی دەستی پێکرد، تاقە بەرخوەدێری سەرەکی تەڤگەری ئاپۆیی بوو لە کەسایەتی "یەپەگە" و "یەپەژە(یەکینەکانی پاراستنی ژن)"[20]دا. هەروەها جگە لەو پێشمەرگانەی کە لە کۆتا ڕۆژەکاندا لە باشوورەوە بەرەو کۆبانێ ڕەوانە کران، زۆرینەی نزیک لە ڕەهای ئەو کوردانەش کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ بەشداری لە جەنگی کۆبانی ڕۆیشتبوون بێ هیچ گومانێک ئاپۆچی بوون و زم ئەوانی ڕاکێشی ئەم بەرخۆدانە کردبوو. تەنانەت زۆرێک لە شەرڤانە ئینتەرناسیۆنالیستەکانیش بە ئاشکرا لەژێر کاریگەری و

---

[19] زاراوەیەک کە شێرزاد حەسەن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین بەکاری هێناوە وەک ئاماژەیەک بۆ پاشڤەڕۆیی ئەم ناوچەیە.

[20] Yekîneyên Parastina Jin

باندۆری فەلسەفەی ئاپۆئیزمدا هاتبوونە ئەو شارە و بەگشتی ڕۆژاڤای کوردستانەوە. تەواوی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان لە ئاستی جیهانیدا لەپێناو باڵکێشانی ڕای گشتی بۆ سەر بەرخۆەدانی کۆبانی لەلایەن تەڤگەری ئاپۆیی ڕێکخران. پارلەمانتارانی هەدەپە لە باکووری کوردستان بە ئاشکرا کەوتنە پشتیوانی کۆبانی و دژ بە دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا وەستانەوە کە ڕاستەوخۆ پشتیگیری دەدایە داعش لەم شەڕەدا. ئەمە جگە لەو سەدان گەریلایەی پەکەکە کە ڕاستەوخۆ لە دروستکردنی کیانی ڕۆژاڤا و هەروەها دامەزراندنی هێزەکانی یەپەگە و یەپەژەدا ڕۆڵی بنیادنەریان گێڕا تا لەو ڕۆژانەدا ئەوان پێشەنگایەتی بەرخۆەدانی کۆبانی بکەن. بەکورتی ئەو ڕەنگەی کە لە ڕۆژاڤای کوردستان و بەتایبەتی لە کۆبانیدا تۆختر لە هەموو ڕەنگەکانی دیکە بەرچاو کەوت و ئەو دەنگەی کە بڵندتر لە دەنگەکانی دیکە لەوێندەرێ هاواری دەکرد بە پلەی ئیمتیاز دەنگ و ڕەنگی ئاپۆئیزم بوو. بە گوتنێکی دی هێزی سەرەکی و یەکەمی جەنگاوەرانی کۆبانی هەمان ئەو کوردانە بوون کە تەڤگەری ئاپۆیی تا پێش ١٩٩٨ پەروەردەی کردبوون یان ئەو گەنجانە بوون کە ئەو ڕۆژانە لەسەر شۆپی ئەو پەروەردەیە تەڤلی

شۆڕشی ڕۆژاڤا بووبوون. هەر بە ڕاستیش تاکوو ئەم ساتەوەختە لەنێو کورددا نە هیچ کەسێک لە بەرگریکارانی کۆبانی وەک بکەرانی سەرەکی ئەم گۆڕەپانە خۆیان لە دەرەوەی تەڤگەری ئاپۆیی پێناسە کردووە و نەیش هیچ لایەنێکی دەرەوەی ئەم تەڤگەرە خۆی بە خاوەنی بەرخوەدانی کۆبانی زانیوە. با دوو ڕاستی دیکەشمان بیر نەچێتەوە. یەکەم، وەک هەموو خەڵکێکی دیکەی مەدەنی کە لە هەموو شەڕێکدا لەبەر بێدەسەڵاتی ناچار دەبن گۆڕەپانی شەڕ بەجێبێڵن، خەڵکی کۆبانیش بە سەد هەزاران کەس کۆبانێیان چۆڵ کرد و زۆربەی هەرە زۆریان بەرەو باکووری کوردستان ئەوێیان جێهێشت. دووم، هۆکار و ئامانجەکانی شاندنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن باشووری کوردستانەوە بۆ پشتگیری شەرڤانان هەرچییەک بێ، هیچکەس ناتوانێ لە کاریگەری ئەم بڕیار و هەنگاوە بە ئاراستەی بەرزکردنەوەی یەکریزی نەتەوەیی و تاودانی هەستی ناسیۆنالیستی لەنێو کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو قۆناخەدا چاوپۆشی بکا. بە هەر حاڵ دواجار ئاپۆچییەکان دوای ١٣٣ ڕۆژ بەرگری سەرئەنجام لە ٢٦/١/٢٠١٥دا بە سەرکێشی و پێشەنگی شەرڤانانی ژن توانییان شکست بە داعش بهێنن. ئەفسانەی

کۆبانی بوو بە دەروازەی شکستەکانی دەوڵەتی داعش لە تەواوی ناوچەکەدا...

٣- ڕاستییەکانی دوای سەرکەوتنی کۆبانی: سەرەنجام دوای بەرخوەدانێکی بێوێنەی مێژوویی، لە ڕێکەوتی ٢٩/١/٢٠١٥ بە فەرمی کۆتاییهاتنی شەڕی کۆبانی ڕاگەیێنرا. لەم لێدوانەدا ئاماری شەهیدانی ئەم بەرخوەدانە بریتی بوون لە: یەپەگە، ٤٠٨ کەس ـ سوار ئەلڕەقا، ١٣کەس ـ پێشمەرگە، ١کەس ـ چەپگرانی تورک، ٢ کەس ـ شەمس ئەلشیمال، ٢ کەس. بەپێی ئەم ئامارە زیاتر لە ٩٨%ی شەهیدانی کۆبانی یەپەگەیی بوون و کێیە کە نەزانێ "لە کەم کەم دەکوژرێ و لە فرە فرە". کە واتە ئەوانەی لە کۆبانی شەڕیان دەکرد، لانیکەم ٩٨%یان ئاپۆیی بوون و سەر بە ئایدۆلۆژیا و ڕێکخستن و تەڤگەری ئاپۆیی بوون. بە واتایەکی دی ئەوانە نە خەریکی شەڕکردن بوون لەپێناو "ژیانی ڕووت"دا و نە ژی خەریکی ژیانکردنی "ژیانی ڕووت" بوون بەو مانایەی کە بەختیار عەلی دایتاشیبوو، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەموویان پڕ بوون لە ئایدۆلۆژی، وەفادار بوون بە ڕێکخستن و تۆخ گرێدراو بوون بە فۆرمێکی دیاریکراو کە ئەویش "ئاپۆئیزم"ـە. دواجار چی

لەمە ڕوونتر کە جەنگاوەرانی کۆبانی بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە پێش و پاش کۆبانیش لە شەنگال، منبج، ڕەقا، تەبقا، مەخموور و... هتد بە دروشم، بە ئایدۆلۆژی، بە ناو، بە ئاڵا، بە ئەدەبیات و بە خودی خۆشیانەوە هاواریان دەکرد و ئێستاکەش هاوار دەکەن "ئێمە ئاپۆیین".

### سێ: ئەنجام

با جارێی تر پێدا بچینەوە کە لە بەردەم چۆن دۆخێکدا وەستاوین. لە میانەی شۆڕشێکدا شەرڤانانی کورد کە بە دەموچاو، بە هزر و فەلسەفە، بە هەڵسوکەوت، بە زمانی سەری خۆیان و بە دەنگی بەرز دەڵێن بەشێکن لە ڕەوتی ئاپۆیی، کۆنترۆڵی ڕۆژاڤا دەگرنە دەست. پاش کەمێک کۆبانی وەک بەشێک لەم هەرێمە ڕزگارکراوە دەکەوێتە بەر پەلاماری داعش، ئەم شەڕڤانانە دەکەونە بەرخوەدان. لە گەرمەی بەرخوەدان کابرایەک دێت و دەنووسێ ئەمانە ڕووتن لە هەرجۆرە ئایدۆلۆژیایەک و دەیەوێ بە زۆری زۆرداری خۆی لەبەر چاوی خوێنەرانی خۆی ئەوان لە هەر ڕێخستنێک جیا بکاتەوە. ئەمە تەواوی داستانەکە نییە. ئەو تەنانەت بەر

بەو چاوە ڕاستبینانەش دەگرێ کە دەبینن "ڕەگەکانی کۆبانی لەناو فیکری چەپگەرایی و ناسیۆنالیزم و هەندێ خەونی ئینسانیدایە کە باس لە یەکسانی مرۆڤەکان دەکات. کۆبانی شارێک نییە لە دەرەوەی مێژوودا، لە دەرەوەی زمان و وێنە و گوتارەکاندا، لە قۆناخی بەر لە دروستبوونی سیاسەتدا. کۆبانی بەرهەمی کارێکی زۆر و بەردەوام و هۆشیارانەی کۆمەڵێک خەڵکە کە نەک تەنها خەونی یۆتۆپیایان هەیە، بەڵکوو خەریکی دروستکردنی یۆتۆپیا خۆشین"[٢١]. زیاتر لەمەش، ئەو بە گوزارەی وەک "ئەوان بەرگری لە ژیانێک دەکەن کە نرخ و مانای دەکەوێتە پێش هەر شووناسێکەوە، واتە کەسانێکن کە ناکرێن بە سەمبۆلی ئایدۆلۆژی، بەڵکوو سەمبۆلی ستاتیکین بۆ ژیان"[٢٢]، خۆڵ لە چاوی خەڵکی دەکا تا ئەم قسە ڕاستانە نەبینن. بەختیار عەلی بە بەرجەستەکردنی کۆبانی وەک گراڤێکی دابڕاو لە جەستەی ڕۆژاڤا و هەروەها بە جیاکردنەوەی ڕووداوەکەی ئەوێ لە ئاڵنگارییە گشتییەکەی ڕۆژاڤا دەیەوێ نکۆڵی لەم ڕاستییە بکا کە "ئەوەی لە

---

[٢١] مەریوان وریا قانع، گوتاری "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت؟"

[٢٢] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ١٩٩

کوبانیدا ڕویدا و ڕوده‌دات... په‌یوه‌ندی به‌و په‌روه‌رده‌کردنه یۆتۆپییه‌وه هه‌یه که په‌که‌که و په‌یه‌ده ئه‌ندامه‌کانی خۆیانیان پێ په‌روه‌رده کردووه"[٢٣]. به مانایه‌کی دیکه ئه‌و له لۆکالێزه‌کردن و "به گراف کردن"ی کۆبانیدا و هه‌روه‌ها به ڕووتکردنی کۆبانی له ئایدۆلۆژیا له‌ڕێی زاراوه‌ی "ژیانی ڕووت"ـه‌وه ته‌واوی هێزی خۆی ده‌خاته گه‌ڕ تا نکۆڵی له "ئاپۆییبون"ی به‌رخوه‌دانی ئه‌م شاره بکا و بڵێ نا ئه‌مانه بوونه‌وه‌رانێکی دیکه‌ن. ئه‌م کرده‌یه‌ش ڕێکاوڕێک واته "درۆکردن" به مانای گوتنی ناراستییه‌کان یان نه‌گوتنی ڕاستییه‌کان به ئه‌نقه‌ست!. ئه‌ویش نه درۆیه‌کی ئاسایی، به‌ڵکوو درۆیه‌کی زۆره‌ملێی وه‌ک ئه‌مه‌ی که کابرایه‌ک به ڕواڵه‌ت، به جلوبه‌رگ، به نه‌ریت، به ناسنامه و به زمانی سه‌ری خۆی بڵێ "من کوردم" و به‌ڵام تورکێ بێژێ نا، "تۆ تورکیت"، یان بڵێ من خه‌ڵکی کوردستانم و که‌چی فارسێ بێژێ نا، "تۆ ئێرانیت"!...

درۆکردن یه‌کێکه له نه‌ریته هه‌ره نارێکه‌کانی جیهانی ڕۆشنبیران. ئێمه به زۆری وه‌ها گۆش کراوین که ڕۆشبیران

---

[٢٣] مه‌ریوان وریا قانع ، گوتاری "کۆبانی و سیسته‌م و کاپیتالیزم"

بەردەوام بێن و بە گوێ و چاو و مێشکماندا بخوێنن کە ئایدۆلۆژییەکان درۆن، ئایدۆلۆژیستەکان درۆزنن، سیاسییەکان درۆمان لەگەڵ دەکەن، سەرکردەکان گۆڵمان دەدن، دەوڵەتان دەمانخەڵەتێنن، سیستەمەکان دەمانخافڵێنن و... هتد. هەر بۆیە زۆربەی ڕۆشنبیران لە سایکۆلۆژییەتی ئێمەدا بە جۆرێ دەبنە خاوەن حەسانەوەیەکی ئەخلاقی و فەرهەنگی کە بیرمان دەچێ کە ڕۆشنبیران خۆیانیش دەتوانن درۆ بکەن و ئەوەی ڕاستی بێ لە سایەی ئەم سایکۆلۆژییەتەی ئێمەدا گەلێ جاران هەر درۆشمان لەگەڵ دەکەن. ساتەوەختی نووسینی گوتارەکانی بەختیار عەلی یەکێ لە نموونەکانی ئەو ساتانەیە کە ڕۆشنبیر دەتوانێ بە زەقی درۆ بکا. لەڕاستیدا نەگێڕانەوە، شاردنەوە و نکۆڵێکردنی بە ئەنقەستی هەندێ لایەنی بوویەرێک کە هێشتا زیندووە و تەپوتۆزی مێژووی لەسەر نەنیشتووە، دەکەوێتە دەرەوەی لێکدانەوە و بۆچوون و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ویژدانەوە هەیە و ئەم شێوازە لە چاوبەستن بە ڕاستییە زیندووەکان ناویژدانیترین دۆخێکە ڕۆشنبیرێک بتوانێ بژی و مخابن بەختیار عەلی لێرەدا بە تۆخیش ژیانی دەکا!.

بەکورتی لەبەر ڕۆشنایی ئەم شیکاری و قسانەی کە سەبارەت و لە دەوری چەمکی "ژیانی ڕووت" پێشکەشم کرد دەمەوێ بڵێم: ئەگەر نەڵێین هەموو جارێ، گەلێ هەر ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لەقاوی درۆی خەڵکانی دیکە دەدەن، خودی خۆیانیش لەگەڵ خوێنەران و دواجار گۆمەڵگادا درۆ دەکەن. لێرەدا مەبەستم لە خوێندن کردەی خوێندنی پەتی نییە هەر بە تەنیا، بەڵکوو مەبەستم هەرجۆرە بەدواداچوون و شۆپاندنێکی ڕۆشنبیرە لەلایەن بەردەنگەوە. بە هەر حاڵ ئەم درۆکردنە کە وەک یەکەم نارێکی ڕۆشنبیری لەم نڤیسارەدا باسی دەکەم، بە هەر هۆکار و پاساو و نیازێک بێ، زیانمەندی یەکەمی پێش هەرکەسێ خوێنەر و دواجاریش لە کەسایەتی ئەودا کۆی کۆمەڵگایە.  هەر بۆیە هەرکات بەرانبەر بە ڕۆشنبیرێک دەوەستین و گوێی لێدەگرین و دەیخوێنینەوە، پێویستە ئەم ئەگەرە کراوەیە لە بەرچاو بکرین کە بەلێ دەکرێ ئەمەش درۆمان لەگەڵ بکا و بمانخەڵەتێنێ، کە واتە با ئاگامان لە خۆمان بێ... . ئەڵبەتە ئەم درۆ گەورەیەی "داشۆرینی شەرڤانانی کۆبانی لە ئایدۆلۆژی"  کە بەختیار دەیکا بێ هۆکار نییە و مەبەستێکی گرنگگتری لەپشتە و وەک لە بەشی داهاتوودا باسی دەکەم لەڕاستیدا شۆردنەوەی

**کۆبانی لە ئایدۆلۆژی پەنجەرەیەکە بۆ شۆردنەوەی ئەم ڕووداوە لە ناسیۆنالیزمی کوردی.**

## ناسیۆنالیست وەک ئایدۆلۆژیست

لێرەدا با بزانین ئەم "ئایدۆلۆژیست بوون"ـە چییە کە بەختیار تۆخ و سفتوسۆڵ نرخی کۆبانی دەبەستێ بە نەبوونەکەیەوە و پێداگرە لەسەر ئەمەی کە شەڕڤانانی کۆبانی لە دەرەوەی ئەودا بهێڵێتەوە و پێی وایە "گەر جەنگاوەری کوبانی وەک جەنگاوەری داعش ببێتە نوێنەری ئایدۆلۆژیا و ئەفسانە و مەزهەبێکی دیاریکراو، گەر تەفتیشی عەقیدە مەرجی جەنگاوەربوون بێت، لێرەدا بڕی هەرە زۆری نرخ و بەها ڕەمزییەکەی کۆبانی دەدۆڕێت و لەدەست دەچێت"[1]. کە واتە با لەم بەشەدا بە دوای چەمکی "ئایدۆلۆژیست" لەنێو هزری بەختیار عەلی دا بگەڕێین و بەشێک لە پێناسەی

[1] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٢٨

"ئایدۆلۆژیست" لە زمانی خۆیەوە بدۆزینەوە بەشکەم بزانین مەبەستی ئەو لە بوونەوەری "ئایدۆلۆژیست" کێیە؟...

هەرکەس بەختیار عەلی پێش گوتارەکانی سەبارەت بە کۆبانی خوێندبێتەوە، بە ڕۆشنی بۆی دەردەکەوێ کە ئەو پێشتر زاراوەی "ئایدۆلۆژیست"ی لە خراپترین، ناڕاستترین و بەتایبەت بۆ کورد لە کوشندەترین و زیانبارترین ماناکانیدا بەکار هێناوە. ئەو لە سەرانسەری کتێبی "ئایدۆلۆژیست"دا بەبێ ئەوەی پێناسەیەکی تێروپڕی لێ بکا، بە دوور و درێژی پەیکەرێکی نەشیاو لە "ئایدۆلۆژیست" دائەتاشێ و وێنەیەکی لۆمەی لێ دەکێشێ و ئەوسا لە گشتاندنێکی بێوێنەدا کە نیشانەیەکی گەورەیە لە "نازانستیبوون"، هەموو "ناسیۆنالیست"ێکی کورد دەخاتە نێو بازنەی ئەو تارماییەی کە بێ هیچ پێناسەکردنێکی ڕێکاوڕێک و تێروپڕ ناوی ناوە "ئایدۆلۆژیست" تا بە تەواوەتی ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەموو ڕەنگەکانیدا لە نرخ و بەها ڕووت بکاتەوە. لە دیدی ئەودا هەر کوردێک کە بچووکترین هەستپێکردنی بە داگیربوونی وڵاتەکەی خۆی هەبێ و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم داگیرکارییەدا دەست درێژ بکا بۆ فەلسەفە، پارت،

ڕۆشنبیر، کتێب، ئایدۆلۆژیا یان هەر شتێکی دیکە، ئەوە دەبێتە ئەو "ئایدۆلۆژیست"ـە کە پەیکەرێکە لە ناڕێکی. ئەو لەم گشتاندنەدا دەم لە هیچ کەسێکیش ناپارێزێ و هەر لە سیاسییەکانەوە بگرە تا شۆڕشڤانان، ڕۆشنبیران، شاعیران و بەگشتی زۆرینەی نزیک لە ڕەهای نیشتمانپەروەران، هەموویان دەخاتە قاڵب و چوارچێوەی ئەو بوونەوەرە ناڕێکەی کە ناوی ناوە "ئایدۆلۆژیست".

بۆ ئەوەی ڕوونتر بزانین مەبەستی بەختیار لە "ئایدۆلۆژیست" کێیە با سەرێک بکێشینە کتێبەکەی خۆی کە هەر بەم ناوە و چەند نموونەیەک لە قسەکانی خۆی سەبارەت بە چەمک و بوونەوەری "ئایدۆلۆژیست" بە ئاماژە بێنینەوە بەڵکوو لە دەرەوەی شیمانە و وەک خۆی لە مانا و مەبەستی ئەو لەم زاراوەیە نزیک ببینەوە. وەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا بەختیار لەم کتێبەیدا لەسەر هەمان نەریتی فڕێدانی زاراوەکان بەبێ پێناسەی تێروپڕ، بێ ئەوەی هیچ واتایەکی گشتگیر و تایبەت لە "ئایدۆلۆژیست" بدا بە دەستەوە، وەک بوونەوەرێک وێنای دەکا لێوانلێو لە ناڕێکی. ئەو لەجیاتی ئەمەی کە پێناسەیەکی تێروتەسەل و دیاریکراو لە چەمکی

"ئایدۆلۆژی" و لە دۆخی "ئایدۆلۆژیکبوون" بدا پێمان تاکوو ئێمەش لەڕێگەی ئەوانەوە پێناسەیەک بۆ "ئایدۆلۆژیست" بدۆزینەوە، بە درێژایی کتێبەکەی تەنیا لەڕێی شرۆڤە و شیمانەی کردارەکانەوە وێنەیەکی وەهماوی لەم بوونەوەرە دەکێشێ و دەیخاتە بەرچاومان. ئەو سەرەتا لەڕێی میناکێکی ڕاسکانییەوە ئایدۆلۆژی بە دۆخی "کوێرایی داهاتن"[٢] دەشوبهێنێ و دواتر وەک "جۆش و خرۆشی نابیناکان لەسەر ڕەنگەکان"، یان "دۆخی جەنگکردن لەسەر شتە نەزانراوەکان"، یان "تێنەگەیشتن" و هەروەها "خۆ فریودان"[٣] دەیناسێنێ. هەروەها بە "دۆخی هۆشیاری ساختە" و وەک "ئەنجامدانی هۆشیارانەی پرۆسەیەک بە هۆشیارییەکی هەڵەوە"[٤] وێنای دەکا تا بەم دەستەواژانە زۆرینەی ڕووبەری گشتی گۆمەڵگای کوردی بخاتە نێو ئەم قاڵبەی کە دروستی کردووە و دواى ئەمەش دەچێتە سەر چینی سەرەوەی کۆمەڵگا و تێکڕای ئەوانیش دەکا بە ئایدۆلۆژیست. ئەو لە داناسینی

---

[٢] بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست، ل ٧

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ل ٨

[٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠

**ئەمەی  کە "ئایدۆلۆژیست کێیە" دوای ئەمەی وەک بوونەوەرێکی  "وەهمپەروەر"[٥] دەیناسێنێ، بەم شێوازەش پێناسەی بۆ دەکا: "ئیشیان ئەوەیە ئەفیۆن دروست بکەن تا یەکێتی و ئارامی فەردەکان و کۆمەڵگاکان ڕابگرن. ئەم توێژە ئەو توێژەیە کە ئەفیۆنەکان دروست دەکات. ئەفیۆنی ناسیۆنالیزم، ئەفیۆنی سۆسیالیزمێک پتر بۆنی ئەفسانە و خورافەتی لێ دێت تا پرۆژەیەکی واقعی. ئەفیۆنی ئایدۆلۆژیای دینی، ئەفیۆنی خوڵقاندنی هێزی ناواقعی، ترسی ناواقعی، سەرکەوتنی درۆ، ڕووداوی مێژوویی ساختە، ئاڵتەرناتیڤی خافڵێن و بەهەڵەبەر و... هتد. ئیشی ئەم توێژە بە پێچەوانەی ئیشی فەیلەسووفان، زانایان و مەعریفەدارانی سەردەمی ڕۆشنگەری دروستکردنی گومان و قووڵکردنەوەی پرسیار و گەورەکردنی ڕووبەری دوودڵی نییە. زادە و خوڵقاوی ساتێکن تێیدا خودی کۆمەڵگا و پاشەڕۆژ بوون بە دوو ڕووبەری تاریک. ئیشی ئەم توێژە تازەیە ئەمەیە نەهێڵێت گومانەکان گەورەتر بن، نەهێڵێت پرسیارەکان دوورتر بڕۆن، نەهێڵێت دوودڵی مرۆڤەکان و**

---

**[٥] سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩**

کۆمەڵگاکان قووڵتر ببنەوە. ئەمە ئەو توێژەیە کە وەزیفەی ئەوەیە نەهێڵێت ڕووی ڕاستەقینەی واقع دەربکەوێت. ئەو توێژەیە لەژێر ناوی ڕۆشنفیکر، ڕۆشنبیر، منەوەر، زانا، خوێندەوار، مامۆستا و... چەندین ناوی جیاوازدا یەک بوونەوەری تر دەشارێتەوە کە ئایدۆلۆژیستە"[٦]. بەم پێیە تەواوی چینی خوێندەوارانی کورد دەکەونە قاڵبی ئایدۆلۆژیستەوە. ئەو تەنانەت میناکیش دێنێتەوە، کاتێ دوابەدوای دێڕەشێعری "لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە ـ هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە" لە ئەحمەد موختار جاف، یەکسەر حوکم بە ئایدۆلۆژیکبوونی ئەم ئامۆژگارییە دەدا و دەڵێت: "هیچ فەرمانێکی ئایدۆلۆژیکی نییە هێندە ڕووت بدوێت... شێوازی ئەحمەد موختار لێرەدا شێوازی فەرمان و هەڕەشەیە... لە کۆی شێعرەکەدا ئەحمەد موختار زۆر پێ لەسەر عیلم دادەگرێت کە هیچ نییە جگە لە وشەیەکی مەجازی و میتافۆرمیک بۆ ئایدۆلۆژیا... ڕوونە کە وشەی عیلم هیچ نییە جگە لە ماسکێک بۆ ئایدۆلۆژیا کە دەبێت بێت و کورد

---

[٦] سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩

ببەستێتەوە بە خاکی خۆیەوە"[٧]. بەپێی ئەو وێنا نارێکەی کە کتێبەکەی بەختیار لە ئایدۆلۆژیست دروستی کردووە. واتای ئەم داوەریکردنەی ئەو لە پەیامەکەی ئەحمەد موختار لێرەدا بە ڕوونی ئەمەیە کە هەر جۆرە هاندانێکی مرۆڤی کورد بە ئاراستەی کوردبوون و گرێدان بە خاکی کوردەوە لەلایەن ناسیۆنالیزمی سەدەی بیستەمی کوردەوە لە زاری ڕۆشنبیری کوردەوە کردەیەکی ئایدۆلۆژیکە و لە ئەنجامدا کارێکی نارێکە!. بەختیار لە درێژەدا بێ ناوبەر دەچێتە سەر تێهەڵکێشێکی موفتی پێنجوێنی لەسەر هەمان شێعری ئەحمەد موختار و بە هێنانەوەی بەشێک لەویش کە بە دێڕی "دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە ـ لە سایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە" کۆتایی دێت، ئاوەها شرۆڤەی بۆ دەکا: "ئەوەی لێرەدا قسە دەکات ئایدۆلۆژیستە کە بۆ ئەوەی مۆرکێکی قەبوولکراو بداتە خۆی، بە بڕوایەکی قووڵەوە باس لە زانست دەکات"[٨]. لێرە بە شێوازێکی پێکەنیناوی و گاڵتەئامێز لەلای بەختیار عەلی بچووکترین

---

[٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠

[٨] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١

بانگەوازێک بۆ زانست لەپێناو نەتەوە و نیشتمان دەبێتە نارێکییەک بە ناوی ئایدۆلۆژی و ئەوەش کە بانگەوازی بۆ دەکات دەبێتە ئایدۆلۆژیست!. تەنانەت هەر جۆرە بانگەوازێکی ئەخلاقی وەکوو ""ڕۆڵە خائین بیت بە ئاو و خاکت ـ دەک ئەجەل بگرێ دامێن و چاکت" کە قانع لە زاری دایکێکەوە دەیڵێت، لەلای بەختیار ئایدۆلۆژییە و ناپەسندە. ئەو پێش و پاشی دێڕەشێعرەکە ئەم بانگەوازە ئەخلاقییە پەتییە بە دەستەواژەگەلی "فەرمانی ئایدۆلۆژی" و "حوکمی دڵڕەقانە" دەداتە نیشاندان و شاعیرەکەشی وەک "ئایدۆڵۆژیستێکی دڵڕەق و دۆگمایی"[٩] دەداتە ناساندن. بەختیار لە شرۆڤەی دێڕەکەی ئەحمەد موختار دا کە دەڵێت "کوانێ خەڵقینە لە کوێن فیرقەی منەوەر تینەتان ـ چۆنکە ئەو فیرقە دەزانن دەرد و ئازاری وەتەن"، تەنانەت لەمە خراپتریش دەکا و لە بۆچوونێکی زۆر سەیر و بەڕاستی گەمژانەدا کە قەت لە ڕۆشنبیرێک ناوەشێتەوە، تەنانەت هانابردن و داواکردن و بانگەوازکردنی ڕۆشنبیران بۆ دۆزینەوەی بیمارییەکانی جڤاک و نیشتمان وەک "هەوڵێک بۆ

---

[٩] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧

گۆڕینی ئایدۆلۆژیا بۆ ئەرکی سەرەکی هەموو ڕۆشنبیرێک" پێناسە دەکا[١٠]. ئەمە یانی تەنانەت بیرکردنەوە لە نەخۆشییەکان و هەوڵدان بۆ چارەکردنیان ئایدۆلۆژییە. کارێک هەر لە بنەڕەتەوە کارکرد و ئەرکی پیشەیی ڕۆشنبیرە...

لە کۆتاییدا و دوای شێر و ڕێوی هێنانەوەیەکی زۆر و سووڕانەوە لە بازنەیەکی زاراوەبازیدا، وەک ئەوەی چیتر تاقەتی نەمابێ لەژێر ناوی ساختەی "ئایدۆلۆژیست"دا درێژە بە لۆمەکردنی "ناسیۆنالیستی کورد" بدا، بەختیار ئیتر خۆی ئاشکرا دەکا و بە ڕۆشنی نیشانی دەدا کە مەبەستی ئەو لە بوونەوەری "ئایدۆلۆژیست" ئەگەر ڕێکاوڕێک بریتی نەبێ لە "ناسیۆنالیستی کورد"، بە ڕادەیەکی زۆر بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو بەکاری دێنێ. کاتێک کە دەڵێت: "کێ لە مەترسیدایە؟، کورد. کێ ڕابوردوویەکی بە شکۆی هەیە؟، کورد. دەبێت بۆچی خەبات بکەین؟، کورد. چی وامان لێدەکات سەربەرز بین؟، کورد. کێ وامان لێدەکات سەرشۆڕ بین؟، کورد. چی دەمانکات بە مرۆڤی باش و نیشتیمانپەروەر؟، خزمەتی کورد. بۆ ناتوانین ببین بە هیچ؟، دواکەوتوویی کورد. دەبێت دەست لە چی

---

[١٠] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩

بەرنەدەین؟، کورد. دەبێت لە داخی چی سەری خۆمان هەڵبگرین؟، کورد... ڕوون و ئاشکرا دەبینین کە ئێمەش دەچینە دۆخێکەوە هەموو شتەکان دەمانباتەوە بۆ لای یەک شائاماژ، کورد. ئەگەر یەکێک هەبێت تا ئێستا لە مانای ئایدۆلۆژیا تێنەگەشتبێت، ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەبێت شتەکان لە بەرچاوی ڕوون ببنەوە"[11]. ئا ئەمە ئەو شاخاڵەیە کە بەختیار عەلی بە داکوتانی، مەبەستی خۆی لە "ئایدۆلۆژیست" بە یەکجاری دیاری دەکات. واتای ئەم قسانەی بەختیار عەلی بە ئاشکرا ئەمەیە کە ئەو کوردەی وەک هەر کەسێکی ئاسایی ئەم سەرزەمینە مشووری نیشتمانی خۆی بخوات، وەک هەر کەسێکی ستەملێکراو لە ستەمی داگیرکاری وەڕەز ببێ و بزانێ کە چارەی ئەم دەردەی لە نیشتمانپەروەریدایە، وەک هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی ئەم گەردوونە دواکەوتوویی نەتەوەکەی نیگەرانی بکات و لەپێناو وڵاتەکەی خۆیدا خەبات بکات، وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی شکۆ شکێنراو شانازی بە دیرۆکی خۆیەوە بکات بۆ ئەوەی نەچەمێتەوە، بەدەم کۆچی هەندەرانەوە ئاگادار بێ

[11] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣

کە بەهۆی کوردبوونەوە ڕاوی دەنێن، بزانێ کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاسیمیلاسیۆن دەبێ دەست لە کوردبوونی خۆی بەرندا و... هتد، ئەوە ئەو کوردە "ئایدۆلۆژیستێکی عەیار بیست و چوار"ە. کورت و کورمانجی نیاز و ئامانجی سەرەکی ئەم قسانەی بەختیار عەلی بریتییە لە: "بە ئایدۆلۆژیست کردنی ناسیۆنالیستی کورد و بێزرخکردنی ئەم ئایدۆلۆژیستە". بەکورتی ئەگەر بمانەوێ لە دیدی بەختیارەوە و لە جیهانی بەختیاردا بە دوای "ئایدۆلۆژیست"دا بگەڕێین، دەتوانین بڵێین هەموو جۆرە ناسیۆنالیزمێک و هەر جۆرە گرێدراوییەک بە نەتەوە و نیشتمان لەلایەن مرۆڤی کوردەوە بە تەواوەتی دەکەوێتە نێو چوارچێوە و بازنەی ئەو "ئایدۆلۆژیسم"ەی کە ئەو وەک "بە هیچ زانینی ژیان و بە پیرۆز کردنی ئایدیا و فیکر و ئاراستە سیاسییەکان"[12] پێناسە یان دروستتر بڵێین وێنای دەکا. ئەمە لەحاڵێکدایە کە تەنانەت زۆرێک لەوانەی کە دەکەونە بازنەی ئەم جیهانە "بەختیاری"یەوە هەمان ئەو کەسانەن کە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو هەمیشە ئایدۆلۆژیایان وەک

[12] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٠٣

کەرستەیەک لەپێناو ژیاندا و بە دیاریکراوی لەپێناو کورد و کوردستاندا بەکار هێناوە و ئەڵبەتە ئەمەی کە ئەوان چەندە هەڵە بوون و چەندە ڕاست مژارێکی دیکەیە. لەم ڕوویەوە ئایدۆلۆژیا چەندە زیانی بە کورد گەیاندبێ و یەکێک بووبێ لە هێماکانی نەگبەتی کورد، بە دیوەکەی تریدا هەمیشە وەک هاندەرێکی بزاڤی دژەداگیربوون و دژەستەمکاری لەنێو کورددا ئامادە بووە و هەر بۆیەش بە درێژایی مێژووی خۆی بە هەمان ڕادەی نەگبەتییەکانی هێمایەکی پیرۆزیش بووە بۆکورد[13] و زۆرێک لە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینە و هەرە مەزنەکانی کورد لە ئایدۆلۆژیستە گەورەکان بوونە و بە پێچەوانەشەوە. ئەڵبەتە پڕ ئاشکراشە کە زۆرێک لەوانە ئایدۆلۆژیایان بە لاوە گرنگتر و پیرۆتر نەبوو لە ژیان. بۆ وێنە یەکێ لەو هێمایانەی کە لە جیهانی بەختیار عەلی دا دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئایدۆلۆژیستە کاریکاتۆرییەی کە ئەو وێنای دەکا "شیخ عیزەدین حوسەینی"یە کە لە لووتکەی ئیسلامگەراییدا ڕووی کردە کۆمۆنیزم و مارکسیزم تا بیسەلمێنێ ئایدۆلۆژیا هیچ نییە جگە لە کەرستەیەک لەپێناو نرخەکانی ژیاندا. ناسناوی

---

[13] ژیرۆ زاگرۆس، هێماکانی پیرۆزی و نەگبەتی، ل ٥٨

"مەلای سوور" بۆ خۆی گوزارەیەکی گەورەیە لە تێڕوانینی ئەم پیاوە هەم بۆ ئایدۆلۆژیا و هەم بۆ ژیان. نموونەی دووەم "عەبدولڕەحمان قاسملوو"یە کە لەو پەڕی مارکسییەت و توودەیی بوونەوە وەرگەڕایەوە و تەنها لەپێناو بەنرخکردنی ژیانی گەلەکەیدا ـ بێگومان بە بۆچوونی خۆی ـ وردەوردە بوو بە کاریزمایەکی سۆسیال دیمۆکرات لانیکەم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا. هێمای هەرە گەورە و دوایی "ئاپۆ"یە کە بەختیار بەبێ بەراوردکردنی بارودۆخی جڤاکی کوردی پێش و پاش دەرکەوتنی ئەم کەسایەتییە تەواوی تێکۆشانی کرداری و هزری و بەگشتی باندۆرە ئەرێنییەکانی لەسەر ئەم جڤاکە تەنیا بە نمایشێکی پێشکەشکراو بە کوردانی باکوور دەزانێ کە گوایە "ئەو وەهمەیان پێ دەدات کە ئەوەتا بەرەو ئاسۆ گەورەکانی ڕزگاری دەڕۆین"[١٤]. گۆڕانە هزری و فەلسەفییەکانی جیهانبینی ئاپۆ لە سی چل ساڵی ڕابردوودا گەورەترین بەڵگەن کە دەیسەلمێنن لەلای ئاپۆ ئایدۆلۆژیا چەندە گرنگە، دەیان جار زیاتر لەوە بەرانبەر بە ژیان بێنرخ و بێبەهایە. ئەمانە هەمووی جگە لەو شۆڕشگێڕانەی کە تەنیا

---

[١٤] بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست، ل٧٢

و تەنیا لەبەر ناکۆکی هزری پارتەکانی خۆیان بەجێهێشتووە بەرەو ناو ڕیزی پارتێکی تر یان بەرەو جیابوونەوەی یەکجارەکی. کورت و کورمانجی، لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی بەختیار عەلی دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامەی کە لە جیهانی بەختیار دا "ئایدۆلۆژیست" ئەگەر سەداسەد یەکسانیش نەبێ بە "ناسیۆنالیست"، بێ هیچ گومانێک ناسیۆنالیزم بەشێکە لە ئایدۆلۆژیسم و ناسیۆنالیست بوونەوەرێکی سەداسەد ئایدۆلۆژیستە. بە زانینی ئەم ڕاستییە ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر "ژیانی ڕووت" وەک یەکێ لە شاچەمکەکانی بەختیار لە وتارەکانیدا، دەتوانین قسەکانمان وەها کورت بکەینەوە: کۆبانییەکان ژیانی ڕووت دەپارێزن. ژیانی ڕووتیش واتە ژیانی خاڵی لە ئایدۆلۆژی. کە واتە کۆبانییەکان "ئایدۆلۆژیست" نین. لەم لاشەوە کۆمەڵەی ناسیۆنالسیتەکان ژێرکۆمەڵەی ئایدۆلۆژیستەکانە. کە واتە کۆبانییەکان ناسیۆنالیست نین و "کۆبانی ناسیۆنالیزم نییە"!!.

دوا سەرنجەکان کە ئەم بەشەی پێ ببەستم ئەمەیە کە لە سەرانسەری کتێبی "ئایدۆلۆژیست"دا من بیرم نایەت

بەختیار جارێک دانی خێری بە "مرۆڤی ئایدۆلۆژیست" و پەیڕەوی ئەوەش بە "کەسی ناسیۆنالیست"دا نانێت. لە بەشی داهاتوودا و لە درێژەی پێداچوون بە گوتارەکەی بەختیاردا کە تێیدا دەڵێت "کۆبانی ناسیۆنالیزم نییە"، زیاتر و ڕوونتر ئەم بەدبینییە دەبینین...

## ڕۆشنبیر و فڕێدانی قسە/ کۆبانی و ناسیۆنالیزم

بەشێکی گەورە لە ڕۆشنبیرانی ئێمە چۆنکە خۆیان لە سەرەوەی کۆمەڵگا دەبینن و وەهمی ئەوە دەیانگرێ کە ژیرترن لە خەڵکی ئاسایی، بێ ترس هەرچی بە مێشکیاندا هات لە زارەوە فڕێیدەدەن. بەتایبەتیش ئەوانەی کە ناسراوترن دڵنیان کە هەر جۆرێک بێ کەسانێک پەیدا دەبن کە قسەکانیان بە هەند وەربگرن و بە بوێرییەکی زیاترەوە دینە گۆ و زۆر جاران ئەو قسانەی کە دەیکەن لە حوکمێکی بێبنەما ئەولاوە هیچی تر نین، بەڵام ئێمەش لەم لاوە بە ئاسانی بە سەریاندا تێدەپەڕین و بگرە لە قسەکانماندا ئەو حوکمە بێبنەمایانە دوبارە دەکەینەوە و وەکوو ڕستەیەکی بەرجەستە بۆ سەلمی بۆچوونەکانی خۆمان بەکاریان دێنین. یەکێ لەو ڕێکارانەی کە ناهێڵێ ئێمە بکەوینە داوی ئەم ڕستە بەرجەستانەوە کە زۆر جارانیش لە قاڵبی گوتەیەکی ئەدەبیدا گەڵاڵە دەکرێن

بریتییە لە تێگەیشتن لە ناخ و کرۆکی ئەم ڕستانە یان دروستتر بڵێم ئەم حوکمانە. ڕێگای تێگەیشتن لەم کرۆکەش لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیە لەو پێشگۆ و پاشگۆیانەی کە نووسەرەکان لە دەوروبەری ئەم حوکمانە دەیاندەن. یەکێ لەو نموونانەی کە دەمەوێ وەک میناک بیخەمە بەر باس بەشێکی گرنگی وتاری دووەمی بەختیارە بە سەردێڕی "ئایا کۆبانی ناسیۆنالیزمە؟".

ئەوەی کۆی دوو وتارەکەی خوێندبێتەوە دەزانێ کە بەختیار لەڕاستیدا لەم بەشەدا پرسیارێکی کردووە کە خۆی پێشتر لەوە لەلای خۆی بە "نەخێر"ێکی گەورە بەرسڤی دەداتەوە. بەڵام لە وتاری دووەمدا لە ڕێگای گەیشتن بەم "نەخێر"ە گەورەیە بە کۆمەڵێ تێڕوانین و زانیاری و بەڵگاندندا تێدەپەڕێ. مژاری ئێمە لێرەدا وردبوونەوەیە لە وەڵامەکەی بەختیار و زیاتر لەمەش وردبوونەوەیە لە بۆچوونەکانی ئەو لە ڕێگای گەیشتن بە ئەم وەڵامە. بە گوتنێکی دی من لێرەدا زیاتر لەوەی بە شوێن هەڵبژاردنی "بەڵێ" یان "نەخێر"ێکی یەکلاکەرەوەدا بگەڕێم بۆ پرسی "ئایا کۆبانی ناسیۆنالیزمە یان نا؟"، مەبەستمە بکەوینە بنکۆڵی ئەمەی کە بەختیار بۆ

گەیشتن بە گوزارەی "کۆبانی ناسیۆنالیزم نییە" بە کوێدا چووە و چۆن بۆی چووە و بە مانایەکی وردتر بکەوینە شوێن چۆنێتی ئەو ڕێبازە شیکارییەی کە بەختیار لە ڕێگای گەیشتن بە وەڵامەکەدا دەیگرێتە پێش، بەشکەم دەلاقەیەکی بچووک بێت بەرەو خەسارناسی "شرۆڤەکردن و لێکدانەوە" وەک کردەیەکی ڕۆشنبیری. کە واتە با بکەوینە بنکۆڵی شیکارییەکەی بەختیار و خاڵ بە خاڵ باسی ناوەڕۆکەکەی بکەین.

خاڵی گرنگ و دەسپێک ئەمەیە کە بەختیار لەڕاستیدا بە دوای دەرخستنی بەرسڤێکی یەکلاکەرەوە بۆ پرسیارەکەی خۆیدا ناگەڕێ و وەک لە سەرەوە گوتم ئەو لەپێشدا باوەڕی ئەمە بووە کە کۆبانی ناسیۆنالیزم نییە. بەڵگەی ئەمەش لە وتاری یەکەمدایە. بۆ وێنە لەوێدا چاومان بە هەندێ ڕستە دەکەوێ لەم مانایەدا کە "بەرگری کۆبانی دەکەوێتە پێش هەر شووناسێک"[١]، یان "بەرگری کۆبانی بەرگری لە شتێکە ناچێتە ژێر ڕەحمەتی هیچ پێناسێکی مەزهەبی یان ئایدۆلۆژییەوە"[٢].

---

[١] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ١٩٩

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١

به زانینی ئەمەی کە "ناسیۆنالیزم لە هەر مانایەکیدا بەشێکی گرنگە لە شووناس" و بە بیرئانینی ئەمەش کە لە دیدی بەختیار دا "ناسیۆنالیزم بە تەواوەتی دەکەوێتە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیاوە"، بە ڕۆشنی دەبینین کە هەر لە وتاری یەکەمەوە و لە دەسپێکی نووسین سەبارەت بە کۆبانییەوە بیرۆکەی "کۆبانی ناسیۆنالیزم نییە" لەلای بەختیار گەڵاڵە بووە و ئەو هەر لە سەرەتاوە پێی وا بووە کۆبانی خاڵییە لە ناسیۆنالیزم. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە وتاری دووەمی بەختیار لەڕاستیدا زیاتر لەوەی کە بکەوێتە چوارچێوەی شرۆڤە و بۆچوونێکەوە کە دەیەوێ لە خوێندنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکاندا وەڵامێک بدۆزێتەوە، دەکەوێتە قاڵبی پاساوهێنان بۆ قسەیەک کە پێشتر لە دەم دەرچووە و ڕەواکردنی حوکمێ کە پێشتر دراوە. بەڵام وەک گوتم چۆنکە لێرەدا مەبەستی سەرەکی من کردنەوەی دەروازەیەکی بچووکە بەرەو "خەسارناسی شرۆڤەکردن و لێکدانەوە"، با وەک شرۆڤەیەک بڕوانینە وتارەکەی بەختیار و بپەرژێینە سەر ناوڕۆکی ئەم شرۆڤەیە و بزانین کەماسی و کێشەکانی لە کوێن...

بێگومان بۆ ئەوەی نەکەوینە گێژاوێکی لۆژیکی لە جۆری "شەڕەبۆچوون بە تێگینە ناهاوبەشەکان" کە پێشتر بە نموونە باسم لێوە کردووە، پێویستە تۆزێک لەسەر واتای زاراوە سەرەکییەکە، واتە "ناسیۆنالیزم" بوەستین و بزانین بەختیار ئەم زاراوەیەی بە دیاریکراوی لە چی مانایەکدا بەکار هێناوە تاکوو هەر بە هەمان مانا بیپێوین و قسەکانی بەختیاری پێ داوەری بکەین. کە واتە با لە پێناسە و داناسین خودی وشەکە لە زمانی بەختیارەوە دەست پێبکەین. بەختیار لە پرتووکی "وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان"دا دەڵێت: "گەر پەیوەندی سۆزدارانەی مرۆڤ بە خاک، ئاو و خەڵکەوە بە ناسیۆنالیزم ناو بنێین، ئەوا ناسیۆنالیزم لەگەڵ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ و لەگەڵ مرۆڤی سەرەتاییدا هەبووە...، بەڵام ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی نوێیە و پابەندە بە مۆدێڕنە و سەرهەڵدانی فۆرمی نوێی دەوڵەتەوە لە فۆرمی دەوڵەت نەتەوەیە"[3]. ئەمە یانی لە دیدی بەختیارەوە ناسیۆنالیزم چەمکێکە پەیوەندی بە دەوڵەتە و دەسەڵاتەوە هەیە و پەیوەندی سۆزدارانەی مرۆڤ بە خاک و ئاو و

---

[3] بەختیار عەلی، وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، ل ٢١٤

خەڵکەوە ناکەوێتە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمەوە. کەواتە تەواوی ئەو هەستە نەتەوەیی و سۆزە نیشتمانییەی کە لەپشت کۆبانییەوە بوو و یارمەتی کۆبانی دەدا و هەروەها ئەو هاوسۆزی و یەکبوونە هاوبەشەی کە کۆبانی لە ناخی هەموو کوردانی جیهاندا دروستی کرد، هیچ کامەیان لە چاوی بەختیار دا ناکەونە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمەوە و دەبێ وەلایان بنێین و باسی نەکەین. بێگومان ئەم پێناسەیە لە ناسیۆنالیزم نەتەنیا پێناسەیەکی زۆر ناتەواوە، بەڵکوو زۆر گومڕاکەریشە. منێکی "کرماشانی" بەهۆی کۆمەڵی ڕەگەزی هاوبەشەوە کە زۆربەیان سروشتیشن جۆرە نزیکایەتییەک لەگەڵ کابرایەکی خەڵکی "ئامەد" لە خۆمدا هەست پێبکەم کە سەبارەت بە "تارانی"یەک قەت نەمبووە، ئەگەر ئەمە ناسیۆنالیزم نییە، کە واتە دەبێ ناوی بنێین چی؟!. ئەمە دووەم خاڵی گرنگە کە پێویستە وەک خوێنەر بیری لێ بکەینەوە و مەراقمان لەسەری ڕاوەستێ.

خاڵی سێیەم، بە هەر حاڵ قەیناکا با ئەمەش بخەینە دەرەوەی ناسیۆنالیزمەوە و  لەنێو قسەکانی بەختیار خۆیدا بکەوینە سەر شۆپی ئەو ناسیۆنالیزمەی کە نائامادە هەرە

گەورەکەی نێو کۆبانییە... . دەزانین کە کورد لە دەوڵەت بێبەشە و بەڵام بە درێژایی نزیک لە سەدەیەک گەلێ پارت و ڕێکخراوەی سیاسی و چەکداری لەنێو کورددا بە ئاراستەی بەدەستهێنانی جۆرێک لە دەوڵەت و دەسەڵات سەریانهەڵداوە. کە واتە ئەم پارتانە نزیکترین بوونەوەرن کە پێناسەکەی بەختیار بیانگرێتەوە. دوای ئەمە، بەختیار لە ڕێگای گەیاندنی خوێنەر بە وەڵامە "نەخێر"ەکەی خۆی کە وەک پێشتر گوتم هەر لە سەرەتاوە باوەڕی پێی هەبووە، بەم شێوازە دەست دەکا بە ڕستنی هەندێ پێشەکی وەکوو: "ناسیۆنالیزمی کوردی بە دریژایی چالاکبوونی و بەتایبەت لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا میژووی شکست بووە، میژووی پارچەپارچەبوون و پەشیمانبوونەوەی بەردەوام و هەرەس و ئیفلیجی سەمبۆلەکان بووە، مۆرکی سەرەکی ئەم ناسیۆنالیزمە قەیرانی ئیرادەگەری بووە، جگە لە کۆمەڵیک خوپیشاندان و کەرنەڤاڵی نمایشی، ئەم ناسیۆنالیزمە نەیتوانیوە بچووکترین یەکێتی بخاتە ناو نەتەوەوە، نەیتوانیوە ئەکتی هاوبەشی کاریگەر دروست بکات، نەیتوانیوە دوو ناوچە لە یەکدی نزیك بکاتەوە، لە کوێدا ئەگەریکی دابەشبوون بووبێت ئەو هاتووە و قووڵی

کردووتەوە، بزاوتێک بووە هەم بێ فیکر و بێ ستراتیژ، بێ لایەنی کەمی هاوکاری و ئیشی پێکەوەیی. لەگەڵ ئەوەی مەترسییەکانی سەری هەمیشە بێئەندازە کوشندە و جیدی بوون، بەڵام ئەو نەیتوانیوە لە کرداری نمایشییەوە بگوازێتەوە بۆ ئەکتی کارا لەسەر ڕووداوەکان"[٤]. وەک دەبینرێ بەختیار کە لەم قسانەدا بە ڕەهایی پەیکەرێکە لە "ئەوەی لە شەڕدا نەبێ تیری دوو دوو ئەبڕێ"[٥]، کۆمەڵێ نارێکی ڕیز دەکا کە لەڕاستیدا شتێک نین بکەونە چوارچێوە و ئاستی سۆزی پەتی خەڵکەوە کە ئەگەریش بکەون لەلای بەختیار هەر ناسیۆنالیزم نین، بەڵکوو بە ڕۆشنی پەیوەندیدارن بە هێزە سیاسی و بزاڤە چەکدارییەکانی کوردەوە. یان بە گوتنێکی دی مەبەستی ئەو لە "ناسیۆنالیزمی کوردی" بە ئەگەرێکی زۆر هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردە کە دژ بە یەک یا چەند دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان تێکۆشاون یان تێدەکۆشن و ئەمەش یەکێکی ترە لە خاڵە گرنگەکانی

---

[٤] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢١٢

[٥] پەندی پێشینانی کوردی

گوتارەکەی بەختیار. بێگومان قسەکانی دواتریشی کە دیسان لێیان دەگێڕمەوە بە ڕۆشنی هەڵگری ئەم ئاماژەیەن.

خاڵێکی گرنگی تر لە ڕێبازەکەی بەختیار عەلی کە پێشتریش هەر لەم کتێبەدا لێمان بینیوە ئەمەیە کە بۆ ئەوەی خۆی لە کەماسییەک خاڵی نیشان بدا هەوڵ دەدا ئەوانی تر بەو کەماسییانە تۆمەتبار بکا. ئەو هاوشێوەی تاوانبارکردنی نووسەرانی کورد بە "گەڕانەوە بۆ حیکایەتە گەورەکان" بە مەبەستی دوور نیشاندانی خۆی لەم تایبەتمەندییە، لەم بەشەشدا بۆ ئەوەی لەلای خوێنەر وەها بنوێنێ کە خۆی خەریکە لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ مێژوو قسە دەکا، لە کەسایەتی مەریوان دا کە بە نموونەیەکی زەق لەم بوارەدا ناوی دەبا، هەندێ لە نووسەرانی کورد بەمە تاوانبار دەکا کە گوایە "بەردەوام باس لە گەڕانەوە دەکەن بۆ کۆنتێکستێکی مێژوویی، کەچی مرۆڤ هیچ کات نابینێت بگەڕێنەوە بۆ ئەم ناوکۆیییە"[٦]. ئەم شێوازە لە نیشاندانی خود وەک هەڵگری تایبەتمەندییەک لەڕێگەی سەندنەوەی ئەو تایبەتمەندییە لە کەسانی دیکە، یان بێبەری وێناکردنی خود لە

[٦] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢١١

تایبەتمەندییەک لەڕێی تۆمەتبارکردنی کەسانی دیکە بە هەڵگرتنی ئەو تایبەتمەندییە ڕێکارێکە لەلایەن زۆرێک لە نووسەرانەوە بە جاران پەیڕەو دەکرێ. بەم ئاگاییەوە پێویستە ئێمە وەک خوێنەر لە هەموو خوێندنەوەیەکدا بە هۆشیاری لەسەر ئەم نارێکییەوە بوەستین و پێمان وا نەبێ هەرکەس تایبەتمەندییەکی خستە پاڵ خەڵکی تر، ئەوە خۆی خاڵییە لەو تایبەتمەندییە و لە جێگایەکی دروستەوە سەیری هاوکێشەکان دەکا. لەم نموونەیەی ئێمەدا بەداخەوە بەختیار نیشانی دەدا کە خۆی ئەگەر لە مەریوان و ئەو هەندە نووسەرەی کە باسیان دەکا زەقتر نەبێ، لەم بوارەدا هیچ کاتێ کەمتر نییە لەوان. با لە نزیکەوە بزانین بەختیار خۆی چۆن دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو؟!.

هیچ گومانێ لەمەدا نییە کە ئەو قسانەی بەختیار کە لە سەرەوە گێڕانمەوە بەشێکی گەورە لە ڕاستییان تێدایە و هیچ بزاوتێکی سیاسی و چەکداری کوردی یان بە تێڕوانینی بەختیار هیچ لایەنێکی ناسیۆنالیزمی کورد نییە دوور بووبێ لەم ناتەواوی و کەموکۆڕییانەی کە لەم دێڕانەدا ڕیز کراون. بەڵام خاڵی گرنگتر ئەمەیە کە ئەم تێبینییانە هەردوو دیوی

ڕاستییەکان نین و بەختیار لێرەدا خەریکە تەنیا بە دیوی کەماسییەکاندا دەڕوانێتە مێژووی ئەم هێزانە و لەم دیوەشدا بەتایبەتی کۆمەڵێ نارێکی بەسەر تەواوی بزاڤەکانی کورددا دەگشتێنێ کە لەڕاستیدا زیاتر لەلای هێزەکانی باشووری کوردستاندا دەبینرێن کە بە درێژایی مێژووی خۆیان هەمیشە نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی و دواکەوتوویان کردووە. تەواوی ئەو کەماسییانەی کە بەختیار دەیانبژێرێ و دانەدانە دەیانکاتە بەر ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەو کەماسییانەن کە ئەو لە پارتەکانی باشوور دەیانبینێ و دەیانگشتێنێ بەسەر ئەوانی تریشدا. بۆ وێنە ئەو دەڵێ مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی مێژووی پارچەپارچەبوونە، بەڵام ئەمە نابینێ کە سەرباری کەموکوڕییەکان و بەتایبەتی ڕۆڵی نەرێنی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی باشوور، بە دیاریکراوی لەسەر دەستی ئەو هێزەی کە ئەو کە کۆبانی بە ئەنقەست پشتگوێی خستوون لە ئاستی کوردستانی گەورەدا کورد بە کرداری خەریکە زۆر زیاتر لە ڕابردوو یەکتر دەناسن و بەدەم یەکترەوە دەچن و لەیەک نزیک دەبنەوە. دەڵێت مۆرکی سەرەکی ئەم ناسیۆنالیزمە قەیرانی ئیرادەگەرایی بووە، بەڵام نایڵێت بزاڤی ڕزگاریخوازی

کورد بە چی توانیویەتی لانیکەم لەم پەنجا ساڵەی ڕابردوودا کە ئەو باسی دەکا بەرگەی دڕندانەترین شێوازی هێرشکاری دڕندەترین نەتەوەکانی ئەم دەڤەرە بگرێ کە بە دڕندەترین شێوازەکانی دەوڵەت متوربە کراون. ئەو وەها باسی بێ ئیرادەیی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکا کە پێدەچێ تا ئەم ساتەوەختە لەو ئیرادەیە بە ئاگا نەهاتبێتەوە کە لە باکووری کوردستان گەلێکی سەرەمەرگی لە لێواری مردنەوە دوبارە زیندوو کردەوە. ئەم نائاشنایی و ناتێگەیشتنەی بەختیار لە ڕاستییەکانی بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی بەڕاستی نیشان دەدا کە ئەو چقاس و چۆن دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو!. بەڕاستی من خۆم باوەڕ ناکەم بەختیار کەمترین زانیاری هەبێ سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستان، چی بگات بەمەی ئاگاداری مێژوویان بێ. بێگومان بەختیار لەم بوارەدا تەنیا نییە و وەک لە شوێنی تریشدا ئاماژەم پێداوە ڕۆشنبیرانی باشوور بەگشتی لەنێو ئەم پارچەیەدا قەتیس ماون و توانای ئەوەیان نییە بە دیدێکی کوردستانییەوە بیر بکەنەوە. بۆ وێنە ئەگەر ئەم گریمانەیە قەبوول بکەین کە ڕۆمان هەڵگری پەیامێکی تایبەتە، دەتوانین خەمساردی و نائاگایی بەختیار لە مێژووی گەلەکەی خۆی لە ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی"دا

بە ڕوونی ببینین. ئەو لەم ڕۆمانەدا بەڕاستی نەیتوانیوە "یەک لە هەزار میلیارد"ی بارودۆخی باکوور و ستەمی تورک نیشانی خوێنەر بدا، کە ئەگەر نیشانی بدایە ئەوسا هەموو خوێنەرێک دەیزانی ئیرادە یانی چی و ئایا لەلای ناسیۆنالیزمی کوردی هەیە یان نا. ئەگەر خوێنەرێک هەبێ بە من بڵێ کاکە ئەوە ڕۆمانە و تۆ نابێ لە ڕووی ئەو ڕۆمانە بەختیار داوەری بکەی، داوای لێدەکەم بە کتێبە هزری و تیۆرییەکانی بەختیار دا بچێتەوە و هەڵیانسەنگێنێ کە سەدا چەندی بۆچوون و شرۆڤەکانی ئەو لە باشوور دەردەچن و لەسەر کوردستانی گەورە و پارچەکانی دیکە قسە دەکەن یان لە سەدا چەندی نووسینەکانی وشەی "کوردستان" هەڵگری مانای کوردستانی گەورەیە و سەدا چەندیشی مەبەستی باشوورە بە تەنیا؟!...

با جارێکی تر بێمەوە سەر ئەو قسەیەم کە گوتم بەختیار لە گەڕانەوەدا بۆ مێژوو تەنیا بە دیوی کەموکوڕی و شکستەکاندا دەڕوانێ و سەرکەوتنەکان دەشارێتەوە تا لەوێوە بگەین بە خاڵێکی تری نەرێنی لە تێڕوانینی بەختیار و بەگشتی لە جیهانی ڕۆشنبیری کوردیدا. ئەو کە دەڵێت "لە شەڕی هەموو بەرەکانی داعشدا لە شەنگالەوە بۆ جەلەولا

بەرەكان نیشانەی پارچەپارچەبوون و بێشیرازەیی و ونبوونی ڕوحی ناسیۆنالیزم بوون"[٧]، پەرتەوازەیی هێزی پێشمەرگەی باشوور دەبینێ و بە ئەنقەست ئەو ڕۆحە نەتەوەیییە دەشارێتەوە کە لە کەسایەتی شەرڤانان و گەریلادا لە شەنگال و کەرکووک و مەخموور و شوێنەکانی تر بۆ یەکەمجار لە مێژووی سەدەی ڕابردوودا لە هێمای سنووری نێوان باشوور و ڕۆژاوا بە کرداری توانی بەشێک لە سنوورە دەستکردەکانی کوردستانی پارچەکراو بسڕێتەوە. لەڕاستیدا شاردنەوەی بەشێ لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگا لەپاڵ بەرجەستەکردنی بەشێکی تریدا لەلایەن ڕۆشنبیرەوە شێوازێکی نەرمە لە درۆکردن لەگەڵ جڤاکەکەی خۆیدا و لەم ڕوویەوە یەکێکە لەو ستەمە هەرە گەورانەی ڕۆشنبیر دەتوانێ سەبارەت بە جڤاکی خۆی بینوێنێ. چۆنکە ئەرکی ڕۆشنبیر زۆر پێشتر لەوەی ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بێ بەرەو دروستەکان، بە پلەی یەکەم ئاگادارکردنی کۆمەڵگایە لە ڕاستییەکان و هەر جۆرە کەم و زیاد کردنێکی ڕاستییەکان چەواشەکردنی جڤاک و لە ئەنجامدا دوورخستنەوەیەتی لە

---

[٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

ڕێگای دروست. ئەمەی بەختیار لێرەدا دەیکا ڕێکاوڕێک ئەم کارەیە. ئەو لەم پێناوەدا تەنانەت تاوانی ئەوانی تر لە شکستهێنان بە تێکۆشانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەخاتە ئەستۆی خودی ئەم تەڤگەرە. ڕاشکاوانەتر بڵێم بەختیار تاوانی نەزانی ئەو خەڵکە لە شووناس داشۆراوەی کورد وەک بەڵگەی نەبوونی ناسیۆنالیزمێکی کارا و چالاک دێنێتەوە کە خۆیان هێشتا هەر ناشزانن داگیر کراون یان ئەگەر دەزانن، هەر بۆشیان گرنگ نییە تا هەتایە بە کۆیلەی تورک بمێننەوە و بگرە بە باوەشی ئاوەڵاش ئەم کۆیلەتییە قەبوول دەکەن. بۆ وێنە دەڵێت: "ماوەیەکی زۆر نییە لەوەو بەر کە فاشیستێکی وەک ئەردۆگان بە دەنگی زۆرینەیەکی بەرچاوی کورد بووە سەرۆک کۆمار، بە جۆرێک لە هەندێک لە سەنتەرە کوردییەکاندا ئەردۆگان نەوەک دەنگی زۆری هێنا، بەڵکوو پێش کاراکتەرێکی سیاسی سەرنجڕاکێشی وەک دەمیرتاش کەوتەوە کە ئەم دەرەنجامگیرییە بەڵگەی نەبوونی ئەو ناسیۆنالیزمە کارا و چالاکەیە بشێت لەم ساتەدا جیاواز لە مێژووی پێشووی خۆی موعجیزەیەکی نوێی پێ بێت"[٨]. بیرم نەماوە لە

[٨] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

کوێ دیومە، بەڵام قسەیەکی بەختیارم لەبیرە لەم واتایەدا کە "زۆر سەختە مرۆڤ شۆڕشێکی پێ بێ کە خەڵکی پێویستیان پێی نەبێت. مرۆڤ قسەیەکی پێ بێ بیکات و بەڵام خەڵکی پێویستیان بە گوێگرتنی نەبێت". کاکە!، کابرای نەزان خۆی توانا یان خواستی بیستنی قسە و تێگەیشتنی شۆڕشەکەی دەمیرتاشی نییە و خۆی دەخاتە ژێرپێی ئەردۆگان، کوێی تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەم ناسیۆنالیزمە کە تۆ بە ناچالاک ناودێری دەکەی؟!. تۆ خۆت وەک کوردێک لە کوێی ئەم هاوکێشەیە وەستاوی؟!. ئەگەر دەمیرتاش و هەڤاڵەکانی ناتوانن و ناچالاکن، ئایا ئەرکی تۆی ڕۆشنبیر نییە وەک ڕۆشنبیر ئەم خەڵکە تێبگەیێنی کە داگیر کراون، کە داگیرکەر چییان بەسەر دێنێ، کە ئێوە شایانی ئازادین، کە ئەرکی ئێوە لەم پێناوەدا ئەمەیە و...هتد؟!. بەداخەوە ئەم پرسیارانە تەنیا ڕوویان لە بەختیار نییە و بەڕاستی پرسیارگەلێکن لە بەردەم تەواوی ڕۆشنبیرانی کورددا و هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد زووتر لەوەی تانە لە هێزە سیاسییەکان بدا، دەبێ بە خۆی بیگرێ...

بە هەر حاڵ ئەم دورەنجامگیرییەی کە بەختیار لە دوا ڕستەی گوزارەکەیدا وەک بەڵگەی نەبوونی ناسیۆنالیزمێکی چالاک نیشانی دەدا پەردە لەسەر خاڵێکی تری وتارەکانی بەختیار لادەدا کە ڕەنگە لە گرنگترین و سەرنجڕاکێشترین خاڵەکان بێ کە بەڕاستی نموونەیەکی نایابە لە نەزانکاری ڕۆشنبیران لە زەمینەی ئستدلال و بەڵگاندندا. بەختیار بۆ تەواوکردنی گوایا ئەنجامگیرییەکەی خۆی وەها بەردەوام دەکا: "پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ناسیۆنالیزمێک کە لە مێژووی ڕاستەقینەی کۆن و نوێیدا جگە لە نوشوستی گەورە سەرکەوتنێکی بەرچاوی تۆمار نەکردووە چۆن لە ناکاو لە هەموو پێستی مێژوویی خۆی، لە ڕەنگی خۆی، لە ژێرخانە سیاسی و ڕۆحییەکەی جیا بووەوە و بوو بە خوڵقێنەری یۆتۆپیا و ئەفسانە و چێنەری ئازادی و یەکسانی و نەهێڵەری جیاوازی جەندەر و جیاوازی چینایەتی؟. واتە لە ناکاو ئەم ناسیۆنالیزمە شکستخواردووە بێبەرهەمە وەک دەرمانێکی سیحراوی خواردبێت لە پڕێکدا هەموو ئەو خەونانەی مرۆڤایەتی لە مێژووی درێژی خۆیدا نەیهیناوەتە دی، لە نەمانی جێندەر و نەمانی جیاوازی چینایەتی دەیهێنێتە دی و بەرجەستەیان دەکات؟. لە کوێش، لە کۆباني، لە شارێکی وێرانەی گەمارۆدراودا بە

فاشیستیترین ماشینی ئەم سەردەمە، لە شارێکدا هەموو داوا لە جیهان دەکەین بچێتە دەنگیانەوە و لە ژینۆساید و قڕانێکی چاوەڕوانکراو بیانپارێزێت"[٩]. لۆژیکی بەختیار لەم دێڕانەدا کە بە تۆخی تووشی خودکەمبینی و هەروەها بەدبینییە سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی، بەکورتی ئەمەیە: "هەرکەس جارێک و دووان و سێ جار یان ساڵێک و دە ساڵ و پەنجا ساڵ شکستی خوارد، ئەوە چیتر بۆی نییە و ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ!". بەڕاستی لەم شێوازە قسەکردنەدا بەختیار نەتەنیا لە ڕۆشنبیرێک ناچێ کە خەریکی لێکدانەوە و شرۆڤەی جیهانی دەورەبەری خۆیەتی، بەڵکوو ڕێکاوڕێک لە کەسێکی ئاسایی دەچێ کە هاوسێکەی سەرکەوتنێکی بەدەست هێناوە و ئەمیش بۆ دەربڕینی سەرسامی و ناباوەڕی خۆی بەم سەرکەوتنە لەبەر خۆیەوە دەکەوێتە کاوێژکردن لەم مانایەدا کە "فڵانی تا دوێنێ تڕێ نەبوو، چۆن لە پڕێ بوو بە کوڕێ".

بەختیار زۆر نزمتر لەمەش دەڕوات. ئەو لە شوێنێکی تری گوتارەکەیدا ڕێکاوڕێک بە ڕیتمی باوکە نەخوێندەوارەکانی

---

[٩] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

سەردەمی منداڵی ئێمە کە بە گوتنی وەک "تۆ ئەگەر کوڕ بوویتایە..." یان "تۆ ئەگەر کوڕێکی زرنگ بیت..." یان "تۆ کوڕی ئەم کارە نیت" و... هتد ئێمەی منداڵانیان سەرکۆنە دەکرد، وەها دەدوێ: "گەر ناسیۆنالیزم ئەم وزە داهینەرە گەورەیەی پێیە، گەر ئەم توانا لە بن نەهاتووەی بەرگری هەڵگرتووە، چۆنە ئەم وزەیە لە هەموو سەنتەرە گەورەکانی چالاکی سیاسی و ئابۆری کوردستاندا غائیبە، چۆنە ئەم هێزە یۆتۆپییە کە بە عەسایەکی سێحراوی جیاوازی جەندەر و نەتەوە و چینایەتی هەڵگرتووە، هەموو مرۆڤەکانی یەکسان کردووەتەوە و کردوونی بە مرۆڤی تازە، لە چەند کیلۆمەترێک لەو لاوە بۆ نموونە لە قامیشلۆ یان عەفرین یان حەسەکە غائیبە؟. چۆنە ئەم ڕۆحە یۆتۆپییە لە سەنتەرە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی خۆیدا لە مەهاباد و سلێمانی و هەولێر و سنە و دیاربەکر نابینرێت و تەنیا لە شارێکی گەمارۆدراوی ژێر شمشێردا دروست بووە"[10]. زۆر سەیرە بەختیار سەرکەوتنی نوێنەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە باکوور نابینێ کە لە پارلەمان هەڕەشە لە تورکەکان دەکەن،

---

[10] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥

سنە نابینێ کە لە یەک ڕۆژدا هاوشانی دەیان شاری دیکەی ڕۆژهەڵات لەسەر بانگەوازی باڵە جیاجیاکانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەوێتە مانگرتن دژ بە دەوڵەت نەتەوەی فارس، نابینێ کە سەرباری هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی تەواوی شارە گەورە و بچووکەکانی ڕۆژهەڵات یەکپارچە بۆ کۆبانی دێنە سەر شەقام؟!. لەمە لۆمەتر و سەیرتر، لەحاڵێکدا هەموو جیهان ئاگاداری پەلهاویشتن و شۆڕبوونەوەی ئەم ناسیۆنالیزمەن بەرەو ڕەقا و تەبقا و منبج و شوێنەکانی تر، کەچی بەختیار ناتوانێ تەنانەت لە حەسەکە و قامیشلۆ و عەفرینیش ببینێ؟!!. بەختیار تەنانەت نازانێ ناسیۆنالیزمی کوردی چیتر هەر لە سنە و مەهاباد نەماوەتەوە و بە کرماشان و ئیلامیش نەوەستاوە و لەسەر شەقامەکانی ئاودانان خەریکە پیاسە دەکا. شتێکی تریش کە گرنگە ئاوڕی لێ بدەینەوە ئەمەیە کە گەلۆ بەختیار هەر دەزانێ هاوسانی هێز لە هاوکێشەکاندا مانای چییە؟. ئایا کەسێک هەیە نەزانێ هۆکاری شکستی ناسیۆنالیزمی کوردی لە کەرکووک و عەفرین و سەرکەوتنی لە حەسەکە و قامیشلۆ و کۆبانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو و ڕەنگە بە پلەی یەکەم بگەڕێتەوە بۆ ڕادەی توانای ناسیۆنالیزمی کوردی؟!. بە هەر حاڵ وەک دەبینین هیچ دێڕێکی

ئەم قسانەی بەختیار نەتەنیا ناکەونە چوارچێوەی بۆچوون و شیکاری و لێکدانەوە و شرۆڤەوە، بەڵکوو کۆی وتارەکە تەنیا "تۆ کوڕی ئەم کارە نیت"ێکی گاڵتەئامێزە کە ئەو وەک تەشەر دەیگرێتە ناسیۆنالیزمی کوردی و بەشێکی گەورەی ئەم تێڕوانینەش ئەنجامی نەگەڕانەوەی بەختیارە بۆ مێژووی ئەم ناسیۆنالیزمە.

بەختیار هەرچی بەرەو کۆتاییەکانی ئەم بەشەی وتارەکەی دەڕوا زیاتر نالۆژیکبوونی خۆی دەسەلمێنێ و کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵامی لە شێوازی ئەمانەی خوارەوە دەکاتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ناسیۆنالیزم نەبوونی کۆبانی: "ئاخۆ ئەمە یۆتۆپیای سەردەمی تاعوونە، واتە جۆرە یۆتۆپیایەکە بەس لە گەمارۆی داعش و تاعوونەکەیدا دروست دەبێت؟. ئایا ئەمە یۆتۆپیایەکی کاتییە و پابەندی گەمارۆی داعشە یا خود یۆتۆپیایەکە بۆ هەمیشە؟. ئایا یۆتۆپیایەکی کورتخایەن بوونی هەیە کە تەنیا لەژێر هەلومەرجی جەنگی مان و نەماندا لەدایک بێت؟..."[١١]. بەڕاستی مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ کە بەختیار چۆن پێی وایە " ... ئەمانە و دەیان پرسیاری تر

[١١] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥

دەیسەلمینن کە کۆبانی زادەی نوشوستێکی مێژووی ناسیۆنالیزمە، جێهیشتنی ناسیۆنالیزمە بۆ نەتەوەکەی، بێتوانایی ناسیۆنالیزمە لەسەر پاراستنی خاک و خەلک، ئەوە نوشوستی و بێباکی ناسیۆنالیزمە کە کوبانی گەیاندە ئەو جێگایە بەو شێوە تراژیدییە بکەوێتە تەڵەکانی داعشەوە، ببێت بە قوربانی ئەو گەمە سیاسییە چەپەڵانەی لە باکوور و باشوور لە پیناوی دەستکەوتی بچووکدا بەڕێوە دەچن"[١٢]. وەک دەبینین لێرەشدا لە نەبوونی بۆچوون و لێکدانەوەی لۆژیکیدا بەختیار بەڕیز کۆمەڵی پرسیار دەکاتە بەڵگە و سەلم کە هیچ ڕۆشنگەرییەکیان تێدا نییە. بۆ وێنە کۆبانی چۆن کرا بە قوربانی گەمەی سیاسی باکورر و باشوور؟. بەختیار ئەگەر لێرەدا بەڕاستی خەریکی بیرکردنەوە بووە، دەبا شی بکردایەتەوە کە نوشوستی ناسیۆنالیزم چۆن کۆبانی گەیاندووەتە ئەم دۆخە؟. چاوا خستوویەتە تەڵەی داعشەوە؟. بەرسڤی پرسیاری "ئایا کۆبانی یۆتۆپیای سەردەمی تاعوونە؟" یان "ئایا ئەم یۆتۆپیایە تێپەڕ و کاتییە یان نا؟" چۆن دەتوانێ بمانگەیێنێتە ئەمەی کە "کۆبانی

---

[١٢] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥

ناسیۆنالیزم نییە"!... لە کۆتاییشدا بەختیار بە شێوازێک دوا بزماری خۆی لە تابووتی ناسیۆنالیزم دەکوتێ کە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە ئەو هەر لە قووڵایی مێشکییەوە وەک گرێیەک دەڕوانێتە ناسیۆنالیزم. دوایین ڕستەکانی بەختیار لەم بەشەدا ئەمەیە کە "ئەوەی لە کۆبانی روو دەدات یۆتۆپیایەک نییە ناسیۆنالیزم دروستی کردبێت، بەڵکوو تراژیدیایەکە دەموچاوی ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزم وەک هێزێکی وێرانکار، بە ناسیۆنالیزمی کوردی و عەرەبی و تورکییەوە پیشان دەدات. ناسیۆنالیزم جگە لە دروستکردنی هێزی پارچەپارچە هیچ کات توانای دروستکردنی مۆدێلێکی یۆتۆپی نەبووە"[١٣]. هەر لێرەشدایە کە گەورەترین نارێکی خۆی دەنوێنێ. ئەو جگە لەمەی کە ناسیۆنالیزمی فارسی لەبیر دەکات، ناسیۆنالیزمی کوردیش دەکا بە هاوشان و هاوتای نموونە تورکی و عەرەبییەکەی. بەڕاستی ئەمە جگە لەمەی کە گەورەترین تاوانێکە لە ڕۆشنبیرێکی کورد بوەشێتەوە، گەورەترین شەرمەزاریشە بۆی. من وک تاکێکی کورد وەختێ دەبینم کوردێک تاوانەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ تاوانی

---

[١٣] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦

ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەب هاوئاست دەبینێ، نەتەنیا لە تووڕەییدا سەرم دەنیشێتە ژان، بەڵکوو بۆ گومان لە عەقڵی ئەو کەسەش دەکەم. ئاخر چۆن دەبێ ڕۆشنبیری کورد نەزانێ ناسیۆنالیزمی کوردی هاواری نەتەوەیەکە لەژێر گەورەترین ستەمی مێژوودا خەریکە دەخنکێ، لەحاڵێکدا ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەب فاشیزمێکی تا سەر ئێسقان دڕندەیە کە لە ناخی خۆیدا خواستێکی گەورەی سەرکوتکاری و تاڵان و خوێنڕێژی هەڵگرتووە؟! ئەمە چۆنە ڕۆشنبیرێکە نازانێ ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوەیەک، لەحاڵێکدا ناسیۆنالیزمی فارس و تورک و عەرەب هێرشێکە بۆ ڕووتکردنەوەی گەلانی تر لە بچووکترین مافەکانی ژیان؟!.

وەک کۆتا سەرنج با بگەڕێینەوە سەر دەسپێکی وتارەکە. گەر بیرتان مابێ بەختیار بە تۆمەتبارکردنی کەسانێکی دیکە بەمەی کە گوایە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ مێژوو دەکەن و کەچی دوور و نزیک بۆشی ناگەڕێنەوە، وەهای نیشان دا کە گوایە خۆی خەریکە بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە و بۆچوونەکەی لەسەر گەڕانەوە بۆ مێژوو دادەمەزرێنێ. بەڵام بەداخەوە

خۆی جگە لە ژماردن و بژاردنی هەندێ هەڵە و نارێکی هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی لەم گەڕانەوەیە دەرنەخست. نیشانەی هەرە گەورەشی ئەمەیە کە ئەو بە درێژایی وتارەکەی تەواوی ڕەهەند و باڵە جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بە یەک چاویلکە سەیر کرد و بێ زیاد و کەم هەموو کەماسییەکانی خستە ئۆباڵی هەر هەموویان پێکەوە. گەلۆ دەکرێ هەموو گۆڕەکەکانی هاوکێشەیەک بە یەک چاو سەیر بکەین و تەنیا لە یەک گۆشەوە بڕوانینە تەواوی دیوەکانی و بانگەشەی ئەوەش بکەین گەڕاوینەتەوە بۆ مێژووی ئەو هاوکێشەیە؟!. بێگومان ئەم هەڵسوکەوتە نەتەنیا گەڕانەوە نییە بۆ مێژوو، بەڵکوو گۆڕینی مێژوویەکی لانیکەم دەیان گۆڕەکی و دەیان ڕەهەندییە بۆ مێژوویەکی تاکڕەهەندی خەتی. ئەڵبەتە ئەو لەم تێڕوانینە تاکڕەهەندییەدا کارێکی خراپتریش دەکا. ئەو دوای کەڵەکەکردن و ژماردنەوەی تەواوی ناتەواوی و نارێکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی سەرئەنجام بەم تەشەرەی کە "ئەوە لاوازی و هەرەس و بێتوانایی ناسیۆنالیزمی کوردییە کە بە درێژایی مێژوو ئەو زەمینەیە سازدەکات کوردستان بکرێتە کۆمەڵێک کانتۆنی دابڕاو کە قابیلی گەمارۆدان و لێدان

و قڕانکردنە"[١٤]، ناڕاستەوخۆ ناوی لایەنێکیان دێنێ کە ڕێک هەر ئەو لایەنەیە کە لە کۆبانیدا ئامادەیە. ئەڵبەتە پێناچێ ئەمەش بە هەڵکەوت بووبێ. کاتێ بەختیار لە زەمینەسازییەکی دوور و درێژدا وێنایەکی نارێک و "دەعەجانئاسا"[١٥] لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە مێشکی خوێنەردا دەچێنێ و دواجار بە تەشەرێک هێما بۆ لایەنێکی دیاریکراوی ناو ئەم ناسیۆنالیزمە دەکا کە هەر ئەویش ئامادەی هەرە گەورە و هەرە بەرچاوی نێو کۆبانییە، ئەگەرێکی زۆری هەیە کە لە چاوی ئەم خوێنەرەدا تێکڕای نارێکییەکان و ناتەواوییەکانی ئەم دەعەجانە لەسەر ئەم لایەنە بار بکرێ. لە ئەنجامدا ئەگەر زاراوەکانی "ژیانی ڕۆۆت"، "مرۆڤی سروشتی" و "بەرگری لە مانای سروشتی" و... هتد هێشتا نەیانتوانیبێ لەلای ئەم خوێنەرە شانازییەکی وەکوو کۆبانی لەم لایەنە جیا بکەنەوە، ئەم نارێککردنە دەتوانێ لە

---

[١٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤

[١٥] دەعەجان یان دێوەزمە ڕەنگدێرێکە مەریوان لە کتێبی "بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا"، ل ٣٩٧ بۆ ئاماژە بە دەسەڵاتی باشوور بەکاری هێناوە

تێڕوانینیدا لە یەکیان داببڕێ و جیایان بکاتەوە. ئەمەش یانی بەلاڕێدابردنی خوێنەر.

ئەگەر بمەوێ لێرەدا کۆتایەک بۆ قسەکانم دابنێم، ئەم بەشەی وتارەکەی بەختیار نەتەنیا خاڵییە لە هەر جۆرە بەڵگاندن یان سەلمێکی لۆژیکی لەسەر بنەمای ڕاستی، بەڵکوو تەنیا چەنەبازییە لە دەوری حوکمێکی لەپێشدا دراو بۆ زیاتر دانە پەژراندنی ئەو حوکمە بە خوێنەر. بە گوتنێکی دی هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی لۆژیکی و لێکدانەوەیەکی عەقڵانیم تێدا بەدی نەکرد بە ئاراستەی سەلماندنی "کۆبانی ناسیۆنالیزم نییە"، بەڵکوو ئەوەی هەستم پێکرد وڕاوەکردنی پەتی بوو لە دەوری پەیڤێکی فڕێدراو بە ناوی "ناسیۆنالیزم" بەبێ بیرکردنەوە تەنانەت لە ماناکەی. هەر بۆیە لە کەسایەتی ئەم وتارەدا وەک پێشنیار داوام لە خوێنەر ئەمەیە کە وەک پرەنسیپێکی خوێندن زیاتر لە گرنگیدان بە پەیامە بەرجەستەکان گرنگی بدا بەو قسانەی کە لە دەوری ئەم پەیامانە دەکرێن و لەوانەدا بە شوێن ناوکی مەبەستەکاندا بگەڕێ بەڵکوو ڕاستی و دروستی پەیامەکانی زیاتر بۆ دەرکەوێ.

## گەمەکردن بە چەمکەکان

### یەک: لەسەر گرنگی واتا

بێگومان یەکێ لە گرنگترین بنەماکانی دیمانە و گفتوگۆی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتریدا ئەمەیە کە هەردوو لای هەر گفتوگۆیەک لە مەبەستی وشەکانی یەکتری تێبگەن و بزانن هەر زاراوەیەک کە لە زاری لایەنی بەرانبەر دەردەچێ بۆ ئاماژە بە چییە. بە گوتنێکی دی بنەمای دروستی هەموو پەیوەندی و هەڤپەیڤینێکی دوولایەنە لەوێوە دەست پێدەکات کە پەیڤەکان لە مانای ڕاستەقینە و لە ئاماژەی دیاریکراوی خۆیاندا بەکار بێن. ئەم گرنگییە لەو شوێنانەی کە ئێمە کەسانی تر دەخوێنینەوە و بەتایبەت لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆشنبیراندا زیاتر دەردەکەوێ. لە جیهانی ڕۆشنبیریدا هەر وشەیەک لە واتایەکی لێڵدا دەگوترێ و هەر چەمکێک لە ئاماژەیەکی لیخندا ئاراستە دەکرێ، دەتوانێ هەڵگری

**ئاڵۆزییەکی مانایی و ناتێگەشتنێکی گەورەی کەسەکان بێ لە یەکتری. مخابن بەشێکی گەورە لە ئاڵۆزییەکانی تێگەیشتنی ئێمە لە یەکدی ئەنجامی ئەو ئاڵۆزییەیە کە لە جیهانی مانادا و زیاتر بەهۆی ڕۆشنبیرانەوە بەرهەم دێت و لەوێوە ئاراستەمان دەکرێ. مەبەستم لە جیهانی مانا ئەو ژیانە زمانی و هزرییەی مرۆڤەکانە کە تێیدا وشەکان و چەمکەکان مانایەکی ڕێکاوڕێک و دیاریکراویان نییە و دەتوانن هەڵگری مانای جیاواز و گەیێنەری مەبەستی جۆراوجۆر بن. لەم ڕوویەوە مرۆڤەکان لەم جیهانەدا هەمیشە لە بەردەم ئاڵۆزییەکی ماناییدا دەژین. یەکێ لە گرنگترین ڕێگرەکان لە بەردەم ئەم ئاڵۆزییە ماناییەدا ناهەستیاری ڕۆشنبیرانە لەمەڕ بەکارهێنانی چەمکەکان و پەیڤەکان لە واتای ڕێکاوڕێک، ڕاشکاو و دیاریکراوی خۆیاندا. بێگومان "بەکارهێنان لە واتای ڕێکاوڕێک" تەنیا لە مانادا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو لە ئاماژەشدا دەبێ بەرچاو بگیرێ. بۆ وێنە بە هەمان ڕادە کە گرنگە بێژین مانای ئازادی ڕێکاوڕێک چییە، گرنگیشتە بڵێین ئاستەنگکەرانی ئازادی بە دیاریکراوی کێن. بە هەمان شێوە کە گرنگە مانایەکی ڕێک لە یەکگرتوویی نەتەوەیی بدەین،**

گرنگیشە ڕاشکاوانە بێژین هۆکاری سەرەکی پەرتەوازەیی کورد کێیە و... هتد.

بەڵام بەداخەوە لە کرداردا ئەوەی کە لە جیهانی ڕۆشنبیریدا لە ئارادایە زۆر جیاوازتر و ناڕێکترە لەوەی کە دەبێ هەبێت. ڕۆشنبیران نەتەنیا زۆربەی چەمکەکان لە پێناسەیەکی "تێروپڕ" یان "گشتگیر و تایبەت"[1]دا بەکار ناهێنن، بەڵکوو بە ڕێژەیەکی زۆر گەمەیەکی مانایی زۆر ئاڵۆزیان لەگەڵدا دەکەن. بە جۆرێک کە بەشێکی فراوان لەو چەمکانەی ڕۆشنبیران بەکاریان دێنن هەر لە سەرەتاوە بارگاوین بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە تەڤلهەڤی، ناتێگەیشتن و ئاڵۆزی مانایی. گەرچی بەشێک لە تەڤلهەڤی و ناتێگەیشتن لە جیهانی زانستە مرۆڤییەکاندا و بەتایبەتی نەریتی بەکارهێنانی چەمکەکان بۆ پێناسەی تێروپڕ، یان بۆ ئاماژەی دیاریکراو لێکەوتەی ئاڵۆزی زمانە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ تەنیا بەشێکی زۆر بچووک لێی هۆکردی ئەم تایبەتمەندییەیە و بەشی گەورەی ناڕێکییەکە دەگەڕێتەوە بۆ گەمەکردنی خودی مرۆڤەکان و لە سەرووی هەمووانەوە ڕۆشنبیران بە زمان و

---

[1] Inclusive and Exclusive

لەگەڵ زماندا. ئەم گەمەکردنە نارێکە لە نەریتی "بەکارئانینی زاراوەکان لە مانای لێڵ و لە ئاماژەی نادیار"ەوە دەست پێدەکات و کۆمەڵێ ناتەواوی دیکەش دەگرێتەوە لە ڕووی زانستییەوە(بۆ وێنە بەکارهێنان یان پێشکەشکردنی زانیاری بێنرخ)، لە باری لۆژیکییەوە(بۆ وێنە بەڵگاندنی نالۆژیکی) و تەنانەت لە باری ئەخلاقیشەوە(بۆ وێنە درۆکردن لەپێناو سەلماندنی بۆچوون) و... هتد.

هۆکارێکی هەرە باو کە بە شێوازێکی تەواوکەر ئەم نارێکییە پڕڕەنگتر دەکاتەوە بریتییە لە نەبوونی نەریتی "ڕاوەستەکردن لەسەر واتا و مەبەستی ڕێکاوڕێکی پەیڤەکان" یان بە گوتنێکی دیکە تێپەڕین بەسەر پەیڤ و چەمکەکاندا بێ ئەوەی بزانین هەر وشەیەک ڕێکاوڕێک ئاماژە بە کامە چەمک و هێما بۆ کامە تێگین دەکات. نەریتێ کە بە بۆچوونی من پێویستە هەر خوێنەرێک بە درێژایی خوێندنی هەر کتێبێک بە وردی لەسەری ڕابوەستێ و ڕەچاوی بکا، بەڵام بەداخەوە زۆربەی کاتەکان وەها نییە. چۆنکە تێکەڵەیەک لە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی زمان و زاراوەبازی و گەمەکردنی نووسەران بە زمان و پەیڤ بە جۆرێ ئێمەی

خوێنەر دەخافڵێنن کە چیتر دەرفەتی ڕاوەستەکردنمان لەلا ناهێڵنەوە. لەڕاستیدا بە هەمان شێوە کە کەم نین ئەو پەیڤ و چەمکانەی هەڵگری واتا و مانای ڕێکاوڕێکی خۆیان نین، کەمیش نین ئەو وشە و زاراوانەی لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیرانەوە لە شوێن و لە مانای ڕەسەنی خۆیاندا بەکار نایەن. بە هەر حاڵ ڕەنگە نەتوانین بێژین جیهانی ڕۆشنبیری زیاتر لە هەر شتێکی دیکە جیهانی "زاراوەی بێ پێناسەی دیاریکراو" و "چەمکی بێ مەبەستی ڕێکاوڕێک" و بەگشتی "پەیڤی گەمە پێکراو"ە، بەڵام دەتوانین بە ئاسانی هەستی پێ بکەین کە پانتایییەکی بەرفراوان لەم جیهانە بە ئەمجۆرە زاراوە و چەمک و پەیڤانە تەنراوە. بە هەر حاڵ چۆنکە مەبەستی بەشێکی سەرەکی ئەم نڤیسارە ڕاوەستەکردنە لەسەر گوتارەکانی بەختیار عەلی، باشترە لێرەدا لە زمانی خۆیەوە ئاوڕێک لە گرنگی مانا و واتا بدەینەوە. بەختیار عەلی لەم بارەیەوە وەها بیر دەکاتەوە:

"هەر کاتێک لە سەر ماناکان وەستاین، واتە خۆمان بە مانایەکەوە گرێداوە، ستراتیژێکی کۆنکرێتمان هەڵبژاردووە. دیاریکردن بەرەنجامی تایبەتی هەیە و دیارینەکردنیش هەر

بەرەنجامی تایبەتی هەیە. دیاریکردن واتە بچووککردنەوەی ڕووبەرەکانی یاریکردن، بەڵام دیارینەکردن مانای گەورەکردنی ڕووبەری گەمەکان، گونجاندنی مانای وشەکان لەگەڵ سیاسەتەکاندا. کاتێک ئازادی مانایەکی دیارینەکراو و تەمومژاوی هەبوو، مانای دەکرێت لەگەڵ دژمنێکدا یەکبگرین و ناوی ئازادی لێ بنێین، دۆستەکانمان سەربڕین و براکانمان بفرۆشێن و ناوی سیاسەتی لێ بنێین، بچینە ناو بازنەیەکی بۆشەوە و دوبارەبوونەوە و سووڕانەوەی بەتاڵ بەرەو پێشچوون و دەسکەوتنی مەزن بشوبهێنین، دەکرێت شکەستەکانمان وەک سەرکەوتن وێنا کەین و سەرکردە دۆڕاوەکانمان وەک قارەمانی نەمر. هەموو ئەم فەرهەنگەش کە دەرگای کولتوری درۆکردنی لە سیاسەتی کوردیدا خستووەتە سەرپشت، بەرەنجامی دیارینەکردنی ماناکانە. هەر کاتێکیش ماناکان دیاری کران ئەو کات خۆبەستنەوە بە جەوهەریانەوە ئەرکێکی سیاسییە، بەڵام تا زمان و مەعریفەت لاواز بێت، تا ماناکان جەوهەریان نەبێت، تا وشەکان دەلالەتی ڕاستەقینە و قووڵیان نەبێت، سیاسەت

ئاسانترە، مانۆڕکردن ئاسانترە، خۆ دزینەوە لە ئەرکە ڕاستەقینەکانیش سووک و ساناترە"[٢].

کورت و کورمانجی بەختیار لەم گوتارەدا هەرچەند بە لێدانی تانە و توانج لە سیاسەتی کوردی هەوڵدەدا نەریتی "دیارینەکردنی ماناکان" وەک نارێکییەکی گەورەتر نیشان بدا، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ پەیڕەوکردنی ئەم نەریتە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە بەگشتی و لەلایەن خودی بەختیارەوە بەتایبەتی لە شوێنی وەهادا زۆر نارێکتر و بێگومان زۆر زیانبارتریشە. ئەوەی من لەم گوتارە تێدەگەم بە کورتاسی ئەمەیە کە پەیڤ و چەمک و زاراوەکان پێویستە هەڵگری مەبەست و واتایەکی تایبەت و دیاریکراوی خۆیان بن تاکوو هەم ڕێگەی گەمەکردن پێیان لەلایەن نووسەر یان بێژەرەوە بگیردرێ و هەمیش دەرگای ناتێگەیشتن لێیان لەلای خوێنەر یان بیسەر دابخرێ. کە واتە لە درێژەدا با هەر لەم سۆنگەیەوە سەر بکێشینە نێو هەردوو گوتاری "کۆبانی و گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم" و بەتایبەت "کۆبانی، ناسیۆنالیزم، یۆتۆپیا" تا یەکەم، لێ بکۆڵینەوە بەختیار وەک ڕۆشنبیرێک

[٢] بەختیار عەلی، گوتاری "ڕۆڵی دیاریکردنی مانای وشەکان"

چەندە پابەندی قسەکانی خۆیەتی و لەسەر بنەمای "دیاریکردنی واتا" دەڕوات و دووەمیش، بە هێنانەوەی میناک لە گوتارەکانی ئەو سەرنج بخەینە سەر هەندێ شێواز و لایەنی گەمەکردن بە زمان لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە بەگشتی.

## دوو: زاراوەبازی، پەیامێک و چەند زاراوە

زاراوەبازی و وشەبازی یەکێکە لە تەکنیکە هەرە باوەکانی ڕۆشنبیران بۆ سەرگەرمکردنی خوێنەرەکانیان لە دەوری ئەو پەیامانەی کە دەیانەوێ بیگەیێنن. لەم تەکنیکەدا نووسەر و ڕۆشنبیر بەردەوام خەریکی دروستکردنی چەمک و دەستەواژەی جۆراوجۆرە بۆ ئەوەی لە دووتوێی ئەوانەدا پەیامێکی دیاریکراوی خۆی لە مێشکی خوێنەردا بچەسپێنێ. ئەم تەکنیکە بەتایبەتی لەلایەن ڕۆشنبیرانێکەوە زیاتر پەیڕەو دەکرێ کە دەستێکیان لەنێو ئەدەبیشدا هەیە و لە هێزی هونەری وشەکان و ڕستەکان ئاگادارن. مەبەستم لە هێزی هونەری ئەو لایەنەی پەیڤ و ڕستەیە کە گرێدراوی جوانی ئەدەبییە و بە جۆرێ خوێنەر سەرسام و مەست دەکات کە بیری لۆژیکی لێ دەبڕێتەوە و ناهێڵێ قسەکان بە لۆژیک

هەڵبسەنگێنێ. گوتارەکانی بەختیار عەلی نموونەیەکی دیارمان لە نەریتی زاراوەبازی پێ نیشان دەدەن. ئەگەر بیرتان بێ پێشتر ڕوونم کردەوە کە بەختیار دەستەواژەی "ژیانی ڕووت"ی بۆ چاندنی بیرۆکەی "ڕووتبوونی کۆبانییەکان لە ئایدۆلۆژی" لەنێو مێشکی خوێنەرەکانیدا بەکار هێناوە. لەڕاستیدا ئەو پێش ئەم دەستەواژەیە بە زاراوەیەکی دیکە هەمان بانگەشەی کردبوو، بەڵام وەک ئەوەی بەو زاراوەیە نەیتوانیبێ مەبەستەکەی خۆی بچەسپێنێ، ئەمجارە چەمکێکی دی، واتە "ژیانی ڕووت"ی بۆ هەمان کارکرد و مەبەست بەکار هێناوە. با سەیرێکی "مرۆڤی سروشتی" بکەین تا تێبگەین لەڕاستیدا لە ڕووی مەبەست و پەیامەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ "ژیانی ڕووت"دا نییە و تەنیا داڕشتنێکی ترە لە پەیڤ و زاراوەکان بە مەبەستی گەمەکردنێکی تر لەگەڵ مێشکی خوێنەردا بە هەمان مەبەست. بەختیار لە گوتاری "کۆبانی و گەڕانەوە بۆ مرۆڤی سروشتی"دا بەم شێوەیە پەسنی بەرخوەدانی کۆبانی دەداتەوە: "ئەم جۆرە لە بەرگری گێڕانەوەی بەرگرییە بۆ مانا

سروشتییەکەی بەر لەوەی ئایدۆلۆژیاکان بیکەنە کەرستەی تایبەتی خۆیان و بیگۆڕن بۆ ئامرازی خواستەکانیان"[٣]. وەک دەبینین لێرەشدا ماشینێک لەسەر کار بووە تاکوو پێش "ژیانی ڕووت" بە دەستەواژەی "مرۆڤی سروشتی" شەرڤانانی کۆبانی لە ئایدۆلۆژیا ڕووت بکاتەوە و ئەڵبەتە بۆ ئەوەش کە ڕاستەوخۆ نەبێتە ئامانجی ڕەخنەی ئەو ئایدۆلۆژییە دیارەی کە لەوێ ئامادەیە، وشەکە وەک پەیڤێکی گشتی بەکار دێنێ. ئەو لەباتی ئەمەی ئەم ڕاستییە بە خوێنەر بداتە بینین کە ئێستا لە کۆبانی کۆدێک هەیە کە مرۆڤەکان زیندوو دەکاتەوە، لەژێر پەردەی دەستەواژەی جوان و خەڵەتێنەری "مرۆڤی سروشتی"دا بە چەواشەکاری تەواو دەیەوێ ئەم دیدە چەوتە بە خوێنەر بدا کە "جەنگاوەرانی کۆبانی هێمای ئەوەن کە... گەڕانەوە بۆ مرۆڤی سروشتی، بۆ مرۆڤێک کە کۆدەکان و کۆنترۆڵەکان نەیانکردووە بە ئامێر، هێشتا لە بەردەستدایە و دەکرێت بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەموو جێگایەک و لە هەموو مرۆڤێکدا زیندوو بکرێتەوە"[٤]. ئەم

---

[٣] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٠٠

[٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١

شێوازە لە سڕینەوەی ڕاستییەکان لەلایەن ڕۆشنبیرەوە لەڕاستیدا سڕینەوەی خودە لە گرنگترین بەرپرسیارەتی ڕۆشنبیری، واتە "گوتنی ڕاستییەکان". ئێمە نابێ ئەم دۆخە وەک دۆخی "بۆچوونی هەڵە" ببینین و لە نموونەی وەهادا پێمان وا بێ ڕۆشنبیر خەریکە تەنیا بۆچوونی ئاسایی خۆی دەردەبڕێ، بەڵکوو ئەمە ڕێکاوڕێک درۆکردنی ڕووبەڕوویە و هیچی تر. دواتر لە بەشێکی جیادا باسی "بۆچوونی هەڵە"ش دەکەین. بە هەر حاڵ ئەگەر دوای "مرۆڤی سروشتی" بکەوین، بەختیار لە پێناسەکردنی جۆرە ناسروشتییەکەی مرۆڤدا وەها دەڵێت: "مرۆڤی ناسروشتی ئەو مرۆڤەیە کە نرخێکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی لەلا نەماوە، ژیانی بووەتە قوربانی شووناس و ئایدۆلۆژیا"[٥]. کە واتە مرۆڤی سروشتی ئەو مرۆڤەیە نەبووبێتە قوربانی و دەستەمۆی ئایدۆلۆژی. لە شوێنێکی دیکەدا ڕاشکاوانەتر پێ لەسەر ئەم قسەیە دادەگرێ. کاتێ کە دەڵێت: "مرۆڤی سروشتی کەسێکە

---

[٥] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١

پێویستی بەوە نییە ئایدۆلۆژیایەک بانگی بکات تا بە فەرمانی خۆی هەستێت و بە تەنگ ژیانی خۆی و ئەوانی ترەوە بێت"[٦]...

بەکورتی ئەوەی کە لە ئارادایە بریتییە لە هەوڵدان بۆ سەلماندنی ڕووتبوونی مرۆڤی ناو کۆبانی لەو ئایدۆلۆژیایەی کە بە کرداری هەڵگرییەتی. دەقی گوتارەکانیش ڕەشنووسی ئەم ستراتیژییەن کە ئەگەر بە وشەیەک نەکرا، بە وشەکانی دی، ئەگەر بە ڕستەیەک نەکرا بە دوو ڕستەی تر و ئەگەر بە گوتارێک نەکرا، بە گوتارێکی دیکە و... هتد. ئەمە یانی دووبارەکردنەوەی یەک پەیام بە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر تا باوەڕپێکردنی ئاسانتر بێتەوە. بێگومان زاراوەبازی و گەمەکردن بە وشەکان بۆ کەسێک کە لە ئەدەبدا دەستێکی هەبێ کارێکی هێندە سەخت و دژوار نییە. بەختیار لە گەلێ شوێنی دیکەدا هەروەک خەریکی داڕشتنی دیالۆگی ڕۆمانەکانی بێ ئەم پەیڤە جوانانە لە دەوری شاپەیڤەکەی سەرەکییەکەی خۆی کۆ دەکاتەوە تاکوو بە ئەوان خوێنەر بخاتە سڕبوونێکی هزرییەوە و قسەکەی خۆی پێ بداتە قەبوولکردن.

---

[٦] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠

سەیر کەن تا نموونەیەکی زۆر ڕۆشن لە تەڕدەستی ئەدیبانەی بەختیارتان بۆ باس بکەم کە چۆن هزری خوێنەرەکەی تووشی سەرسامی دەکات تاکوو لایەنە لۆژیکییەکەی لە کار بکەوێت و ئەمیش قسەکەی خۆی لە سەردا جێگیر بکا. ئەو سەرەتا "ژیانی ڕووت" وەکوو "ژیانی خاڵی لە ئایدۆلۆژی" پێناسە دەکات. دواتر بە ڕستەگەلی جوانی مینا "ژیانی ڕووت/مەرگی ڕووت دوو تێزی سەرپەڕن کە مرۆڤبوون و ئاژەڵبوون، یان ژیاندۆست لە بەربەری جیا دەکاتەوە"[٧] یان "ژیانی ڕووت تێزێکە بەرامبەر مەرگی ڕووت ڕاوەستاوە کە داعش و ماشینە فاشیستەکانی تر بەرهەمی دەهێنن"[٨] و... هتد خۆی گوتەنی "ژیانی ڕووت بەرانبەر مەرگی ڕووت ڕادەگرێت"[٩]. بەم جۆرە خوێنەر دەکەوێتە دۆخێکی سایکۆلۆژیکەوە کە تێیدا چەمکی "ژیانی ڕووت" وەک جەمسەری دژ و بەرانبەر بە "مەرگی ڕووت" دەبینێ کە داعش نوێنەرایەتی دەکا و لە ئەنجامدا دەگا بەم ئەنجامە دڵخوازەی

---

[٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢

[٨] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤

[٩] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢

نووسەر کە گوایە کۆبانییەکان "ژیانی ڕووت" دەژین و ئەمە ئەو تەڵە نالۆژیکییەیە کە خوێنەری سڕکراو تێی دەکەوێ. لەحاڵێکدا خوێنەرێکی وردبین لە ڕووی لۆژیکەوە دەزانێ کە لە گوتارەکانی بەختیار دا وشەی "ڕووت"ی "ژیانی ڕووت" لەگەڵ ئەوەی کە لە "مەرگی ڕووت"دایە شەو تا ڕۆژ و زەوی تا ئاسمان لە ڕووی ماناوە جیاوازن. ئەمە جیا لەو شێواندنە گەورەیەی کە بەختیار لە وەڵامدنەوەی مەریوان دا بەم دەستەواژانە لەگەڵ خوێنەردا دەیکا کە دواتر وەک نارێکییەکی دیکە دێمەوە سەری و باسی دەکەمەوە. بە هەر حاڵ لە گەمەی ئەم گوتارانە لەگەڵ وشەکاندا "مرۆڤی سروشتی" و "مرۆڤی ناسروشتی" تەنیا نین و هەندێ دەستەواژەی سەرنجڕاکێش و جوانی دیکەش هەن وەکوو "ژیانی پڕ"، "مەرگی ڕووت"، "مانەوەی ڕووت"، "جەنگی ئینسانی و سروشتی"، "شەڕی سەرەتایی"، "بەرگری بە مانای سروشتی" و... هتد کە لەوانەیە لە شوێنی دیکەشدا پێویست بکا بگەڕێینەوە سەریان. بەڵام هەرکام لەمانە لە هەر مانایەکیشدا هاتبن هەڵدانەوەیان لە دەوری بانگەشە سەرەکییەکەی نووسەر ڕێکاوڕێک لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی پیازێک دەچێ بەنیازی دەستخستنی تامێکی جیاواز، کەچی

دوای فرمێسک ڕشتنێکی زۆر ئەنجامەکەی دواجار دەگاتە کرۆکێکی توون و تاڵ. ئەم کرۆکە توونە بریتییە لەم زانیارییە ناڕاست و نادروستەی کە گوایە "جەنگاوەرانی کۆبانی مرۆڤی ئایدۆلۆژی نین!!".

کورت و کورمانجی، سەرگەرمکردنی خوێنەر بە ئاپۆڕای ئەو چەمک و زاراوە و ناو و ناتۆرانەی کە گوزارە لە مانایەکی ڕێکاوڕێک نین یان هێما بۆ دیاریکراوێک ناکەن نەریتێکە ڕۆشنبیران زۆر جار خوێنەرەکانی خۆیان پێ دەشێوێنن. ئەم شێواندنە تەنانەت لە ئاماژەکانیشدا بە زۆری بەرچاو دەکەوێ. ئەم ئاماژ و زاراوانە زیاتر لەوەی ڕۆشنگەر بن، خوێنەر دەخەنە نێو بازنەیەکی ئاڵۆز و تەنراو لە هێماکردن، ماناکردن و لە ئەنجامدا تێگەیشتنی جۆراوجۆر کە تێیدا بە خەریکبوون پێیانەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕێگای بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی لە خوێنەر دەگیردرێ. ئەم ئاڵۆزییە هێندە شێوێنەرە کە تەنانەت زۆربەی کاتەکان خودی ڕۆشنبیرانیش بە شێوازێکی ناڕێک کەڵکی لێ وەردەگرن بۆ خەڵەتاندنی زیاتری خوێنەر.

## سێ: هێما بۆ نادیار

یەکێ لەو دۆخانەی کە بە ئەگەرێکی زۆر بۆ خۆتان پێش هاتووە یان لە کەسێکی تر بینیوتانە دۆخێکە کە تێیدا باسی کەسێک دەکەین و بەڵام بە ڕوونی و بە ئاشکرا ناوی ناهێنین و تەنانەت بە ڕستەگەلی لە مانای "ناو نەهێنین باشترە" یان "با ناوی کەس نەبەین" و... هتد خۆمان لە بەرپرسیارەتی ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە مەبەستەکە دەدزینەوە و بە ڕواڵەت ئاماژە بە نادیارێک دەکەین، کەچی لە ناخی خۆماندا بە ڕۆشنی دەزانین ئەو نادیارە بە دیاریکراوی کێیە. ئەم "هێماکردن بە نادیار"ە یەکێکە لە دیوەکانی تری گەمەکردن بە زمان. نەریتی وەها چەندە لەنێو خەڵکی ئاساییدا باوە، بە هەمان تۆخی نەریتێکی باوی نێو ڕۆشنبیرانیشە. ئەم نەریتە ڕەنگە لەنێو خەڵکی ئاساییدا لە ئەنجامی جۆرێک لە شەرمنی یان بە هۆی ڕەچاوکردنی ڕێزی بەرانبەر یان بە مەبەستی ڕێگرتن لە ناوزڕاندن و... هتد پەیڕەو بکرێ و هەڵگری ڕێژەیەک لە ئەخلاقمەندی و بەڕەوشتی بێ، بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ ڕۆشنبیرێک کە کارکرد و ئەرکە سەرەکییەکەی ڕێکاوڕێک بریتییە لە ڕۆشنگەری و ڕاشکاوانە گوتنەوەی ڕاستییەکان، پەیڕەوکردنی ئەم کارە ڕێک کارێکی ناویژدانییە. گوتارەکانی

بەختیار عەلی لێوانلێوە لە ئاماژە بەو بوونەوەرە بە ڕواڵەت نادیارانەی کە ئەو بە تانە و تەشەر  هێمایان بۆ دەکا و ناڵێتیش کێن. با وەک ئاماژە چەند نموونەیەک لە گوتارەکەی بەختیار بێنینەوە.

بەختیار عەلی نە لەو باسە گشتییەی کە ختە و پشەی "ئایدۆلۆژی" لە دەوروبەری "ژیانی ڕووت"ی جەنگاوەرانی کۆبانی دەیکا، نە لەو شوێنە تایبەتەی کە لەقاوی هەندێ "تێز" دەداتەوە کە دەیانەوێ خۆیان بە کۆبانیدا هەڵواسن، نە لەو شوێنە تایبەتترەش کە ترسی خۆی لە قیڕەقیری ئایدۆلۆژیستەکان دێنێتە زمان و نە ژی لەو کاتەی باس لە گەمە چەپەڵەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشوور و باکوور دەکا، هیچ نایدرکێنی بە دیاریکراوی باس لە کام ئایدۆلۆژیا و کام ئایدۆلۆژیست دەکا، مەبەستی کام ڕێکخستن و کیژان لایەنە، ئاماژەی بە کامە تێزە، کامە گەمەی چەپەڵ لەقاو دەدا و ئەو گەمانە لەلایەن کێوە بەڕێوە دەبرێن. بۆ وێنە لە گوزارەی "کۆبانی بۆنەیەکی باش بوو، هەندێک 'تێز' خۆیان بە بەرگری قارەمانانەی ئەم شارەدا هەڵواسن و بیگۆڕن بۆ بکەرێک کە گوایە بەشێک لە ئازایەتی کۆبانی بەر ئەوانیش

دەکەوێت"[10]، ناڵێ کامە تێزە کە خەریکە ئەم کارە دەکات؟!. ئەمجۆرە ساتەوەختانە لە گرنگترین چرکەساتەکانی خوێندنن. لەم شوێنانەدایە کە خوێنەر دەبێ بە قورسی ڕاوەستە بکا و پێ دابگرێ لەسەر ئەمەی کە نووسەر باسی کێ دەکات و مەبەستی کێیە. ئەگەر خوێنەر بێ دۆزینەوەی ئەو بوونەوەرەی کە بە وشەی "تێز" تانەی لێ دەدرێ بپەرژێتە سەر درێژەی نووسینەکە، لە کۆتاییدا ئەوەی کە خوێندوویەتی لەڕاستیدا بریتی دەبێ لە خوێندن سەبارەت بە تارماییەکی نادیار و مژارێکی بۆش. لە نموونەی دیکەدا و لە گوزارەی "کە لە وتارێکی پێشوودا[11] گوتم کۆبانی بەرگرییە لە ژیان، چاوەڕوان بووم کە تێزەکە قیڕەقیڕ و سووربوونەوە و دەمارهەستانی ئایدۆلۆژیستەکانی لێ بکەوێتەوە"[12]، دیسان دیار نییە ئەو ئایدۆلۆژیستانە کێن کە ئەو چاوەڕێی

---

[10] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣

[11] مەبەستی بەختیار عەلی گوتاری "کۆبانی و گەڕانەوە بۆ مرۆڤی سروشتی"یە کە لە لاپەڕە ١٩١ی کتێبی "ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی"شدا هاتووە.

[12] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣

قیڕەقیریانە و دیسان ئەوەی لەم قسەیە دەکەوێتەوە سەرلێشێواوی خوێنەرە و بەس.

زۆر ئەستەمە خوێنەری ئاگا بە بارودۆخ و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کۆبانی کە بەختیار بە نادیار باسیان دەکا باوەڕ بکا خودی بەختیار بە ڕۆشنی نازانێ ئەو ئایدۆلۆژیستانە و ئەو تێزانە بە دیاریکراوی کێن. کە واتە هۆکاری ئەم ناوبردنی بەبێ ناوهێنانە چییە؟!. پێدەچێ ئاماژەکردن بەبێ ناوهێنان لەلایەن نووسەرانەوە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە یان نیشانەی ڕوودەربایسی خودی نووسەر بێ لەو لایەنەی کە باسی دەکا، یان تەکنیکێک بێ بۆ هەرچی زیاتر شاردنەوە سیمای ئەو لایەنەی کە ئەوان تانەی لێدەدەن و ناخوازن ناویشی بێنن، یان ڕێگایەک بێ بۆ دەرچوون لە هەڵگرتنی باری ئەو قسەیەی کە ئێستا دەیکەن و ڕەنگە لە شوێنێکی تر سەبارەت پێیان پرسیاریان لێ بکرێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ڕەنگدانەوەی ئاماژەکردن بە نادیار و قسەکردنی بەگشتی سەبارەت بە هەر دیارییەک لەلایەن نووسەرەوە بە هەر هۆکارێک بێ دواجار گرێدراوی ئەو نییە بە تەنیا، بەڵکوو بە ڕادەیەکی زۆرتر گرێدراوی خوێنەریشە. بۆ

وێنە لێرەدا ئەگەر خوێنەر ئاگای لە بارودۆخی ڕۆژاڤا و کۆبانی هەبێ، دەزانێ کە بەختیار باسی کام لایەن دەکات و ئەگەر بێئاگاش بێ، هەر نازانێ باس باسی چییە و تەنیا خوێندنێکی پەتی پێ دەبڕێ. ئەم دۆخە دۆخێکی تایبەت و تێپەڕ نییە، بەڵکوو ڕەوشێکی گشتییە کە خوێنەر بەردەوام تێیدایە یان دروستتر بڵێم گەلێ جار لە باسە گشتییەکانیشدا تێی دەکەوێ. بۆ وێنە لە زۆر شوێنی تری گوتارەکەی بەختیار دا ئەم دۆخە بۆ خوێنەر لە ئارادایە. وەک میناک ئەو کاتێک دەبێژێ "لای هەندێک لەوانەی قسەیان لە کۆبانی کرد، پێیان کەم بوو بڵێین کۆبانی بەرگری لە ژیان دەکات"[١٣]، هەندێ کەسەکە دیاری ناکا. کاتێکیش دەنووسێ "با وەک ئەو نووسەرە ئازیزانە دەڵێن بڵێین کۆبانی زادەی ناسیۆنالیزمە، ئەم تێڕوانینە قەبوول بکەین"[١٤]، دیسان دەستنیشانی ئەو نووسەرە ئازیزانە ناکات. ئەو دەمەش کە ئاماژە دەکات کە "هەندێک ڕۆشنبیر هەن هیچ کات ناتوانن خۆیان لە چیرۆکە

---

[١٣] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣

[١٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١

گەورەکان پاک بکەنەوە"[١٥] یان وەختێ بە مەراقەوە دەپرسێ "بۆ زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئێمە ناتوانن لە سێبەری حیکایەتە گەورەکان دەرچن؟"[١٦]، هەمدیس ناوێک لە هیچکامی ئەو ڕۆشنبیرانە نابا. هەر بۆیە لێرەدا ئەرکی خوێنەرە بزانێ باسی کێ دەکرێ تا بزانێ سەبارەت بە چی قسە دەکرێ. بیرمان نەچێ کە خودی نووسەر خۆی بە ڕۆشنی دەزانێ ڕووی دەمی لە کێیە و بەرسڤی کێ دەداتەوە. بۆ وێنە کاتێک بەختیار لە "هەندێک ڕۆشنبیر" قسە دەکا و بە ڕۆشنی لە بارەشیانەوە دەزانێ کە "ئەدەبیاتیان پڕە لە ڕەخنەکردنی حیکایەتی گەورە، بەڵام کە دەکەونە تەفسیرکردنی دیاردەیەک، ڕاستەوخۆ دەست دەبەنەوە بۆ ئەو تێزە و گوتار و وێنانەی حیکایەتە گەورەکانی وەک ئیسلام یان مارکسیزم یاخود ناسیۆنالیزم خێرا و ئاسان دەیخاتە بەردەمیان تا دونیای پێ تەفسیر بکەن"[١٧]، کە واتە دیارە لەگەڵ کەسانێک دەدوێ کە بە باشی دەیانناسێ، بەڵام بە هەر هۆکارێک ناڵێ کە خەریکە بەرسڤی

---

[١٥] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦

[١٦] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧

[١٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦

کێ دەداتەوە و لەگەڵ کێدا دەدوێ تاکوو خوێنەر بڕوات بەشوێن ئەویشدا تا بزانێ قسەی ئەو چییە و مشتومڕەکە لەسەر چییە. کە واتە ئاماژەکردن بەبێ ناوهێنان لەلایەن نووسەرەوە ئەگەرچی زۆر جاران دەکرێ وەک هێماکردنێکی گشتی یان باسکردن لە دیاردەیەکی گشتی بێتە ئاراوە و هەر بۆیەش دەبێ بە ئاسایی ببینرێ، بەڵام دواجار ئەگەر پێویست بکا دۆزینەوەی نادیارەکان هەر دەبێ لەلایەن خوێنەر خۆیەوە ئەنجام بدرێ. چۆنکە نووسەر لە زۆر شوێنی وەهادا خەریکە باسێکی گشتی دەکا و هەر بۆیە ئاماژەکانیشی بە شێوازێکی ئاسایی گشتین و ئەرکی گەورەتر بۆ دۆزینەوەی بنکۆڵی مژارەکان دەکەوێتە سەر شانی خوێنەر. ئەڵبەتە بە بۆچوونی من بە نموونەکەی بەختیاریشەوە ئاماژە بە نادیار بە دیوە نارێکەکەیدا، واتە لەو شوێنانەی کە باسێکی گشتی ناکرێ و مەبەستەکان دیارن و نووسەر گەمەی "ناوی بێنم دەیناسن" یان "با ناوەکەی نەڵێم" پەیڕەو دەکا، زۆر جار بە ئەنقەست ئەنجام دەدرێ. بۆ وێنە لەوانەیە لەو شوێنەی کە بەختیار ئاماژە بە هەندێک یان زۆربەی ڕۆشنبیران دەدا، بتوانین ئەمە قەبووڵ بکەین کە ئەو خەریکە بانگەواز یان ئاماژەیەکی گشتی دەکا، بەڵام ئەدی لەبارەی تێزەکان و

ئایدۆلۆژییەکان و ڕێکخستنەکانی نێو کۆبانی چی؟!. ئەگەر گریمان ئەو لەگەڵ ڕۆشنبیران بەگشتی بدوێ و هەروەها نەیشتوانێ لە شەڕڤانانی کۆبانی بپرسێ سەر بە کام تێز و ئایدۆلۆژیا و ڕێخستنن، خۆ بە خودی بەختیاریشەوە تەواوی جیهان دەزانن ئەوانە کێن کە بانگەشەی خاوەندارێتی لە بەرخوەدانی کۆبانی دەکەن و دەیانەوێ خۆیان بکەن بە خاوەنی سەرکەوتنی کۆبانی!، بەڵام بۆ ئاماژەیان پێناکا و ناویان ناهێنی، دیار نییە!. بە هەر حاڵ هەر جۆرێک بێ کورد گوتەنی "قسە خاوەنی خۆی دەدۆزێتەوە" و هەروەک لەم نموونەیەدا مەریوان چووەتەوە سەر تانەکانی بەختیار لە خۆی، بە ئەگەرێکی زۆر لایەنی تانەلێدراو و ئاماژەپێکراو هەمیشە لە مەبەستی تانەلێدەر تێدەگا، بەڵام خۆ ڕۆشنبیر بۆ تەمەتەقە نانووسێ تا خەمی ئەوەی نەبێ کە "ئایا ئەم دەرفەتە بۆ خوێنەرانیش دەلوێ یان نا؟!". بێگومان خوێنەری بەختەوەر لە ڕەوشێکی وەهادا ئەو خوێنەرەیە کە یەک، تۆزقاڵێ ئاگایی لە مێژووی ئەوسا و ڕەوشی ئێسای کۆبانی بێ تا بزانێ لانیکەم یەکێ لەو ئایدۆلۆژی و تێز و ڕێکخستن و ڕەوتە باڵادەستانەی کۆبانی سەردەمی ئەم گوتارانە تەڤگەری ئاپۆییە. دوو، ئاگادار بێ کە گوتارەکانی بەختیار

لە مشتومڕێکی هزری لەگەڵ گوتارەکانی "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت" و "کۆبانی، سیستەم و کاپیتالیزم"ی مەریوان وریا قانع دا نووسراون. سێ، گوتارەکانی مەریوانیشی خوێندبێتەوە کە لە یەکەمیاندا شرۆڤەی کەسایەتی بەرخوەداتی کۆبانی دەکات و لە دووەمیاندا تەشەرەکانی بەختیار بە خۆی دەگرێ و وەڵامیان داوەتەوە. ئەگەر بیرتان مابێ کەمێ پێشتر کە باسی بوونەوەرە نادیارەکانم کرد ڕەنگدێری "بە ڕواڵەت"م بۆیان بەکار هێنا. چۆنکە لەڕاستیدا ئەوان تەنیا بە ڕواڵەت نادیارن و نووسەر خۆی بە ڕوونی دەزانێ باسی کێ دەکا و بە ئەگەرێکی زۆر خودی بەرباسەکانیش دەزانن کە نووسەر خەریکە باسی ئەوان دەکا. بەڵام دواجار بە هەر هۆکارێک بێ ئاماژەنەکردنی ڕاستەوخۆ کارێکی ناویژدانییە نووسەر لەگەڵ خوێنەری خۆیدا دەیکا. بەتایبەت بۆ نووسەرانێکی وەک بەختیار. خۆ دەکرا ئەو پارێکی بچووک لەو درێژەدڕی و فرەوێژییەی ڕۆمانەکانی بگواستایەوە بۆ ناو ئەم گوتارانە و تۆزێ زیاتر و ڕوونتر ئاماژەی بەو تارماییانە بدایە کە لە بارەیانە دەنووسێ!. بێگومان لەم لاشەوە خوێنەری ئاگا دەزانێ کە نووسەر لە کوێ باسی کێ و چی دەکا و ئەمەش

ئەو خاڵەیە کە گرنگی ئامادەبوونی خوێنەر و خوێندنەوەی ئاگایانە دەردەخا[18]. بەکورتی هێماکردن بۆ نادیار جۆرێکە لە گەمەکردن بە زمان بە دیوێکی تردا کە ئەویش بە تارمایی هێشتنی ئەو مەبەست و مژارانەیە کە قسەیان لەسەر دەکرێ. ئەم نەریتە ڕەنگە بۆ خودی نووسەران بەم دیوەدا سوودی هەبێ کە لە کاتی پێویستیدا بتوانێ لە وەڵامی پرسیاری وەک "ئایا مەبەستت فڵانکەس بوو" یان "مەبەستت کێیە" و پرسی لەم شێوازە خۆی بدزێتەوە، بەڵام بەمەدا زیانبارە کە بە ئاسانی دەتوانێ خوێندنەوەیەکی ناتەواو بەرهەم بێنێ و  خوێنەرێکی ناتەواو دروست بکا.

## چوار: شێواندن و چەواشەکاری

یەکێ لەو دەرفەتانەی کە زاراوەبازی و بەگشتی گەمەکردن بە زمان وەک ئامرازێکی هەردەم ئامادە دەیدا بە نووسەر و ڕۆشنبیران ئەمەیە کە ئەوان سەرەتا بەردەنگەکانی خۆیان بە

---

[18] ژیرۆ زاگرۆس، مرۆڤ؛ زانایی و ئاگایی، بەشی "کتێب و خوێندن، زانین و ئاگایی"، ل ١٤٧

چەمک و زاراوەکان گەمارۆ دەدەن و لەنێو شەپۆلانی وشە و ڕستەکاندا دەیانخەنە مەلەوە، ئمجا لە کاتی پێویستدا کەڵک لەم دۆخی سەرلێشێواوی و خنکانەی خوێنەر وەردەگرن و بە زیادکردن، لێبڕین و بەگشتی گۆڕینی زاراوە و گوزارەکانی لایەنی بەرانبەر هەوڵ دەدەن قسەکانی ئەو بە جۆرێ چەواشە بکەن کە بە سوودی بۆچوونەکانی خۆیان کەڵکیان لێ وەربگرن. ئەم چەواشەکارییە زۆر جاران بەکار دێت، چۆنکە یان ئێمەی خوێنەر لە گەرمەی خوێندندا هێندە ورد نابینەوە و بەدواداچوون بۆ خوێنراوەکانی پێشووترمان ناکەین، یانیش هەموو ئەو زانیارییانەی کە پێویستە بیزانین لە بەردەستماندا نین. با جارێ بگەڕێینەوە سەر "هەفت و هەشت"ەکەی نێوان مەریوان و بەختیار و لەوێدا میناکێک لەم گەمەی چەواشەکردنە بدۆزینەوە و بۆ ئەم مەبەستەش دیسان با بگەڕێینەوە سەر "ژیانی ڕووت" وەک یەکێ لە شاپەیڤەکانی ئەو دیالۆگە. لێرەشدا با جارێ کارمان بە واتا و ناخی وشەکان نەبێ و تەنیا لە ئاستی ڕواڵەتدا چاویان لێبکەین تا بۆمان دەربکەوێ کە شێواندن تەنانەت لە سەرەتاییترین و سادەترین شێوازی خۆیدا، واتە لە گۆڕینی خودی وشەکانیشدا ئەنجام دەدرێ.

بەختیار لە "کۆبانی و گەڕانەوە بۆ مرۆڤی سروشتی"دا سەبارەت بە جەنگاوەرانی کۆبانی دەڵێت "جوانییان لەوەدایە کە بەرگری لە ژیانی ڕووت دەکەن"[19]. سەرنج بدەن کە بەختیار لەم ڕستەیە و بەگشتی لەم وتارە و لە تەواوی وتارەکەی دواتریشیدا بە تۆخی ڕەنگدێری "ڕووت" بە "ژیان"ەوە دەنووسێنێ و پێداگرە لەسەر هاوردنی ئەم ڕەنگدێرە بەشوێن "ژیان"دا. کە واتە چەمکی "ژیانی ڕووت" لە قسەکانی بەختیار دا جیا لەوەی بە چی مانایەک هاتووە چەمکێکی دیاریکراوە کە جیاوازە لە پەیڤی تەنیای "ژیان". لە لایەکی ترەوە مەریوانیش لە گوتارەکەیدا بە ڕۆشنی دەڵێت کە "کۆبانی شەڕ بۆ ژیانی ڕووت ناکات"[20]. ئمجا بەختیاریش لە وەڵامی ئەودا دێت و بە ڕستەی "لای هەندێک لەوانەی قسەیان لە کۆبانی کرد، پێیان کەم بوو بڵێین کۆبانی بەرگری لە ژیان دەکات" [21] بەرسڤی مەریوان دەداتەوە. یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت "با بۆ کەمێک لەگەڵ خاوەنی ئەو بۆچوونانەدا

---

[19] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشبستی، ل ١٩٩

[20] مەریوان وریا قانع، گوتاری "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت؟"

[21] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٠٢

تەبا بین و بڵێین بەڵێ کۆبانی بەرگری نییە لە ژیان"[٢٢]... . تکا دەکەم جارێکی تر با پێکەوە لە سەرەتای ئەم بەندەوە پێدا بچینەوە، بەشکەم تێبگەین چی نارێکییەکی گەورە لە ئارادایە!. ئەوەی لێرەدا هەیە بەکورتی ئەمەیە: بەختیار دەڵێت کۆبانی بەرگری لە "ژیانی ڕووت" دەکات. مەریوان وەڵامی دەداتەوە کە نا، کۆبانی بەرگری لە "ژیانی ڕووت" ناکات. ئەمجار بەختیار لە بەرسڤەدانەوەی دووەمدا دەکەوێتە یاریکردن بە مێشکی خوێنەر و بە ئەنقەست وشەی "ڕووت" لە "ژیان" دەکاتەوە کە شاپەیڤی ئەم دیالۆگەیە و بەم شێوازە هەوڵی چەواشەکاری و شێواندنی گفتوگۆکە دەدا تا وا بنوێنێ کە ئەم گوتوویەتی کۆبانی بەرگری لە ژیان دەکات و مەریوان دەڵێ نەخێر کۆبانی بەرگری لە ژیان ناکات!. بە گوتنێکی دی لەحاڵێکدا کە نە بەختیار "ژیانی ڕووت"ی بە مانای "ژیان" بەکار هێناوە و نەیش مەریوان قەت نکۆڵی لە بەرگریکردنی کۆبانی لە ژیان کردووە، کەچی بەختیار دێت و ناوەڕۆکی گفتوگۆکەی نێوان خۆی و مەریوان بە تەواوی دەشێوێنێ و بە جۆرێ لە جۆرەکان درۆ

---

[٢٢] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤

بەدەم مەریوانەوە دەنێ تا بە سوودی بۆچوونەکەی خۆی مێشکی خوێنەر بشێوێنێ!.

با نموونەیەکی تر لە چەواشەکردن بێنمەوە. سەرنجی ئەم ڕستانەی وتارەکەی مەریوان بدەن کە دەڵێت: "هاوکیشەکە هەر لە سەرەتاوە لەنێوان ژیان و مردندا نییە، بەڵکوو لەنێوان مردن و پروژەیەکی یۆتۆپیدایە. مردن لیرەدا بەشێکە لە پروژەی دروستکردن و پاراستنی یۆتۆپیایەک... شەڕ لە کۆبانیدا شەڕی بەر لە ئایدۆلۆژیاکان و دوای ئایدیۆلۆژیاکان نییە بەڵکوو شەڕی ئەو ڕەهەندە یۆتۆپییە بەهێزەی ناو ناسیۆنالیزمە کە بە توندی بە بیرۆکەی ئازادی و یەکسانییەوە گرێدراوە، شەڕی ئەو ڕۆحە یۆتۆپییەیە لەگەڵ سەرجەمی ئەو ڕێگرانەدا کە دەیانەوێت ئەو یۆتۆپیایە لە هەموو ئەگەرێکی بەرجەستەبوونی سەرزەمینی و واقیعیی دابماڵن... ئەم ڕەهەندە یۆتۆپییە لە هۆشیاری کۆبانییەکاندا تەنها ڕەهەندی خەونبینین بە گەلێکی خاوەن دەوڵەت و خاوەن ئاڵا و خاوەن سنوور و خاوەن دانپیانانی

جیهانیدا نییە بەڵکوو خەونبینینیشە بە دروستکردنی گەلێکی بەختەوەرەوە"[٢٣].

ئەمجا سەرنج بدەنە وەڵامەکەی بەختیار: "ئایا ناسیۆنالیزمێک کە لە مێژووی ڕاستەقینەی کۆن و نوێیدا جگە لە نوشوستی گەورە سەرکەوتنێکی بەرچاوی تۆمار نەکردووە چۆن لە ناکاو لە هەموو پێستی مێژوویی خۆی، لە ڕەنگی خۆی، لە ژێرخانە سیاسی و ڕۆحییەکەی جیا بووەوە و بوو بە خوڵقێنەری یۆتۆپیا و ئەفسانە و چێنەری ئازادی و یەکسانی و نەهێڵەری جیاوازی جەندەر و جیاوازی چینایەتی؟. واتە لە ناکاو ئەم ناسیۆنالیزمە شکستخواردووە بێبەرهەمە وەک دەرمانێکی سیحراوی خواردبێت لە پڕێکدا هەموو ئەو خەونانەی مرۆڤایەتی لە مێژووی درێژی خۆیدا نەیهیناوەتە دی، لە نەمانی جێندەر و نەمانی جیاوازی چینایەتی دەیهێنێتە دی و بەرجەستەیان دەکات؟"[٢٤]

---

[٢٣] مەریوان وریا قانع، گوتاری "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت؟"

[٢٤] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢١٣

وەک دەبینین ڕستەکانی مەریوان بەتایبەت لە هێمای وشە و دەستەواژەگەلی وەک "پرۆژەی یۆتۆپی"، "ڕەهەندی یۆتۆپی"، "خەونبینین"، "شەڕی ڕۆحی یۆتۆپی لەگەڵ سەرجەم ڕێگرەکان" و... هتد بە ئاشکرا تەنها و تەنها باس لە هەبوونی "نیاز و خواست"ێک دەکەن بە ئاراستەی هێنانەدی یۆتۆپیا و هەندێ خەونی مرۆڤایەتی. بەڵام بەختیار بە چەواشەکارییەکی ناویژدانی لە بەرسڤدانەوەکی تانەئامێزدا وەڵامەکەی بە جۆرێ دادەڕێژێ وەک بڵێی مەریوان پێی وا بووە کۆبانی هەموو ئەو خەونانەی مرۆڤایەتی هێناوەتە دێ و چارەسەری کردوون !...

بەداخەوە ئەم دۆخی "من چە وتم، تو چە شنەفتی!"[٢٥] یە دۆخێکە ڕۆشنبیران بەرانبەر بە یەکتری ژیانی دەکەن و خوێنەرەکانیشی پێوە تووش دەکەن تاکوو بە ئاراستەی چەسپاندنی بۆچوونەکانی خۆیان بیانخەڵەتێنن. ئەوان ئەم کارە بە شێوازی جۆراوجۆری وەک لێبڕین، زیادکردن، ژێروبانکردن و بەگشتی چەواشەکردنی قسەی بەرانبەرەکانیان ئەنجام دەدەن. کە وابوو، یەکێ لە ئەرکە گرنگەکان لە بواری

---

[٢٥] دێڕێک لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کەلهوڕی

خوێندندا ئەمەیە کە ئێمەی خوێنەر لەپێناو چەواشەنەبوون و بەکارنەهاتنی خۆمان لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەبێ هەمیشە لەبەر چاومان بێ کە بە هەر هۆکارێک دەکرێ بەشێ لە ڕاستییەکان بشاردرێنەوە یان چەواشە بکرێن. لەم نێوەدا بیرمان نەچێ کە ڕۆشنبیران لەژێر سێبەری گوزارە و ڕستەگەلی وەک "قسەکانم بە هەڵە تێگەیشتوون"، "مەبەستەکەی من بە دروستی وەرنەگیراوە"، "مەبەستی من وا نەبووە و لێکدانەوەی شاشی بۆ کراوە" و... هتد کە لە زۆربەشیاندا خۆیان لە سەرەوە و خاڵی لە نارێکی دادەنێن و هەر خوێنەرەکان بە تاوانبار و ناتێگەیشتوو دەزانن، هەمیشە ڕێگایەکی دەرچوون دەدۆزنەوە بۆ پاساودانی هەڵە و نارێکییەکانی خۆیان. بەڵام ئێمەی خوێنەر تەنیا یەک بژاردەمان لە بەردەستدایە و ئەویش وردبینی هەمەلایەنەی لۆژیکییە بەرانبەر بە زانیارییەکان کە ئەگەر ڕەچاوی نەکەین بە ئاسانی بە سەرماندا تێدەپەڕن و ئەوەی دەستمان دەکەوێ هیچ نییە جگە لە هەندێ بۆچوونی چەواشە و شێوێندراو و دەستکاریکراو. بەداخەوە ژمارەی ڕۆشنبیرانی چەواشەکار هێندە کەم نییە کە بکرێ تۆمەتی "ئەمە نە یەکەمین جارە و لەوانەیە دواهەمین جاریش نەبێت کە

تێکستی کەسانی تر بشێوێنێت و بە کەیفی خۆی ڕا و بۆچوون و لێکدانەوەی ناڕاست و دروەستکراو بداتە پاڵ هەموو ئەوانەی کە دەیەوێت ڕەخنەیان بکات"[٢٦] کە مەریوان لە بەختیاری دەدا، تەنیا لە نموونەی ئەودا کورت بکەینەوە. بە هەمان شێوە چەواشەکاری و شێواندنەکانیش هێندە کەم نین تا وا بزانین تەنیا لە سنووری گۆڕینی پەیڤ و زارەکاندا دەمێنێتەوە، بەڵکوو وەک مەریوان دیسان گلەیی لێ دەکات، دەکرێ لە "لێکدانەوەی نادروست"، "شێواندنی بە ئەنقەست"، "تۆمەتی دوور لە ئەخلاقییاتی نووسین" و "بوختانی داتاشراو"[٢٧] و... هتددا بێتە ئاراوە. لەم ڕوویەوە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆشنبیراندا لە کاتی خوێندندا دیوێکی گەورەی ئەخلاقیشی هەیە کە پێویستە ئێمەی خوێنەر گرنگی پێ بدەین. ئەم گلەییانەی مەریوان خۆیان گوزارەیەکی ڕوون و ئاشکران لەمەی کە گەمەی ناویژدانی ڕۆشنبیران تەنیا لە ڕواڵەتی وشە و ڕستەکاندا نییە، بەڵکوو لە

---

[٢٦] مەریوان وریا قانع، گوتاری "کۆبانی و سیستەم و کاپیتالیزم"

[٢٧] سەرچاوەی پێشوو

**لێکدانەوە، تەفسیر و بەگشتی لە گۆڕینی واتاکانیشدا لە ئارادان...**

# قسە لەسەر هیچ

## یەک: شەڕەبۆچوون بە تێگینە ناهاوبەشەکان

بەڕاستی بیرم نییە لە شوێنێک خوێندوومە یان کەسێک بۆی گێڕاومەتەوە، بەڵام کورتەچیرۆکێکم لە بەرچاوە کە دەڵێت کابرایەک لە لێواری چۆمێکدا وەستابوو و چاوی لە ماسیگرێک کەوت کە بە دیار قولاوێکەوە دانیشتووە. ڕێبوارێکیش بەویدا تێپەڕی و بانگی ماسیگری کرد: "ئەوە خەریکی ماسی ئەگریت؟". ئەویش بەرسڤی دایەوە: "نە، نە،... خەریکم ماسی دەگرم". ڕێبواری یەکەم هاتەوە گۆ: "ئەها... وام ئەزانی خەریکی ماسی ئەگریت!". کابراش کە بەم گوتوبێژە سەیرە سەری سووڕ مابوو لێیان نزیک بوویەوە تا بزانێ ئەمە چی بوو ڕوویدا، بینی کە هەردوکیان کەڕ و نابیستن و لە هەمان کاتدا کە بە ڕواڵەت یەکتریش دەدوێنن، نە ماسیگر بە تەواوی دەزانێ ڕێبوار چی لێ پرسیوە و نە ڕێبواریش بە دروستی دەزانێ ماسیگر چی بەرسڤ داوەتەوە و هەرکامەیان بە

خەیاڵی خۆیان مانایەک لە قسەکانی ئەوی دی وەردەگرن و لەسەر بنەمای خەیاڵی خۆیان وەڵام دەدەنەوە. لە ئەنجامدا ئەوەی هەیە دۆخێکە تێیدا نە پرسیارێکی دروست کراوە، نە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە هاتووەتە ئاراوە و نە وەڵامێکی ڕاستیش دراوەتەوە...

دۆخی ئێمە لەنێو مشتومڕ و بگرە و بەردە هزرییەکانی ڕۆشنبیراندا زۆر جاران لە دۆخی کابرا دەچێ لەنێوان ڕێبوار و ماسیگردا. دۆخێک کە تێیدا هەردوو لا بە ڕواڵەت خەریکن سەبارەت بە یەک شت دەدوێن، بەڵام لەڕاستیدا هیچیانیش نازانن ئەوی دیکە باسی چی لەگەڵ دەکا. هەرکامەیان لە خەیاڵاتی خۆیدا قسەی ئەوی تر دەخوێنێتەوە و هەر لەو جیهانەی خۆشیدا بەرسڤی دەداتەوە. هەردوو لاش هەر بە خەیاڵی خۆیان بەرسڤی پرسەکانی خۆیان وەردەگرنەوە. لەوەتەی من سەرنجم داوە چیرۆکی زۆرێک لە هەڤپەیڤین، دیمانە، لێدوان، بەرسڤ و شرۆڤەکانی ڕۆشنبیرانە لەگەڵ یەکتریدا چیرۆکی ئەم ماسیگر و ڕێبوارەیە. ئێمە ڕۆژانە لەنێو کتێبەکاندا دەخوێنین و لەسەر شاشەکاندا دەڕوانین کە ڕۆشنبیران بە ساعەت دادەنیشن و لەگەڵ یەکتری لەسەر

بابەتێک مشتومڕ دەکەن و بیروڕا دەگۆڕنەوە و کەچی هەرکامەشیان لە دۆڵێکدان و تەنیا وشەکانیان هاوبەشە و تێگەیشتنیان لەو وشە هاوبەشانە زەوی تا ئاسمان لەیەک جیاوازە. بە گوتنێکی دی لەحاڵێکدا کە ئێمەی خوێنەر و بیسەر وا دەزانین ئەوان خەریکن لەسەر شتێکی دیاریکراوی هاوبەش قسە دەکەن بە مەبەستی ڕۆشنکردنەوەی ئێمە، کەچی قسەکانیان لەڕاستیدا هەندێ کاوێژی پووچە لەسەر هیچ و ئێمە تەنیا سەرگەرم و خەریک بە "هیچ" دەکرێین. بۆ ئەوەی ئەم دۆخەمان ڕوونتر بۆ وێنا بکرێ، دیسان با بگەڕێینەوە سەر گوتوبێژەکەی بەختیار و مەریوان و لەڕێی دوو دەستەواژە سەرەکی و گرنگەکەی ئەم گوتوبێژە، واتە "ژیانی ڕووت" و "مرۆڤی سروشتی" باس لەم دۆخە بکەین کە ئێمە وەک خوێنەر تێیداین.

مەریوان لە شرۆڤەی ڕەوشی کۆبانیدا دەڵێت: "ئەوەی لە کۆبانی ئامادەیە نە 'دۆخی سروشتی'یە بە مانا 'هۆبز'[١]ییەکەی و نە 'ژیانی ڕووت'ـە بەو مانایەی ئاگامبن بە

[١] Thomas Hobbes

ژیانی ڕووتی دەدات"[2]. ئەگەر سەرەتا بە "ژیانی ڕووت" دەست پێبکەین، مەریوان لە گوزارەکەی خۆیدا دەستنیشانی دەکات کە "ژیانی ڕووت"ی لەو مانایەدا بەکار هێناوە کە ئاگامبن. کە واتە پێویستە بزانین ئەم مانایە لە تێگەیشتنی مەریوان دا چییە. ئەو لە گوتارێکی تردا بەم گوزاە و دەستەواژانە وێنای "ژیانی ڕووت" دەکات: "ژیانێکە هیچ شتێک نییە بتوانێت داڵدەی بدات و بیپارێزێت" ـ "ژیانێکە کەسێک نەتوانێت بەرگری لێ بکات و هەمیشە لە بەردەمی ئەگەر و توانای ئەوەدا بێت بە تەواوی وێران بکرێت" ـ "ژیانێکە مرۆڤ تێیدا لە هەموو نرخ و بەها و مافێک ڕووت کرابێتەوە" ـ "ژیانێک کۆمەڵگا نایەوێت و ناخوازێت بیهێڵێتەوە و بیپارێزێت. ژیانێک بەبێ ماف و بەدەر لە لێبوردەیی ئینسانی و دینی" ـ "ژیانێکی تەواو دابڕاو لە ماف" ـ "ژیانێکی نەپارێزراو"[3]... هتد. کە واتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم کۆپەیڤ و ڕستە و گوزارانە دەتوانین وا تێبگەین کە مەبەستی مەریوان لە گوزارەی "کۆبانی شەڕ بۆ ژیانی ڕووت

---

[2] مەریوان وریا قانع، گوتاری "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت؟"

[3] مەریوان وریا قانع، گوتاری "ئافرەتی کورد وەک هۆمۆساکەر"

**ناکات" ئەمەیە کە بەرخوەدێرانی کۆبانی برێ هۆمۆساکەر[٤]ی ڕووتکراو لە نرخ و بەها و ماف نین کە کەوتبنە پەلەقاژە و دەسەکوتەی ڕزگارکردنی گیانی خۆیان، بەڵکوو بەرخوەدانی ئەوان بزوێنەرێکی جیاوازی لەپشتە و ئامانجێکی جیاتری لەپێشە و بەگشتی هەڵگری مانایەکە جیا لە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی گیان و ژیانی خۆیان بە تەنیا. بەکورتی "ژیانی ڕووت" لەلای مەریوان بە واتای "ژیانی ڕووتکراو لە ماف" دێت. بەڵام بەختیار دێت و لە دەرەوەی ماناکەی ئاگامبن یان وردتر بڵێین لە درەوەی تێگەیشتنەکەی مەریوان بۆ "ژیانی ڕووت" مانایەکی خۆی بۆ ئەم چەمکە دادەتاشێ کە وەک لە بەشەکانی پێشوودا بە درێژی ڕوونمان کردەوە بریتییە لە "ژیانێکی ڕووتکراو لە ئایدۆلۆژیا". وەک لە گوتارەکانیشدا ڕۆشنە بە ئاشکرا هەردوو لا خۆشیان دەزانن کە ئەم زاراوەیە لە دوو واتای جیاوازدا بەکار دێنن. بۆ وێنە لەم کۆڕستەیەدا کە دەڵێت "شتێک بوونی نییە ناوی ژیانی ڕووت بێت، ئەوەی لە هەر شوێنێکی دونیادا ئامادەیە، بە کوبانییشەوە ژیانێکی پڕە، پڕ لە مانا و زمان و وێنە و گوتار و چاوەڕوانی و خەون و**

---

[٤] Homo Sacer

یادەوەری و... هتد. لە نوسینەکەی مندا کوبانی بەرگری لە ژیانی ڕووت ناکات، بەڵکوو بەرگری لەو ژیانە پڕە دەکات"[٥]، مەریوان بە ڕوونی و بە ئاشکرا "ژیانی ڕووت" بەرانبەر بە "ژیانی پڕ" دادەنێت. کەچی بەختیاریش بە هەمان ڕۆشنی دەڵێت: "زاراوەی 'ژیانی ڕووت' لای من بەرامبەر 'ژیانی پڕ' ڕاناگیرێت"[٦]. ئەمەش یانی بەکارهێنانی یەک چەمک و زاراوە بە دوو مانای جیاواز لەلایەن دوو کەسەوە. کە واتە تا ئێرە دوو کەس دوو مانای جیاواز بۆ یەک چەمکی دیاریکراو پێشکەش دەکەن کە گەرچی نارێکە، بەڵام دەکرێ بڵێین قەی چی ئەکا، با هەرکەسە و مانای خۆی هەبێ. بەڵام لەڕاستیدا نارێکی گەورەتر دوای ئەمە دەست پێدەکا، کاتێک ئەم دەڵێت کۆبانی ژیانی ڕووت نییە و ئەو دەڵێت نا، کۆبانی ژیانی ڕووتە و تەواوی مشتومڕەکە دەکەوێتە سەر ئەم دوو بانگەشەیە!. مشتومڕێک لەو پەڕی بێمانابیدا. بۆ بێمانایە، چۆنکە لەنێوان دوو کەسدا داوەریکردنی ئەمەی کە کۆبانی ژیانی ڕووتە یان ژیانی ڕووت نییە  تەنیا و تەنیا لە دۆخێکدا دەتوانی مانادار

---

[٥] مەریوان وریا قانع، گوتاری "کۆبانی و سیستەم و کاپیتالیزم"

[٦] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٢٢

بێ کە ئەو دوو کەسە یەک پێناسە و یەک مانای هاوبەشیان لە "ژیانی ڕووت" هەبێ. ئەگەر سادەتر بدوێم، ئەم دۆخە و ئەم کارە ڕێکاوڕێک لەمە دەچێ کە لێرەدا منی ژیرۆ و تۆی خوێنەر دوو مانای تەواو جیاوازمان هەبێ لە وشەی "سپی" و ئمجا بێین و لەسەر ئەمە بکەوینە دەمەقاڵەوە کە لاپەڕەکانی ئەم کتێبە سپین یان سپی نین!. کە واتە لە دۆخێکی وەهادا نە کێشەیەک هەیە یەکلا بکرێتەوە، نە لارییەک هەیە ڕاست بکرێتەوە، نە هەڵەیەک هەیە دروست بکرێتەوە. بەکورتی نە پرسێک هەیە بەرسڤ بدرێتەوە و نە دۆزێک هەیە چارەسەر بکرێ و نە هیچێکی تر... . بەم جۆرەیە کە بەشێکی گەورە لە وەڵامدانەوەکان، لێکدانەوەکان، بۆچوونەکان و بەگشتی مشتومڕەکانی ڕۆشنبیران لەگەڵ یەکتریدا "بگرە و بەردە"یەکی پەتی و بێبنەمایە لەسەر پەیڤ و زاراوە و ڕستە و گوتارگەلێ کە بە ڕواڵەت باسی یەک شت دەکەن و بە ناوەڕۆک لە دوو جیهانی جیاواز دەدوێن. لە ئەنجامدا بە ئاراستەی ڕۆشنکردنەوەی خەڵکی هیچیان لێ سەوز نابێ، چۆنکە لەم هەرایانەدا هەر لە بنەڕەتەوە شتێک لە ئارادا نییە بە ناوی ڕۆشنگەری و ڕۆشنکردنەوە و ئەوەی هەیە

دروستکردنی کەڵکەڵەیەکی بێهۆدەیە لەلای خوێنەران لەسەر هیچ.

نموونەی دووەم لە نەریتی قسەکردن لەسەر هیچ کە ئاڵۆزتریشە، گەمەکردنی مەریوان و بەختیارە بە "دۆخی سروشتی" و "مرۆڤی سروشتی" بەرانبەر بە یەکتری. پێشتر لە بەشی "زاراوەبازی"دا بە وردی ئاماژەم پێکرد کە بەختیار پێناسەی "مرۆڤی سروشتی" بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبەستێتەوە بە خاڵیبوون و خۆسەربوون لە ئایدۆلۆژیا. ئەو وەک بەشێک لە گەمەی زاراوەبازی خۆی لەگەڵ خوێنەرانیدا ئەم کارە لەڕێی دەستەواژەی "بەرگری بە مانای سروشتی" ئەنجام دەدات کە لە پێناسەی ئەودا بریتییە لە "بەرگری لە دەرەوە و بەر لە ئایدۆلۆژیا". پێشتر ئاماژەم بە چەند گوزارەیەک لەم بارەیەوە داوە و هەر بۆیە لێرەدا بۆ ڕێگرتن لە دوبارەکردنەوەی قسەکان تەنیا یەکێکیان دێنمەوە کە تێڕی خۆی ئاماژەی ڕوونی لە پێناسەکەی بەختیار عەلی لە "مرۆڤی سروشتی" تێدایە. ئەو دەڵێت: "جەنگاوەرەکان لەم شارە بچووکەدا مانای بەرگری لە هەموو تەپوتۆزە ئایدۆلۆژییەکان دەتەکێنن و دەیگێڕنەوە سەر مانا سروشتییەکەی، وەک

بەرگری لە شتێک کە ناچێتە ژێر ڕەحمەتی هیچ پێناسەیەکی مەزهەبی و ئایدۆلۆژییەوە"[7]. لەحاڵێکدا کە بەختیار نە باسی "دۆخی سروشتی" کردووە و نەیش لە دەستەواژەی "مرۆڤی سروشتی"دا ناوێکی لە تۆماس هۆبز هێناوە، کەچی مەریوان وەک ئەوەی تەنیا مەبەستی کەلکەلکردن یان یەک و دوو کردن بێت لەگەڵ بەختیاردا یان قەت لە دەستەواژەکەی بەختیار ورد نەبووبێتەوە، یەکسەر دەچێتە سەر نزیکترین دەستەواژە بە "مرۆڤی سروشتی" کە زاراوەی "دۆخی سروشتی"یە. بە تێگەیشتنی مەریوان ئەڵبەتە لە زمانی "جان لاک"[8]ـەوە "دۆخی سروشتی ئینسان مانای دۆخی بەر لە دروستبوونی دەوڵەت و حوکمڕانییە، ئەو دۆخەی ئینسان تیایدا هێشتا بیری لە پێویستی بوونی پادشا یان ئەمیر یان دەسەڵاتدارێک نەکردۆتەوە"[9،10]. کە واتە لێرەشدا دیسان

---

[7] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١

[8] John Locke

[9] مەریوان وریا قانع، گوتاری "خەڵک حکوومەتی بۆ چییە؟"

[10] پێویست بە ئاماژەیە کە چۆنکە لێرەدا لە لایەکەوە مەبەستمە تێگەیشتنەکەی مەریوان لەم چەمکە ڕێکاوڕێک وەک خۆی بگوازمەوە، لە

ئەوەی لە ئارادایە چیرۆکی دەمەقاڵەیەکی پووچە لەسەر هیچ. بەختیار دەڵێ جەنگاوەرانی کۆبانی "مرۆڤی سروشتی"ـن، ئەڵبەتە بەو پێناسەیەی کە خۆی لە "مرۆڤی سروشتی" دەیکا. کەچی مەریوان دێت و بۆ ڕەدکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەڵێ نا، لە کۆبانیدا "دۆخی سروشتی" لە ئارادا نییە. ئەڵبەتە بەو پێناسەیەی کە ئەمیش خۆی لە "دۆخی سروشتی" دەیکا. ئەم کارەی مەریوان تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەتوانێ مانای هەبێ و ئەویش ئەمەیە کە مەریوان وا تێگەیشتبێ کە مرۆڤی سروشتی ئەو کەسەیە کە لە دۆخی سروشتیدا دەژی. بەڵام خۆ بەختیار لە قسەکانیدا قەت ئەمجۆر داناسینێکی لە مرۆڤی سروشتی نەکردووە و قەتیش ئەم دوو چەمکەی پێکەوە گرێ نەداوە. کە واتە بە ئەگەرێکی زۆر مەریوان لە کاتێکدا خەریکە ڕەدی قسەکەی بەختیار دەداتەوە کە بە دروستی لێی تێنەگەیشتووە. ئەمە یانێ دەرمانکردن بەبێ

---

لایەکی ترەوە گوزارەیەکم لە مەریوان دەست نەکەوت کە لە زمانی هۆبزەوە ئەم پێناسەیەی هێنابێ و لە لایەکی دیکەشەوە جان لاک و تۆماس هۆبز یەک پێناسەیان لە "دۆخی سروشتی" هەیە، لێرەدا بە ناچاری ئەم گوزارەیەم هێناوە کە پێشم وا نییە هیچ زیانێک بە ناوەڕۆکی کۆی باسەکەی من بە ئاراستەی ناتێگەیشتن بگەیێنێ.

زانینی دەردەکە. بەکورتی ئەوەی لێرەشدا وەک نموونەکەی پێشوو خەریکە هەم لەلایەن نووسەر و هەم لەلایەن خوێنەرەوە ژیان دەکرێ بریتییە لە خەریکبوون بە پووچ. ئەڵبەتە لەم نموونەیەدا بەختیار لە ڕوونکردنەوەدا تۆزێ ڕەوشەکە پاکتر دەکاتەوە و بە ڕۆشنی دەڵێت کە لەلای ئەو "مرۆڤی سروشتی" ئەوە نەبووە کە مەریوان لێی تێگەیشتووە. بەڵام لێرەشدا ئەو بە بەکارهێنانی "دۆخی هۆبزی" لەجیاتی "دۆخی سروشتی" لە گوزارەی "کە قسە لە مرۆڤی سروشتی دەکەین، قسە لە دۆخی هۆبزی ناکەین"[11]، یان بە بەکارهێنانی "مرۆڤی هۆبزی" لەباتی "مرۆڤی سروشتی" لە گوزارەی "مرۆڤی سروشتی پێچەوانەی مرۆڤی هۆبزییە"[12]، دیسانەوە تیکەکە بە دەوری سەردا دەگەڕێنێ و گرێیەک بە هەزارگرێی زاراوەکان زیاد دەکاتەوە. لەحاڵێکدا بە ئاسانی دەکرا بڵێ "بە بۆچوونی من دۆخی کۆبانی دۆخی سروشتی نییە بە مانا هۆبزییەکەی و ئەو مرۆڤە سروشتییەش کە من باسی دەکەم بەو مانایە نییە کە هۆبز پێناسەی کردووە و مەریوان

---

[11] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٢٩

[12] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠

باسی دەکا"، تاکوو هەم ڕێکاوڕێک بەرسڤی قسەکانی مەریوانی دابێتەوە و هەم خوێنەریشی تووشی سەرئێشەی زیاتری زاراوەکان نەکردبێ...

بەکورتی دۆخی "قسەکردن لەسەر هیچ" دۆخێکە ڕۆشنبیران لەنێوان خۆیاندا بە شێوازێکی ئالّایە گشتگیر و هەمیشەیی ژیانی دەکەن. ژیانکردنی ئەم دۆخە تەنیا لەنێو دێڕی کتێبەکاندا لە ئارادا نییە، بەڵکوو بە ڕۆژانە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان، لەنێو تۆڕە جڤاکییەکان، لە بەردەم مایکەکان و لەسەر کورسی زانکۆکانیش دەبینرێ. پەیڕەوی ئەم دۆخە ئێمەش لەلایەن ئەم ڕۆشنبیرانەوە بە ڕادەیەکی بەرچاو خەریک بە "خوێندنەوەی هیچ" دەکرێین و لە ئەنجامدا بەشێکی گەورە لە خوێندنەکانی ئێمە خاڵییە لە ڕۆشنبوونەوە و گەلێ جار لە کۆتایی هەر خوێندنێکدا ئەوەی دەبێتە بەشمان بریتی دەبێ لە هەندێ بۆچوونی بە ناوەڕۆک پووچ لە دووتوێی هەندێ زاراوە و ڕستەی بە ڕواڵەت جواندا.

## دوو: دژوازی نیشانەی پووچەڵبوون

جیا لە قسەکردن لەسەر تێگینە ناهاوبەشەکان ڕۆشنبیران لەڕێی ناڕێکییەکی دیکەشەوە دەتوانن وا بکەن کە خوێندن ببێتە کردەیەکی بەتاڵ و پووچ و بێبەرهەم. ئەم ناڕێکییە کە زۆرێک لە ڕۆشنبیران و بەگشتی جیهانی ڕۆشنبیری هەڵگرییەتی بریتییە لە دژوازی. دژوازی بە مانای هەرجۆرە لێکدژی و ناکۆکییەک دێت کە لەنێو گوتەکان یان لەنێوان گوتە و کردەی مرۆڤدا دەبینرێ. کە واتە دژوازی دەتوانێ یا لە خودی بۆچوون و گفتاری کەسێکدا بێ، بەم واتایەی کە قسەکانی مرۆڤ خۆیان لێکدژ و بە یەکدی ناکۆک بن و یەکتری بەتاڵ بکەنەوە، یان ژی لەنێوان گفتار و کرداردا بێتە ئاراوە، بەم مانایەی کە وتە و کردەی مرۆڤ بە یەک نەخۆن و لەگەڵ یەکتریدا نەیێنەوە. لێرەدا چۆنکە مژاری سەرەکیمان قسەکردنە لەسەر دەقی وتار و نووسین بەگشتی، مەبەستی من لە دژوازی لەم نووسینەدا زیاتر جۆری یەکەم، واتە دژوازییە لە گفتاردا. دیارە کە مەبەستیشم لە گفتار تەنیا قسەکردنی زارەکی پەتی نییە، بەڵکوو هەموو شێواز و جۆرە دەربڕینێکی بیر و بۆچوون دەگرێتەوە. دژوازی بە هەمان شێوە کە دەتوانێ نیشانەی بێئاگایی بێژەر بێ لە ڕەهەندە

جۆراوجۆرەکانی ئەو مژارەی کە باسی دەکا، دەیشتوانێ هۆکرد و لێکەوتەی ڕاستەوخۆی فرەویژی بێ لەسەر مژارەکان و هەر وسا دەتوانێ ژی بەرهەمی ناشارەزایی بێ لە بنەماکانی لۆژیک. دژوازی لە گفتار یان بە گوتنێکی دی نەهاتنەوەی بۆچوون و قسەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتریدا ئەگەرچی هەندێ جار دەکرێ بە ڕووتی لەنێو خودی قسەکاندا خۆی نیشان بدا، بەڵام بەگشتی لەڕێی لۆژیکی گوزارەکانەوە دەتوانین بە ئاسانی پەی پێ ببەین. بەڵام بەداخەوە چۆنکە ئێمە لە لایەک بەم مانایەی کە ئاگایانە  و بە هۆشیارییەکی هەمەلایەنەوە لەسەر زانیارییەکان بخوێنینەوە خاوەن نەریتێکی دروستی خوێندنەوە نین و لە لایەکی تریشەوە بە ڕادەیەکی زۆر بێبەشین لە بنەماکانی لۆژیک، زۆربەی کات دژوازییەکان بە ئاسانی و بە بێدەنگی بە سەرماندا تێدەپەڕن. هەر بۆیە بەشێک لە کردەی خوێندن لەلای ئێمە خوێندنی دژوازییەکانە بەبێ ئەوەی هەستیان پێ بکەین. بۆ وێنە گوتارەکانی بەختیار و مەریوان چەندین دژوازی گەورە و بچووکیان تێدایە کە لێرەدا وەک میناک ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم. بەشکەم بیرتان نەچووبێتەوە کە لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کرد بەختیار بە ئاماژەگەلی "هەندێک" و "زۆر" بەشێک لە

ڕۆشنبیرانی بەوە تاوانبار کرد کە دەگەڕێنەوە بۆ "حیکایەتە گەورەکان". بێگومان ئەم قسەیەی بەختیار بەشێکی گەورە لە ڕاستی تێدایە و "جیهانبینی" ڕۆشنبیری کورد وەک بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤی بندەستی کورد بە ڕادەیەکی زۆر پەیڕەوی جیهانبینی ڕۆشنبیرانی ناوچەکە و ڕۆژاوایە. لەڕاستیدا ڕۆشنبیرانی کورد زۆر جاران هەم وەک بەشێک لە شەقامی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی ناوین دەگەڕێنەوە بۆ حیکایەتە گەورە ڕۆژاواییەکانی وەکوو مارکسیزم و هەمیش وەک بەشێک لە جڤاکی بندەستی کورد دەگەڕێنەوە سەر حیکایەتە گەورە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەکوو ئیسلام و ئەمە هەم وەکوو ڕەوت بەشێکە لە "بندەستی سایکۆلۆژیک"ی ئەم توێژە و هەمیش وەکوو کردار بەشێکە لەو "سایکۆلۆژییەتی بندەستی"یەی کە مرۆڤی کورد بەگشتی گیرۆدەیەتی[١٣]. بە هەر حاڵ مەریوانیش لە وەڵامی تۆمەتی گەڕانەوە بۆ حیکایەتە گەورەکان لەلایەن بەختیارەوە بەم دێڕانە بیری دەخاتەوە کە ئەو خۆشی هەمیشە بۆ حیکایەتە گەورەکان

---

[١٣] ژیرۆ زاگرۆس، سۆسیۆلۆژی بندەستی، بەشەکانی "بندەستی و جیهانبینی"، ل ٢٧ - "سایکۆلۆژی بندەستی"، ل ١٧٩ - "بندەستی سایکۆلۆژیک"، ل ١٩٣

گەڕاوەتە و بەردەوامیش دەگەڕێتەوە. ئەو دەپرسێ: "ئایا ئەگەر 'ئیسلام' و 'مارکسیزم' و 'ناسیۆنالیزم' حیکایەتی گەورە بن، ئەی 'کاپیتالیزم'، "کاپیتالیزمی خۆرهەڵاتی'، 'سیستەم'، 'فاشیزمی خۆرهەڵاتی' و 'مارکسیزمی نوێ' حیکایەتی گەورە نین؟، بۆچی ناسیۆنالیزم حیکایەتێکی گەورەیە بەڵام 'فاشیزمی خۆرهەڵاتی' و 'کاپیتالیزم' و 'سیستەمگەرایی' حیکایەتی گەورە نین؟"[١٤]. بەڕاستی مەریوانیش ڕاست دەکا و بەختیار نووسەرێکە تا سەر ئێسقان گیرۆدەی حیکایەتە گەورەکان و بەتایبەتی لە جۆرە ڕۆژاواییەکانە. وەک لە داهاتووی ئەم نووسینە لە بەشێکی جیا باسی دەکەم ئەویشی تێدا، بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد نەتەنیا بەردەوام دەگەڕێنەوە بۆ حیکایەتە گەورەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات، بەڵکوو تەواوی کێشە و هاوکێشەکان و تەواوی دۆز و پرسگرێکەکانی کۆمەڵگای کوردی بەو حیکایەتە گەورە و بچووکانە شرۆڤە و شی دەکەنەوە و هەر لەنێو ئەوانەشدا بە دوای چارەی دەگەڕێن. بێگومان بەختیار عەلی یەکێکە لە سەرقافڵەکانی ڕەوتی گەڕانەوە بۆ حیکایەتەکان. ئەمەش

---

[١٤] مەریوان وریا قانع، گوتاری "کۆبانی و سیستەم و کاپیتالیزم"

یەکێکە لە دژوازییەکانی گوتارەکەی بەختیار عەلی کە لە جۆری "دژوازی لەنێو گوتە و کردەدا"یە. نموونەیەکی تر لەم جۆرە دژوازییە ئەو ڕەخنەیەیە کە بەهۆی شوبهاندنی کۆبانی بە پۆلسەکانی یۆنانەوە ئاراستەی مەریوانی دەکات. ئەو دەڵێت: "ئەم جۆر گەڕانەوانە بۆ یۆنانی کۆن بۆ تەفسیری ئەمڕۆ نیشانەی دابڕانی توندی خەیاڵی سیاسی و فیکری ئێمەیە لە ئێستای دونیای خۆمان"[١٥]. بەڕاستی ئەگەر ئەم قسەیە بە دروست بگرین، بە شایەتی تەواوی کتێبەکانی خۆی بەختیار عەلی دابڕاوترین نووسەرە لە دونیای ئێستای کورد!. بەڵام ئەمە هیچ لەم ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە جگە لە بەختیار بەشێکی بەرچاوی ڕۆشنبیرانی کورد بە تەواوەتی دابڕاون لە جیهانی کوردی...

جۆری دووەم و گرنگتر و کاریگەرتری دژوازی بریتییە لە "دژوازی لە گفتار" یان دژوازی لە ناوەڕۆکی قسە کە لێرەدا دیسان بە میناکێکی تر لە دەقی گوتارەکەی بەختیار عەلی دەیخەینە بەر سەرنج. بەختیار هەر لەو گوتارەیدا کە دەڵێت

---

[١٥] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٠٧

"شەڕڤانانی کۆبانی بەرگری لە ژیانی ڕووت دەکەن"[16]، لە گوزارەیەکی دووەمدا دەبێژێ: "ژیانی ڕووت گوتاری دژ بە گوتاری مانەوەشە کە ناسیۆنالیزمی کوردی ئیشی پێدەکات"[17]. لە گوزارەیەکی سێیەمیشدا و لە کتێبی "گووتاری مانەوە"دا دەڵێت: "گوتاری مانەوە لە جەوهەردا پێداگرتنە لەسەر 'بوون وەک بوون'. واتە 'خودی مانەوە'ی لە 'چۆنێتی مانەوە' بە لاوە گرنگترە... بایەخێکی گرنگ نادات بە چۆنایەتی و پاراستنی شتەکان وەک خۆیان ستراتێژی سەرەکییەتی"[18]. کورتکراوەی ئەنجامی ئەم سێ گوزارەیە دەبێتە ئەمەی کە:

"شەڕڤانانی کۆبانی تەنیا 'خودی مانەوە'یان بە لاوە گرنگ نییە و زیاتر گرنگی بە 'چۆنێتی مانەوە' دەدەن".

تا ئێستا هیچ کێشەیەک لە ئارادا نییە و بۆچوونی بەختیار ئەمەیە کە کۆبانییەکان گرنگی بە مانەوەی ڕووت دەدەن.

[16] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩

[17] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤

[18] بەختیار عەلی، گووتاری مانەوە، ل ٢٧

بەڵام لەلایەکی چوارەمەوە بەختیار لە هەمان شوێن و بە خەیاڵی خۆی ناخی کۆبانی بەم چەند گوزارەیە وەها  وێنا دەکا:

"شەڕ لێرەدا بۆ گۆڕینی دونیا نییە، بەڵکوو بۆ پاراستنی خودە، بۆ دەرهێنانی خودی ژیانە لە شێواندنە گەورەکان، دەستێوەردانە سیاسییە قیزەون و ڕۆژانەکان... دڕندەیی ئەم جەنگە لەوەدایە کە گێڕانەوەی مرۆڤە بۆ هەلومەرجێک مرۆڤ جگە لە ژیانی خۆی ناتوانێت هیچی تر دەرباز بکات"[١٩].

"کێشەی ئەم شارە لێرەدا ئەوە نییە چۆن خۆی ببات بەرێوە، چۆن کێشەی نێر و مێ چارەسەر بکات. بوونی ژن بە جەنگاوەر لەم ساتانەدا چەندە گرنگ و هێمادارە، بەڵام هیچ کات بە مانای ئازادی ژن نییە. مانای ئەوە نییە دوای تەواوبوونی بەرگری و گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو ژنان لە کۆیلەتی ڕزگاریان دەبێت... خەباتی کۆبانی ئێستا ئەوە نییە ئەو کێشانە چارە بکات کە مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا چارەی نەکردوون،

---

[١٩] بەختبار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٠٠

بەڵکوو ئەوەیە چۆن بەر بە ماشینێکی فاشیستی گەورە بگرێت کە سادیستانە دەکوژێت و مازۆشییانە دەمرێت"[20].

"کۆبانی ڕووداوێک نییە بە ڕەهەندێکی میتافیزیکییەوە، بەڵکوو بەرگرییەکی مەتریالی و حەتمی مرۆڤگەلێکە کە ناچارن هەر پرۆژەیەکیان هەبێت بیوەستێنن تا خۆیان بۆ بەرگری لە ژیانی خۆیان تەرخان بکەن"[21]...

ئەم قسانەی بەختیار ڕێکاوڕێک یانی:

"جەنگاوەرانی کۆبانی ئا لەم ساتەوەختەدا 'چۆنێتی مانەوە'یان بۆ گرنگ نییە، بەڵکوو تەنیا و بە شێوازێکی پەتی گرنگی بە 'خودی مانەوە'ی خۆیان دەدەن و بەس".

ئەمەش ڕێکاوڕێک پێچەوانەی ئەو ئەنجامەی یەکەمە کە کەمێ پێشتر ئاماژەی پێکرا. ئەمەش یانی ژیانکردنی دژوازی لەلایەن نووسەرەوە لەنێو قسەکانی خۆیدا. کە واتە لە باشترین حاڵەتدا نیوەی ئەو گوزارانەی بەختیار کە ئێمە

---

[20] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧

[21] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧

خوێندمانەوە دەبێ ناڕاست یان نادروست بن. بێگومان هەموو کەسێ دەتوانێ  بە هەر ڕادەیەک و لەسەر هەموو شتێکیش قسە بکات، بەڵام ئەگەر هات و قسە لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی دانەمەزرا و پابەند نەکرا بە لۆژیکەوە، دێر یان زوو هەر دژوازی دەکەوێتە نێو گوزارەکانەوە. هەر بۆیە دەکرێ بڵێین دژوازی لەنێو جیهانی ڕۆشنبیری و زانستە مرۆڤییەکاندا و بەتایبەت لەلای ئەوانەی لەسەر هەموو شتێک بێ کۆنترۆڵ دەنووسن و ڕا دەردەبڕن دیاردەیەکی باوە. بەڵام پەیوەندیدار بەم دیاردەیە لەڕاستیدا گرفتی سەرەکی خودی دیاردەی دژوازی نییە، بەڵکوو گرفتی گەورە ئەمەیە کە خوێنەرەکان و کۆمەڵگا بەگشتی زۆر جاران یان بەهۆی کەمناسینی خاوەن گوتارەکانەوە ئاگایان لە لایەنێک لە لایەنە دژوازەکان نییە، یانیش لە ئەنجامی سەرگەرمبوون بە پرۆسەی خوێندن و مەستبوون بە لایەنە ئەدەبی و هونەرییەکانی دەق، یان تێنەڕوانینی لۆژیکی بۆ گوتارەکان دژوازییەکان لە لایان بە شاراوەیی دەمێننەوە. لە ئەنجامی دەرنەکەوتنی ئەم دژوازییانەیە کە زۆرێک لە ڕۆشنبیران بوێری بەردەوامی ئەمە پەیدا دەکەن کە سەبارەت بە هەموو شتێک بدوێن و بنووسن. هەر بۆیە ئەوەی گرنگە لەسەر ئێمەی خوێنەر ئەمەیە کە

ڕستەکان، گوتارەکان و تەنانەت کتێبەکانی هیچ  نووسەرێک بەبێ ئامادەبوونی لۆژیک نەخوێنینەوە. ئەوەشمان بیر نەچێتەوە کە دژوازی نیشانەیەکی گەورەیە لە پووچەڵبوون. هەر بۆیە بۆ ئەوەی خوێندنی ئێمە نەبێتە خوێندنەوەی زانیارییە پووچ و بەتاڵەکان، ئەرکی ئێمەی خوێنەرە سەرباری زانینی لۆژیک و گرنگیدان بە بنەماکانی ئەم زانستە وەک پێوەرێکی گرنگی جیهانی زانیاری، بە وردی ئاگاداری هەموو لایەنەکانی ئەو نووسینانە بین کە دەیانخوێنینەوە. وردبوونەوەیەک کە سەرنجدان لەسەر چەمکەکان، سەرلێدانی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان پێ دەکرێ، شۆپاندنی پرس و وەڵامەکانی نووسەران بۆ یەکتر، دڵنیابوون لە ڕاستی گێڕانەوەکان تەنیا بەشێکن لێی.

## گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوا

لە بەشەکانی پێشوودا ئەو دەمەقاڵەیەم گێڕایەوە کە تێیدا بەختیار و مەریوان یەکتریان بە گەڕانەوە بۆ حیکایەتە گەورەکان تۆمەتبار دەکرد و لە میانەی قسەکاندا وتیشم کە بانگەشەی هەردوکیان ڕاستە. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە تەواوی داستانەکە نییە و یەکەم، لە هێمای هەردووی ئەماندا زۆرینەیەکی بەرچاوی ڕۆشنبیرانی کورد گیرۆدەی گەڕانەوە بۆ حیکایەتە گەورەکانن و دووەم، ئەم گەڕانەوەیە بۆ حیکایەتە گەورەکان بەشێکە لە دوو پەتای گەورەتری هاوتەریب و هاوکات کە دەکرێ ناویان بنێین "گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوا" و "مانەوە لە ڕۆژهەڵات". مەبەست لە "گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوا" ئەو خوازە قووڵەی شوێنکەوتن و ئەو هەناسە پڕڕەنگەی شەیدابوونە بە جیهانی هزری و ڕۆشنبیری ڕۆژاوا کە بەشێکی گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد بە تۆخی ژیانی دەکەن. "بندەستی سایکۆلۆژیک" بەرانبەر بە ڕۆژاوا کە ڕۆشنبیری کوردیشی تێدا،

ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی بەگشتی گیرۆدەیەتی یەکێکە لە هۆکارە هەرە گەورەکانی "گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوا". ئەم گەڕانەوەیە لەڕاستیدا هێندە بەربڵاو، هەمیشەیی و بەرجەستەیە کە زیاتر لە نەریتێک دەچێ تا دیاردەیەکی تێپەڕ. هەرچی "مانەوە لە ڕۆژهەڵات"یشە کە دەتوانین بە زاراوەیەکی ڕاستتر وەک "بەندبوون لەنێو هزری ڕۆژهەڵاتیدا" پێناسەی بکەین، بریتییە لە وابەستەبوون و باندۆربوونی ڕۆشنبیری کورد بە ڕەوتی هزری و شەقامی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەتایبەتی گەلانی سەردەستی ئەم دەڤەرە. بەشێکی گەورە لەم شوێنکەوتنەش بە ئاشکرا لێکەوتە و هۆکردی ڕاستەوخۆی "سایکۆلۆژییەتی بندەستی"یە وەک لێکەوتەیەکی داگیربوون...

بە هەر حاڵ ئەگەر بێینەوە سەر گفتوگۆکەی مەریوان و بەختیار، ئەوان هەردوکیان لەم چوار وتارەدا وێنایەکی ڕوون و پەیکەرێکی گەورەن لە سایکۆلۆژییەت و نەریتی "گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوا". سەرنجی ئەم ناوانە بدەن کە لەو وتارانەدا هاتوون: "هێگل، ژولیا کریستیڤا، لاکان، ئاگامبێن، تۆماس مۆر، ئەرستۆ، نیتشە، ژیژیک، ئالتۆسێر، هۆبز، جاک دێریدا، مارکس،

داروین، تۆدۆرۆڤ، بادیۆ، بۆردیۆ، بەندیکت ئەندرسۆن، فرانتز فانۆن، ئێریک ئۆدە، جۆرج ئۆروێل، لۆمان و..."[1]. بەگشتی لەم گوتارانەدا کە کۆی هەر چواریان هیچ کات ناگاتە سەد لاپەڕە، زیاتر لە بیست ناو لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی ڕۆژاوایی بەرچاو دەکەوێ. ئەمە تەنیا شوێن نییە کە ئەم دوو نووسەرە باندۆربوون و نوقمبوونی خۆیان لە هزری ڕۆژاوادا نیشان دەدەن و بەتایبەتی بەختیار عەلی لە زۆرینەی نزیک لە ڕەهای ئەو نووسینە هزرییانەی کە بە بانگەشەی خوێندنەوە و شرۆڤەی کۆمەڵگای کوردی دەیاننوسێ، بە ڕەهایی لە چاویلکەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژاواوە سەیری ئەم

---

[1] Georg Wilhelm Friedrich Hegel, Julia Kristeva, Jacques Lacan, Thomas More, Aristotle, Friedrich Wilhelm Nietzsche, Slavoj Žižek, Louis Pierre Althusser, Thomas Hobbes, Jacques Derrida, Karl Marx, Charles Darwin, Tzvetan Todorov, Alain Badiou, Pierre Bourdieu, Benedict Anderson, Frantz Fanon, Eric Ode، George Orwell, Niklas Luhmann, …

جڤاکە دەکات. ئەمەش لە خۆیدا گوزارەیەکی زۆر ڕۆشنە لە گیرۆدەبوون بە ڕۆژاوا. بێگومان مەبەستی من لێرەدا قەت ئەمە نییە کە ئێمە نیازمان بە ڕۆژاوا نییە و نابێ ڕۆژاوا بخوێنینەوە. هەروەها مەبەستیشم نییە نکۆڵی لە پێشڕەوبوونی ڕۆژاوا لە بواری هزریدا بکەم. تەنانەت پێشم وا نییە بەبێ سوودوەرگرتن لە هزری ڕۆژاوایی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بتوانین بەرەو پێش بچین. بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕم وایە کە هەر جڤاکێک دەبێ لە ناوەوە بخوێنرێتەوە و ئەگەر ڕۆشنبیرێک دەیەوێ جڤاکەکەی خۆی بخوێنێتەوە دەبێ لە ناخەوە لێی بکۆڵێتەوە. ئەمەی کە ڕۆشنبیرانی ئێمە دەیکەن تەفسیرکردن و شیکاری جڤاکی کوردییە بە قسەی ڕۆشنبیرانێکی ڕۆژاوایی کە بە سەرنجدان لەسەر کۆمەڵگاکەی خۆیان گەیشتوون بە هەندێ ڕێباز و ڕێکار. ئەمان تەنانەت کۆی ئەو جیهانبینییانەش ناگوازنەوە. لە کەسایەتی بەختیار عەلی دا کەم نین ئەو نووسەرە کوردانەی کتێبەکانیان لێوانلێون لە شرۆڤەی جڤاکی کوردی، نە بە ڕێبازێکی فەلسەفی دیاریکراو، نە بە جیهانبینی نووسەرێک و نە بە کتێبێکی ڕۆشنبیرێکی ڕۆژاوایی، بەڵکوو تەنیا و تەنیا بە ڕستەیەک یان ئەوپەڕی بە گوزارەیەکی

هەندێ لەو ڕۆشنبیرانەی کە خوێندوویانەتەوە. باندۆر و کارکردی ئەم ڕۆشنبیرانەی کە لە شیکاری کۆمەڵگەی کوردیدا بەم شێوازە بۆ ڕۆژاوا دەگەڕێنەوە ڕێکاوڕێک کارکردی هەمان ئەو کەسانەیە کە لە ڕۆژهەڵات ماونەتەوە و بە ئایەتێ یان فەرموودەیەک ئەم کۆمەڵگایە شرۆڤە دەکەن و ڕێچاری بۆ دەدۆزنەوە. بەڕاستی ڕۆشنبیرێکی "شەیدای ڕۆژاوا" کە بە "دێڕێکی تۆماس هۆبز" جڤاکێکی دەیان ملیۆنی شرۆڤە دەکا و بە "جاک دێریدا پێی وایە..."یەک ڕەچەتەیەکی دەرمانگەر بۆ نەخۆشییەکانی دەپێچێتەوە، جیاوازی چییە لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی "چەقبەستووی ڕۆژهەڵات"دا کە بە "ئایەتی چەندەمی سوورەتی فڵان" شیکاری بۆ ئەم جڤاکە دەکا و چارەدۆزی تەواوی کێشەکانی لە یەک دانە "پەیامبەر فەرموویەتی..."دا بۆ دەدۆزێتەوە؟!... . ئەم نەریتە نەریتێکە هەردوو لا زۆر بە پڕڕەنگی ژیانی دەکەن.

یەکێ لە دیوە خەڵەتێنەر و هەرە نارێکەکانی ئەم شێوازە لە گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوا ئەمەیە کە زۆر جاران تەنانەت گەڕانەوەیەکی ڕاسکانیش نییە. بەم مانایەی کە کابرای ڕۆشنبیر سەرەتا تێڕوانینێکی لەلا دروست دەبێ سەبارەت بە

جڤاک یان دیاردەیەکی جڤاکی، ئەوسا دێت و دێڕێکی نووسەرێکی ڕۆژاوا دەخاتە پاڵ بۆچوونەکەی خۆی بۆ ئەوەی ڕەوایەتی و برەوی پێ بدا. ڕێکاوڕێک وەک ئەو لە "ڕۆژهەڵات ماو"انەی کە هەر قسەیەکی خۆیان بە فەرموودە یا ئایەتێکەوە هەڵدەواسن. بەکورتی هەردوو لا لە کوێ دێڕێک بە کەڵکی قسەکەی خۆیان هات، کاوێژی دەکەنەوە و لە کوێش دژی بۆچوونەکەیان بوو فڕێی دەدەنە ئەو لاوە. بەڵام دواجار هەر دەبێ ڕستەیەک بدۆزنەوە تا بیکەن بە پێشگۆتن یان پاشگۆتنی قسەکانی خۆیان تا کارامەیی و ڕەوایەتی پێ بدەن. با نموونەیەک لە گوتارە کەزاییەکان بێنمەوە.

بەختیار عەلی بۆ ئەوەی پاساوێک بۆ بوونی هێزی هاوپەیمانان لە کۆبانی وەک هێزی سێهەم بدۆزێتەوە پەنا دەباتە بەر چاویلکەیەک بە ناوی "هاوکێشەی ئاغا و کۆیلە"ی هێگڵ و لەوێوە بەم جۆرە ڕووداوەکە سەیر و شرۆڤە دەکات کە گوایە ئاغا(داعش) چیتر بە کۆیلەتی کۆیلەکەی خۆی(کۆبانی) تێر نابێ و تەنیا بە کوشتنی ئەو دەتوانێ ئاغایەتی خۆی بسەلمێنێ. هێزی سێیەمیش(هاوپەیمانان) بۆ ئەوەی نەهێڵێ ڕووی

ڕاستەقینەی سیستەم دەرکەوێ، وەک فریادڕەسێک دێت و خۆی دەخاتە نێو هاوکێشەکەوە... . لە شوێنێکی تر لە بەشەکانی داهاتووی ئەم نڤیسارەدا وەک نموونەیەک لە "بۆچوونی هەڵە"ی ڕۆشنبیران باسی ئەم چیرۆکە دەکەمەوە، بەڵام لێرەدا با بگەڕێمەوە سەر مەبەستەکەی خۆم، واتە ئەو نارێکییەی کە باسم کرد. بەختیارێ کە لەم چیرۆکەدا لە هێگڵەوە دەست پێدەکا و بە کریستیڤا و لاکان و ئاگامبن و لۆمان دا تێدەپەڕێ تا خوێندنەوەی خۆی لە چیرۆکی کۆبانی بە خوێنەر بداتە قەبوولکردن، لە گوتاری دووەمدا هەمان کار بۆ خۆی و کەسانی دیکەش بە حەرام دەزانێ و دەڵێ: "لێرەوە خوێندنەوەی تێرمەکە بە چاویلکەی ئەرستۆیی، داروینی، ئاگامبنی یان هۆبزی نیشانەی نەخوێندنەوەیەتی"[٢]. بەکورتی ئەمە کرۆکی گەڕانەوەیە بۆ ڕۆژاوا و ئەڵبەتە بۆ ڕۆژهەڵاتیش لەلایەن ڕۆشنبیری کوردەوە: "هەر قسەیەک لە هەر شوێنێ پاڵپشتی بۆچوونەکەی منی کرد دەیهێنم و قسەکەی خۆمی پێ سواق دەدەم و دەیڕازێنمەوە پێی و ئەوانی تریش دەشارمەوە نەکا خەڵکی بەکاریان بێنن بۆ پووچەڵکردن و

---

[٢] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٢٦

لەکارخستنی بۆچوونەکەی من". بەختیار یەکێ لەو ڕۆشنبیرانەیە کە لە بەرزترین ئاستدا تووشی ئەم نەخۆشییەیە. من خۆم تەنانەت ڕستەم لە بەختیار لەبیرە لەم مایەیەدا کە "لێرەدا تێزەکەی فلانی بەکارمان نایەت و یارمەتیمان نادات و دەبێ بە تێزەکەی فلانکەس لە پرسەکە بڕوانین و شرۆڤەی بکەین". چۆنکە بەداخەوە ڕێکاوڕێک بیرم نییە لە کام کتێبیدا خوێندوومەتەوە، هەر بۆیە داوا لە خوێنەر دەکەم تا ئەو کاتەی قسەکەی بەختیاری بۆ نادۆزرێتەوە بانگەشەکەی من لەبیر بکات، نەکا خودای نەکردە لەلای منەوە چەواشە بکرێ. بە هەر حاڵ بیریشمان نەچێ نارێکی گەڕانەوە بۆ هزری دەرەوە هەمووی ناگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیران بە تەنیایی، بەڵکوو بەشێکیشی دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەران و کۆمەڵگای کوردی بەگشتی. ئێمەی کورد لە ڕووی فەرهەنگییەوە بە ڕێژەیەکی زۆر و بە ڕەنگێکی تۆخ نەریتێک دەژین کە تێیدا کورمانج گوتەنی "مرۆڤ لە وڵاتی خۆی نابێتە پێغەمبەر"[٣]. بە مانایەکی سادەتر لەم کۆمەڵگایەدا قسەی خۆماڵی کڕیاری زۆر کەمە و جڤاک بە

---

[٣] Mirov li welatê xwe nabe pêxember

سەختی قسەی گەورەکانی خۆی دەپەژرێنێ و بە دەگمەنیش بە هەند وەریاندەگرێ. ڕۆشنبیری کوردیش وەک بەشێک لەم سۆسیۆلۆژییە گەلێ جار ناچارە پەیامەکەی خۆی بە کتێبە پیرۆزەکان، بە ئایەتەکان، بە فەرموودەکان و بە قسەی زانا دیارەکانی بێگانە پیرۆز بکا.

بە هەر حاڵ ئەگەر لە گۆشەیەکی دیکەوە سەیر بکەین، دەکرێ لەنێو ئەم دیاردەیەدا نارێکی گەورەتریش بدۆزینەوە. بۆ وێنە پێچەوانەی کەسانی دەگمەنی وەک بەختیار کە بە هەموو کەماسییەکانەوە ڕاستەوخۆ ڕۆژاوا دەخوێننەوە، زۆرینەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد هەن کە لەڕێی زمانی سەردەست، واتە زمانی داگیرکەرانەوە پەیوەندی بە هزری ڕۆژاواوە دەبەستن. بە مانایەکی ڕێکتر پارێکی بەرچاو لە بەرهەمە هزرییەکانی ڕۆژاوا لەڕێی وەرگێڕان بۆ زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی و بە تەفسیر و شیکاری ڕۆشنبیرانی ئەم گەلانە بە ڕۆشنبیرانی ئێمە دەگات و ئەم دۆخە لەڕاستیدا وێستگەی بە بەکتر گەیشتنی نەخۆشییەکانی "مانەوە لە ڕۆژهەڵات" و "گەڕانەوە بۆ ڕۆژاوا"یە لە ڕێگای بیرکردنەوەی ڕۆشنبیری کورددا. دەرەنجام ئەوەی ئەمان لەم

ویستگەیەدا وەریدەگرن بە زۆری بریتییە لە هزرێکی دەستی دوو کە پێش گەیشتن پێیان بە بەردەم کۆمەڵێ ئەگەری چەواشەبوون و دەستکاریکردن لە هەموو شێوازەکانیدا تێدەپەڕێ کە بەشێکیان بریتین لە ونداِبوونی واتا لە ئەنجامی وەرگێڕانی چەندجارەدا، ناتێگەیشتنی وەرگێڕی یەکەم، گۆڕینی ماناکان، سانسۆر و لێبڕین، زیادکردن و... هتد. ئەگەرێکی زۆری هەیە بەشێ لەو قسەیەی فاروق ڕەفیق کە لە دیمانەیەکدا دەڵێ "ڕۆشنبیرانی فارس و عەرەب ئێمەیان بەدبەخت کردووە"[٤] هەر لەم ڕوانگەیەوە بێ. خاڵێکی گرنگی تر ئەمەیە کە چقاس چینی یەکەمی ڕۆشنبیرانی کورد لەژێر باندۆری پڕڕەنگی هزری ئیسلامیدا بەردەوام جڤاکی کوردی بە چاویلکەی ڕۆژهەڵاتی شرۆڤە دەکەن و تێیدا بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەم جڤاکە دەگەڕێن، هەر ئەوەندەش چینی دووەم کێشەکان لەنێو خودی هزری ڕۆژهەڵاتیدا دەبینن و بۆ ڕزگاربوون لە هەژموونی ئەم هزرە و بەتایبەت نەریتی ڕۆشنبیری ئیسلامی بەرەو ڕۆژاوا دەگەڕێنەوە. لەم دووڕێیانە

---

[٤] ئەم ڕستەیە کە لە دیمانەیەکدا گوێم لێ بووە دەقاودەق قسەکەی فاروق ڕەفیق نییە و من لێرەدا بە واتا دەیگێڕمەوە

هزرییەی "ڕۆژهەڵات - ڕۆژاوا"دا چۆن گەلێ ڕۆشنبیر لەم ڕۆژهەڵاتەدا چەقیون، گەلێ کەسانی دیکەش بە جۆرێ لە ڕۆژاوادا وێڵ دەبن کە بە تەواوەتی لە جڤاکی کوردی دادەبڕێن و هیچی ئەم جڤاکەیان لەلا بە قەبوول نامێنێ. لە ئەنجامدا هەموو خوێندنەوەیەکیان بۆ کۆمەڵگای کوردی تێڕوانینێکی سووکبینانەی پەتییە کە بە ڕەهایی لە دەرەوە بۆ ڕێچارەکانی دواکەوتوویی ئەم جڤاکە دەگەڕێ. بەختیار یەکێ لە ڕۆشنبیرە هەرە دیارەکانە لەم بوارەدا. ئەو لە زۆر شوێندا نەتەنیا کولتووری کوردی بە هیچ دەزانێ، بەڵکوو دەیخاتە ژێر سفریشەوە. بۆ وێنە لەم گوزارەیەدا دەڵێ: "گرفتی گەورە لەوەدایە ئێمە ناتوانین کولتووری کوردی خۆی بکەینە زەمینە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کوردی خۆشی... ئەو زەمینە لاوازەی چەندین سەدەیە کولتووری ئێمە لە سەری وەستاوە، ناتوانێت هەڵگری ئەو قورساییە بێت کە ئەمڕۆ بۆ ژیان و گۆڕان و مانەوە و گەشەکردن پێویستمانە"[٥].!! ئەو تەنانەتترووسکاییەکی بچووکیش لەنێو ئەم کولتوورەدا نابینێ و هەر بۆیە زۆرینەی نزیک لە ڕەهای ڕۆشنبیرانی

---

[٥] بەختیار عەلی، وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، ل ٢٢٤

کوردیش بە هیچ دەزانێ. لەم دێڕانە ڕابمێنن تا بزانن مەبەستم چییە. "بۆ ئەوەی لە خۆرهەڵات تێبگەین... پێویستمان بە مارکس و فرۆید[٦] و لاکان و دۆلۆز[٧] و دەیان تێزەی تر هەیە کە دەبێت بیانخەینە کار. ڕۆژهەڵات بە هەندێ تێرمی سەرەتایی شی ناکرێتەوە کە قوتابییانی سیاسەت لە کۆرسی یەکەمی پۆلی یەکەم دەربارەی مۆدێلەکانی حوکم دەیخوێنن. هەوڵدان بۆ تەفسیرکردنی خۆرهەڵات بە تێرمی وەک 'دەسەڵاتی سوڵتانی'[٨] تەنیا نیشانەیە بۆ عەقڵییەتێک کە ناتوانێ لە

---

[٦] Sigmund Freud

[٧] Gilles Deleuze

[٨] بەختیار لەم دێڕانەدا لە کەسایەتی مەریوان وریا قانع دا خەریکە تانە لە ڕۆشنبیرانی کورد دەدا. چۆنکە یەکێ لەو یەکەم کەسانەی کە دەستەواژەکانی "دەسەڵاتی سوڵتانی" و "سوڵتانیزم"ی بۆ ئاماژە بە سیستەمی دەسەڵاتداری باشوور بەکارهێنا مەریوان بوو. دوو نموونە لەو شوێنانەی کە ئەم چەمکانە تێیاندا بەکار هاتوون بریتین لە: ١- مەریوان، بیرکردنەوە لە سەردەمە تاریکەکاندا، وتاری "دەعەجانبوونی ئەزموونی حوکمڕانی کوردی، دۆخی کافکاییانەی کوردستان"، ل ٣٩٧ و ٢- مەریوان و ئاراس فەتاح، وتاری "چەسپاندنی سیستەمی سوڵتانیزم لە هەرێمدا".

وێناکردنی ساده دوور بکەوێتەوە"[٩]. بێگومان ئەوەی بەختیاری خوێندبێتەوە دەزانێ کە ئەم دوو گوزارەیە تاقانە نین و هێندە بە فراوانی لە نووسینەکانی بەختیار دا دوبارە کراونەتەوە کە دەکرێ کۆی تێڕوانینی بەختیار سەبارەت بە کورد لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە کە "ئەو کورد بە هیچ دەزانێ"، بە جۆرێ کە هەر تێزەیەک ڕۆشنبیرێکی کورد گەڵاڵەی کردبێ لەلای ئەو بێنرخ سەرەتایی دێتە بەرچاو، بەڵام هەر قسەیەک لە دەم کەسێکی ڕۆژاوایی دەرچووبێ کتومت دەبێتە زانستی پەتی و سەری بۆ دەچەمێنێ. ئەمە تەنیا لە تانەلێدان و سووککردنی بۆچوونی ڕۆشنبیرانی کورددا دیار ناکەوێ، بەڵکوو زۆر جاران لە شاردنەوەیانیشدا خۆی دەنوێنێ. وەک میناک بەختیار هەر لە سەرەتاکانی کتێبی "ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی"[١٠]یەوە تا ئاستی یەکسانکردنی دەوڵەت و فاشیزم بە توندی دەوڵەت ڕەد دەکاتەوە، بەڵام هیچ ئامادە نییە ئاماژەیەک بە بیردۆزی ئۆجالان لەم بارەیەوە بدات کە فیگۆرێکی زانستی گەورە و جیهانییە لەم بوارەدا و

---

[٩] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢٧

[١٠] سەرچاوەی پێشوو، ل ٧ تا ١٠

به ئەگەرێکی زۆر هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کوردبوونی ئۆجالان و ئەمەی کە ڕۆشنبیری کورد ئەگەر دەیەوێ ناوی ڕۆشنبیرێکی دیکەی کورد بێنێ هەر دەبێ بە نەرێنی و بە چاوێکی بچووکەوە سەیری بکا. بێگومان بەشێکی گەورەی ئەم تێڕوانینە کە لە هێمای بەختیار دا لەلای زۆر ڕۆشنبیری دیکەش بەدی دەکرێ، بەرهەمی سایکۆلۆژییەتی "خودکەمبینی" و "خۆ کەمکردنەوە"[11]یە وەک لێکەوتەیەکی بندەستی، بەڵام بەشێکی گەورەشی سایکۆلۆژییەتی "ناگرنگ کردنی ئەویتری کوردی"یە کە لەلای ڕۆشنبیرانی کورد بە تۆخی دەبینرێ. بەختیار میناکێکی دیار و تۆخە لە "بە کەم زانینی کورد". ئەو هێندە ئەم فەرهەنگە هەژار و خاڵی لە تێهزرین دەبینێ کە هیچ هێمایەک لە فەرهەنگ، فۆلکلۆر، ئەفسانە و تەنانەت پەندێکی پێشینانی کوردیش لەنێو نووسینەکانیدا جێی نابێتەوە، لەحاڵێکدا تەواوی ئەم کولتوورە بە هێماکانی ڕۆژاوا شیمانە دەکا و بەوان دەیپێوێ. ناوەکانی وەک "ئاوڕەکەی ئۆرفیۆس"، "نەرسیسی کوژراو"، "دەستەسڕەکەی ئۆتێلۆ"، "منداڵەکانی ساتۆرن" و... هتد کە

---

[11] ژیرۆ زاگرۆس، سۆسیۆلۆژی بندەستی، بەشی "بندەستی و خودکەمبینی"، ل ٩٣

ناونیشانی هەندێ لە کتێبەکانی بەختیارن لە شرۆڤە و شێکردنەوەی جڤاکی کوردیدا، تێری خۆیان گوزارەن لەم ڕاستییەی کە من باسی دەکەم. لە بواری "ناگرنگ کردنی ئەویتری کوردی"شدا من هەمیشە ئۆجالان وەک شایەتێک لەم بوارەدا بە میناک دێنمەوە کە لە زۆر ناوەندی زانستی جیهان و لەلایەن زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی جیهانییەوە دەخوێنرێتەوە و لەسەری دەنووسرێ و شرۆڤە دەکرێ، بەڵام ڕۆشنبیرانی ئێمە نە وەک پێویست دەیخوێننەوە و نە ژی وەک پێویست لەسەری دەنووسن...

بە کورتاسی، مەبەستی من لەم سەرنجانە قەت نکۆڵیکردن نییە لە گرنگی ڕۆژاوا و تەنانەت ڕۆژهەڵاتیش و هەروەها چاوبەستنیش نییە لە پێشکەوتوویی ڕۆژاوا لە زانستدا. بەڵام ئەم شێوازە هەڵسوکەوتەی کە ڕۆشنبیرانی ئێمە دەیکەن جێگەی مەراق و سەرنجە. بۆ ئەوەی سادەتر بدوێم ناچارم بە میناک قسەکەم بکەم. کابرای دەروونناسی ڕۆژاوایی دوای دەیان ساڵ تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر پەروەردە لە وڵاتەکەی خۆی دەگاتە چەند ئەنجام و پێشنیار و ڕێکارێک کە گریمان هەموویان سەداسەد ڕاست و دروست بن. ڕۆشنبیری

ئێمەش بێ ئەوەی دوو ڕۆژ لەناو خەڵکەکەی خۆیدا گەڕابێ، چوار ڕۆژ چووبێتە چوار خوێندنگە، لەگەڵ چوار خوێندکار و چوار مامۆستا قسەی کردبێ، یەکسەر دێت و دووسێ ڕستە لە کابرای ڕۆژاوایی بە ناوی قەبەی وەک تێز و بیردۆزی و تەنانەت فەلسەفەش دێنێتەوە و تەواوی پەروەردەی وڵاتەکەی خۆی پێ شرۆڤە و شی دەکاتەوە، ڕەخنەی دەکا و ڕێکاریشی لێ بۆ دەردێنێ!!. ئەڵبەت ئەمەی کە دەیڵێم باشترین ئەگەرێکە ڕوویدا ها، دەنا زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان ڕۆشنبیرانی ئێمە بە دیوی خودکەمبینیدا دەکەون و یەکسەر بە فرێدانی گوزارەگەلی وەک "ئێمە پەروەردەمان سەقەتە"، "ئێمە مامۆستامان نییە بە مانای وشە"، "خوێندنگەکانی ئێمە بە کەڵکی هیچ نایەن"، "پەروەردەی ئەم وڵاتە کاوڵە" و... هتد، هەموو شتێک تەخت و سفر دەکەن و هیچ شتێک ناهێڵنەوە کە قسەی لەسەر بکرێ، چی بگات بەوەی ڕاست بکرێتەوە. لەحاڵێکدا ڕێگەی دروست ئەمەیە کە ڕۆشنبیری کورد دابنیشێ و بزانێ ئێمە لە کوێ دەژین، زەمینەی فەرهەنگی ئێمە چییە، بارودۆخی ئابۆری و سیاسیمان چۆنە، نیازەکان پێداویستییەکانمان چین، کەرستەی چیمان لە بەردەستە، خەونەکانمان چین یان دەبێ

چی بن، دەمانەوێ بەرەو کوێ خەڵکی پەروەردە بکەین و... هتد. ئمجا دوای ئەمانە قەیناکا با بڕۆین لە ڕۆژاوا نە بە دوای ئەو فەلسەفەیەی پەروەردەدا بگەڕێین کە ئەوان بەپێی نیاز و خەونی خۆیان بۆ خۆیان دایانڕشتووە، بەڵکوو کەڵک لەو ڕێباز و بەرنامە و سیاسەتانە وەربگرین کە ئەوان بەگوێرەی ئەوانە کاریان کردووە و تێیدا سەرکەوتوو بوونە. بەکورتی زانستەکەی ئەوان خۆماڵی بکەینەوە... . لەم میناکەدا بە دیاریکراوی مەبەستم ڕۆژاڤا و بەتایبەت باشووری کوردستانە کە ماوەیەکە دەسەڵاتی خۆماڵی بەڕێوەیان دەبا، بەڵام با نموونەیەکی گشتی لە ئاستی کوردستانی گەورەدا بێنمەوە. ئەمڕۆ ئەگەر لە ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بە پارت وەک بوونەوەرێکی جڤاکی، سیاسی، سەربازی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا پرسیار بکەی، زۆرینەی ڕەهایان دەست دەکەن بە کاوێژکردنی گوزارەگەلی لە مانای "ئێمە لە کوردستان شتێکمان نییە ناوی پارت بێ بە مانا ڕاستەقینەکەی". هۆکارەکەشی دیارە. کابرا چووە دوو کتێبی سەبارەت بە سیستەمی پارتایەتی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و دیمۆکراسی بەڕێوەبردن و... هتد لە وڵاتای ئەوروپی خوێندووە و کتومت وەک چوارچێوەیەک دێنێتیان و

دەیانخاتە سەر پارتی کوردی و دەیانگرێ بە باڵای ئەم پارتەدا. بێگومان ئەو چوارچێوەیەش ڕێکاوڕێک ناچێتە بەر پارتی کوردییەوە و ئەنجامەکەش دیارە کە ئەمانەی لای ئێمە حزب نین و ئێمەش دواکەوتووین و بڕایەوە. بەم جۆرە ڕۆشنبیری ئێمە کێشەی حزبایەتی چارەسەر کرد و تەواو!. لەحاڵێکدا نە ئەرکی ڕۆشنبیری کورد قەت ئەمەیە کە بزانێ ئایا پارتی کوردی وەک ئەوەی لە بەریتانیا هەیە پارتە یان نا و نەیش کێشەی مرۆڤی کورد ئەمەیە تا بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێ. بە مانای سادەتر ڕۆشنبیری کورد دەبێ بزانێ پارتی کوردی بۆچی دادەمەزرێ، ئامانج و ئەرکی چییە، لە چی هەلومەرجێکدا و لەپێناو چیدا خەبات دەکا و... هتد. ئەوساش بێت بەم ڕەگەزانە بیپێوێ و شرۆڤەی بکا و ڕەخنەی بکا و... هتد. ئەم دۆخەی چاولێکردنی زانست و زانایانی بیانی لە شێوازی زۆر نارێکتریشدا لەلای ڕۆشنبیرانی کورد لە ئارادایە. ڕۆشنبیرانی کورد نەتەنیا لە بوارە گشتیترەکانی وەک دەروونناسی یان جڤاکناسی و لە مژارگەلی گشتیدا شوێن نووسەران و ڕۆشنبیران و زانایانی بێگانەی هەم ڕۆژهەڵاتی و هەم ڕۆژاوایی دەکەون، بەڵکوو تەنانەت لە بوارگەلی تایبەتیتری و لەو مژارە تایبەتانەشدا کە لەلایەن

کەسانی تایبەتەوە بە مەبەست و نیازی تایبەت، لە سۆنگەی تایبەت و بە ئاراستەی تایبەت باسی کورد دەکەن، هەر ئەوان بە بنگە و لێڤەگەڕ دەگرن و هەر لە چاوی ئەوانەوە سەیری خۆیان و جڤاکی کوردی دەکەن. دوو نموونەی بەرچاو لەم نارێکییە بریتین لە زمان و مێژوو. بۆ وێنە ڕۆشنبیرانی کوردی بواری زمانناسانی هەر کە دەم دەکەنەوە، کاوێژئاسا گوزارەگەلێ بە زاریاندا شۆڕ دەبێتەوە لە مانای وەکوو "زمانی کوردی ژێرکۆمەڵەی لقی ڕۆژاوای زمانە ئێرانییەکانە"!!. من زۆر جاران کە گوێم لەم جۆرە دەربڕینە گوایە زانستییانە دەبێ یان نووسینی لەم واتایە دەخوێنمەوە، بە ڕۆژان دەکەومە مەراقی ئەمەی کە ئایا کابرا قەت بیر لەمە نەکاتەوە دەستەواژەگەلی وەک "ڕۆژاوای ئێران"، "زمانە ئێرانییەکان" و... هتد کە لەسەر کۆکی وشە و چەمکی دەستکردی "ئێران" دامەزراون، لە بنەڕەتدا هەڵگری ڕێژەیەکی گەورە لە خواستی نکۆڵیکردن و نیازی سڕینەوەی کوردن وەک نەتەوە؟!!. بەداخەوە لەپاڵ ئەم میناکە گشتییەدا دەتوانم میناکی تایبەتیتر و دیاریکراوتریش بێنمەوە. کابرایەکی وەک مینۆرسکی[١٢] کتێب دەنووسێ بە نیازی پێناسەکردنی کورد وەک

[١٢] Vladimir Fyodorovich Minorsky

بەشێک لە نەتەوەی ئێرانی، بەڵام ڕۆشنبیری کورد لە هەر شوێنێ دەست دەکا بە وتاردان، بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە ئایا "نەتەوەی ئێرانی" مانای چییە، پێشڕستەی هەموو گوزارەکانی دەبێتە ئەمەی کە "مینۆرسکی دەڵێ..."!. لەمە خراپتر، کابرای ڕووناکبیری ئێمە بە چاوی خۆی بەڵگەی فەرمی ڕاسپاردنی مینۆرسکی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەبینێ کە بەرانبەر بە پێنج هەزار تمەن ڕاسپێردراوە بیسەلمێنی کورد لە نەتەوەی ئێرانییە، کەچی دیسانەوە سەری زمان و بنی زمانی ئەمەیە کە "مێنۆرسکی لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە دەڵێ..."!.

خاڵێکی گرنگی دیکەش هەیە کە پێویستە وەک نیشانەیەک لە نیشانەکانی نازانستیبوونی گەڕانەوەی ڕۆشنبیرانی ئێمە بۆ ڕۆژاوا و بەگشتی بۆ جیهانی دەرەوەی خۆیان ئاماژەی پێ بدەم. ئەوان لەڕاستیدا لەجیاتی ئەمەی کە لە بیردۆزی و تێزەکانی ڕۆشنبیرانی ڕۆژاوایی وەک سەرچاوەیەکی زانستی کەڵک وەربگرن لەپێناو بەرهەمهێنان و گەڵاڵەکردنی بیرۆکە نوێیەکانی خۆیاندا، تەنیا زاراوە و گوزارەکانی ئەوان بەکار دێنن بۆ پاڵپشتیکردن و پیرۆزکردنی بۆچوونەکانی خۆیان. لەم

ڕێگایەشدا لە هەرکوێ بە پێویستی بزانن بە ئاراستە و لە پشتیوانی بۆچوونەکەی خۆیان ڕستەیەک لە زانایەکی ڕۆژاوایی دەگێڕنەوە تا پیرۆزییەک بدەن بە قسەکانی خۆیان. ئەم گوزارانەی بەختیار نموونەیەکی ڕووتن لەم جۆرە گەمەکردنە بە زانایانی ڕۆژاوایی لەپێناو بۆچوونی خوددا. ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت کە "بۆ وەڵامی پرسیاری 'سیاسەت لە خۆرهەڵات چییە؟' نە لۆک، نە ڕۆسۆ[١٣]، نە مارکس ڕاستەوخۆ بە کەڵکمان نایەن"[١٤]، کەچی چەند لاپەڕە دواتر دەڵێت کە "بۆ ئەوەی لە خۆرهەڵات تێبگەین... پێویستمان بە مارکس و فرۆید و لاکان و دۆلۆز و دەیان تێزەی تر هەیە کە دەبێت بەکاریان بێنین"[١٥]. ئەم ڕێبازە ڕێک ئەو تێڕوانین و ڕەوتە چەوتەیە کە ڕۆشنبیری ئێمە پەیڕەوی دەکا و من ڕەخنەی گەورەم لێی هەیە...

---

[١٣] Jean Jacques Rousseau

[١٤] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٦

[١٥] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

کورت و کورمانجی، پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرانی کورد و بیانی و بەتایبەتی ڕۆژاوایی تاکوو ئەم ساتەوەختەش بریتییە لەمەی کە ئەنجامەکانی ئەوەی کە ئەوان کردوویانە ڕێکاوڕێک بهێنن و ئمجا بیانگرن بە باڵای جڤاکی کوردیدا و ئەم جڤاکەیان پێ بپێون و هەر بەو ئەنجامانەش ڕەچەتەی بۆ بنووسن. بە مانایەکی سادەتر ئەوەی لەم پەیوەندییەدا لە ئارادایە شیکاریکردنی ئەم جڤاکەیە بە هەندێ شێمانە وەک بەرهەمی هەندێ لێکۆڵینەوە کە لە شوێنێکی دیکە، لە سەردەمێکی دیکە و لە بارودۆخێکی دیکە لەسەر جڤاکێکی دیکە ئەنجام دراون. لەحاڵێکدا ڕێگای دروست ئەمەیە کە ڕۆشنبیری ئێمە بزانێ ئەوان چییان کردووە و گرنگتر لەوەش چۆنیان کردووە و ئمجا بێت بەو ڕێبازانەی کە خەڵکانی تر تاقییان کردووەتەوە بکەوێتە مینەکردنی کۆمەڵگاکەی خۆی و دۆزینەوەی نەخۆشییەکان و ئەوسا لێگەڕینی ڕێچارەکان...

## قسەی ناو کتێبەکان/ هاوکێشەی هێگڵ

بە شێوەیەکی کلاسیکی ئێمەی خەڵکی ئاسایی پێمان وایە یان ڕاستتر بڵێم وا ڕاهێنراوین کە سیاسییەکان، سەرکردەکان، پارتەکان، دەسەڵاتداران، دەوڵەتان و ئێمە خۆمانیش بەردەوام لە هەڵەداین و هەمیشە ئەمە ڕۆشنبیرانن کە هەڵەکانی ئێمە ڕاست دەکەنەوە و دەمانخەنەوە سەر ڕێبازی ڕاست. هەر ئەوانن کە ئاگایان لە هەموو قوژبنەکانی ژیان هەیە و دیوە تاریک و شاراوەکان دەخوێننەوە و بە ڕووی ئێمەدا دەیانکەنەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە ئێمە ڕۆژانە بەشێکی گەورەی کاتی خۆمان دەبەخشین بە گریمانە و شیمانەکانی ڕۆشنبیران لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان، لەنێو هۆڵی سێمینارەکان، لە بەرانبەر مایکەکان و لەنێو دێڕی کتێب و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان. ڕۆشنبیران بە جۆرێک لەبەر چاوی ئێمە بەردەوام هەڵە و ناڕاستییەکانی چین و توێژە جیاجیاکانی جڤاک بەرجەستە دەکەنەوە کە ئێمە بە زۆری

بیرمان دەچێتەوە ئەوان خۆیانیش نەتەنیا خاڵی نین لە هەڵە، بەڵکوو تەنانەت زۆربەی کات هەر خۆیان لەپشت هەڵەکانی چین و توێژەکانی دیکەشەوەن. لەڕاستیدا مێژووی مرۆڤایەتی چقاس پڕ بووە لە هەڵە و ناڕاستی چین و توێژەکانی دیکەی جڤاکی مرۆڤایەتی، هەر ئەوەندەش تژی بووە لە هەڵەی ئەو ڕۆشنبیرە گەورانەی کە لەڕێی شێوەرمەندی و بیردۆزییە چەوتەکانی خۆیانەوە کۆمەڵگایان بە هەڵە و تەنانەت گەلێ جاریش بە هەڵدێردا بردووە. هەر بۆیە ئەم قسەیەی کە "ڕۆشنبیران نەتەنیا لە هەڵەکانی خۆیان بەرپرسیارن، بەڵکوو بەشێک لە هەڵەی توێژەکانی دیکەشیان دەکەوێتە ئەستۆ"، بۆچوونێکی هەڵە نییە و بەڵکوو بەشێ لە ڕاستیشی تێدایە. بە هەر حاڵ ئەو پەیوەندییە نائاساییەی لە دانووستانی نێوان ڕۆشنبیر و خوێنەرەکانیدا هەیە و بە زۆریش وەک نائاسایی بەرجەستە نابێتەوە ئەمەیە کە بۆچوونە هەڵەکانی ئەوان بە ئاسانی و بێدەنگ بەسەر ئەماندا تێدەپەڕێ و خوێنەران نە پێی دەزانن و نەیش بە زانینی، وەک کەسانی دیکە لێیان دەپرسنەوە. چۆنکە دواجار ئەوان لە دیدی ئێمەدا هەر وەک بیرمەند و لە سەرەوەی جڤاک دەمێننەوە و بە مرۆڤی باڵا سەیر دەکرێن.

هەر بۆیە ڕۆشنبیران هەمیشە لە سەرەوە سەیری جڤاک دەکەن و پێیان وایە قسەکانیان هەمیشە ڕاست و دروستن. ئەم سایکۆلۆژییەتە وا دەکا زۆربەی ڕۆشنبیران بەبێ ترس لە لێپێچینەوەی خوێنەران بۆچوونە نادروستەکانی خۆیان دەرببڕن و لە خۆباوەڕییەکی بەهێزدا بەڵگاندنە ناتەواوەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و ئەنجامگیرییە هەڵە و نالۆژیکییەکانی خۆیان دەرخواردی خەڵکی بدەن. ئەوان بە ناو و زۆر جاران بە نیازی ڕێبەرایەتیکردنی هزری کۆمەڵگا دەتوانن بە ئاسانی خوێنەرەکانی خۆیان بە هەر کوێرەڕێیەکدا ببەن تەنیا بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆیانیان پێ بدەنە پەرژراندن. لەڕاستیدا من خۆم گەلێ جار بە خوێندنەوەی کتێبەکان دێمە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕۆشنبیرانیش کەمتر لە سیاسەتمەدارەکان گاڵتە بە عەقڵی ئێمە ناکەن. ڕەنگە تەنیا جیاوازی لەم گاڵتەپێکردنەدا جیاوازی نیاز و مەبەستی ئەم دوو چینە بێ لە دانووستان لەگەڵ کۆمەڵگادا. بە هەر حاڵ هەر چۆنێک بێ لە تێگەیشتن و دیدی باوی ئێمەدا ڕۆشنبیران خۆشناوترن لە سیاسییەکان و ئێمە وەک جڤاک وا ڕاهاتووین کە دڵپاکانەتر لەوەی کە گوێ لە سیاسییەکان دەگرین گوێ ڕابگرین بۆ قسەکانی ئەمان و ئاسانتر لە قسەی سیاسییەکان

قسەکانی ئەمان باوەڕ بکەین. با زیاتر درێژەی پێ نەدەم و نموونەیەکی بەرجەستە لە گاڵتەکردن بە عەقڵی خوێنەر لە وتارەکەی بەختیار بێنمەوە، بەشکەم ئاسانتر لەم کێشەیە تێبگەین. ئەم نموونەیە کە پێشتریش لە سۆنگەیەکی دیکەوە بەکورتی ئاماژەم پێداوە بریتییە لە "هاوکێشەی ئاغا و کۆیلە"[١]. بەختیار لەو شیکارییەی کە لەسەر بنەمای هاوکێشەی "ئاغا و کۆیلە" دایدەمەزرێنێ کۆبانی دەخاتە شوێنی "کۆیلە" یان "بەندە"وە و داعشیش دەخاتە شوێنی

[١] دیالکتیکی "ئاغا و کۆیلە" یان "خوەدان و بەندە" قۆناخێکە لە قۆناخەکانی خودئاگایی یان هەستکردن بە هەبوونی خود کە هۆش لە ڕەوتی گەشەکرنی خۆی پێیدا تێدەپەڕێ. کاتێ دوو خودئاگا بۆ یەکەمجار ڕاستی یەکتر دێن، هەر لایەنێک لایەنی دووەم بە مەترسی لەسەر هەبوونی خۆی دەزانێ. ئەمە دەبێتە هۆی بەریەککەوتن و دوو لایەن دەکەونە ڕکابەری، پەیکار و پێکانی یەکتری. لەم کێبڕکێیەدا خودئاگای سەرکەوتوو دەبێتە خوەدان و سەروەر و لایەنی بنکەوتوو دەبێتە بەندە یان کۆیلە. دیوی سەرنجڕاکیشی ئەم دیالکتیکە لەمێدایە کە خوەدان و بەندە لە دانووستاندن لەگەڵ یەکتریدا هەردوکیان دەگەن بە پێناسە یان بە گوتنێکی ڕێکتر خودئاگایییەکی نوێ لە یەکتری و بەتایبەت لە خودی خۆشیان. خوەدان پێویستی بە بەندەیە بۆ ئەوەی دان بە سەروەری ئەودا بنێت تا ئەم سەروەرییە وەک خودئاگایی نوێ واتا بگرێ و بەندەش پێویستی بە خوەدانێکە تا بوونی خۆی پێوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هێگڵ، فینۆمینۆلۆژی هۆش، وەرگێڕانی محەمەد کەمال.

"ئاغا" یان "خوەدان". ئمجا گۆڕەک و گریمانە تازەکانی خۆی بە جۆرێ دەخزێنێتە ناو ئەم هاوکێشەیەوە تا بیخاتە خزمەت بۆچوونەکانی خۆیەوە. هاوکێشەی نوێی دەستکردی بەختیار هاوکێشەیەکە لە چوارچێوەی سیستەمێکی گەورەتری جیهانیدا کە لە پڕێکدا گۆشەیەکی ئەم سیستەمە لە کۆ دەردەچێ و ڕێی خۆی لە ڕەوتی ئاسایی سیستەم جیا دەکاتەوە. ئاغای بچووک کە دەکاتە داعش، چیتر بە کۆیلەبوونی کۆیلەکەی خۆی تێر ناخوا و تەنیا بە کوشتنی ئەو دەتوانێ ئاغایەتی خۆی بسەلمێنێ. بە ئەدەبیاتی بەختیار ئەمە یانی لێرەدا ئاغا چیتر ئاغایەکی هێگڵی نییە و "بە پەڕینەوە لەو هێڵەی کە دەشێت کۆیلە و ئاغا لە نێوان یەکدا کێشابێتیان"[٢] وەک نموونەیەکی نوێ، واتە وەک ئاغایەکی خۆرهەڵاتی هەڵسوکەوت دەکا و لە کۆ گەورەکە و لە هێڵە ئاسایی و ڕۆتینەکەی سیستەم دەردەچێت. لە ئەنجامدا کۆ گەورەکە، واتە سیستەم هەست دەکا ئەم ڕووتکارییەی ئاغای بچووک بە ئاراستەی دەرچوون لە ڕەوتی ئاسایی، ئیتر خەریکە پەردە لە ڕووی ڕاستەقینەی ئەمیش هەڵدەدا. ڕووی

[٢] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ١٩٤

ڕاستەقینەی سیستەمیش بریتییە لە "دڕندەیی عەقڵانی و سیستەماتیک کە هەمان ڕۆحی کاپیتالیزمی لەسەر بەند کراوە"[٣]. بەکورتی "کۆبانی دەبێتە ئەو ئاوێنەیە کە سیستەم هەم مێژووی خۆی و هەم دەموچاوی ڕاستەقینەی خۆی تێدا دەبینێتەوە"[٤] و بۆ ڕێگەگرتن لە هەرچی زیاتر داکەوتنی ئەم پەردەیە و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەم دەموچاوە وەک فریادرەسێک خۆی دەکا بە نێو گۆڕەپانەکەدا...

وەک دەبینین ئەم شیکارییە کە لەڕاستیدا تەنیا بە ڕواڵەت شیکارییە و تەنیا کۆمکردنی سەر یەکی هەندێ گریمانە و هەستە، کۆمەڵێ نارێکی گەورەی تێدایە کە ئەستەمە خوەندەیەکی لۆژیک بە ئاگاداربوون لێیان هەست نەکا لەم دێڕانەدا خەریکە گاڵتە بە عەقڵی دەکرێ. بۆ وێنە لەم وتارەدا بەختیار کۆبانی دەخاتە قاڵبی نموونەیەکەوە کە بە قسەی خۆی "هیچ کات لە مێژوودا بە جۆرێکی ساف و نموونەیی یان هاوشێوە بە تێزە تیۆرییەکە بەرچاو ناکەوێت، واتە لەگەڵ

---

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦

[٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩

هاوکێشەی ئاغا و کۆیلەی هێگڵیدا لە بەردەم تێزێکی ئیفترازیداین"[٥]. ئەمە یەکەم نارێکی و یەکەم دەرچوونیشە لە بنەماکانی ژێربێژی یان لۆژیک. چۆن دەکرێ نموونەیەکی ڕاسکانی بخەینە قاڵبی میناکێکی ئیفترازی و ناڕاسکانییەوە و تا بەگوێرەی ئەوە شرۆڤەی بکەین؟!. نارێکی دووەم و هەرە گەورەی قسەکانی بەختیار ئەو چواندنە سەیرەیە کە لەم قاڵبکردنەدا پەیڕەو دەکرێ. لە هاوکێشەکەدا داعش دەخرێتە سەر گۆڕەکی ئاغا و کۆبانیش دەخرێتە سەر گۆڕەکی کۆیلە. لەحاڵێکدا ئەم دووانە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە، جگە لەمەی کە هەردوکیان لە یەک کاتدا لە ئەنجامی دروستبوونی بۆشاییەکدا سەرهەڵدەدەن و لایەنێک لایەنی دووەم بە دژمن دەزانێ و بە ئەنتریکی دەوروبەر هێرشی دەکاتە سەر. نارێکی سێیەم دەستکاریکردنی خودی هاوکێشە بنەڕەتییەکەیە بە هێنانی گۆڕەکی سێیەم، واتە فریادڕەس. ئەویش چۆنکە هەست بە دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەکات و هەر بۆیە دەیەوێ بەشە دەرچووەکەی ناو سیستەم کۆنترۆڵ بکاتەوە!. ئایا ئەگەر دوبارە شاردنەوەی

---

[٥] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢

دەموچاوی سیستەم وەک هۆکاری هاتنی فریادڕەس ببینین، هاتنی ئەم فریادڕەسە لە دوای هەڵەبجە و کۆڕەوی باشوور بۆ چی بوو؟. ئەگەر ئەم فریادڕەسە دەیەوێ وەک سیستەم ڕووی ڕاستەقینەی خۆی هەر بە شاراوەیی بهێڵێتەوە، بۆچی وەک کەوتە نێوان داعش و کۆبانی ناکەوێتە نێوان ئیسرائیل و غەزە؟. ئایا ئیسرائیل زیاتر لە داعش بەشێک نییە لەو سیستەمەی کە بەختیار مەبەستییەتی و ئایا لەوێ زیاتر لە داعش خەریکی ڕووتردنەوەی ڕووی سیستەم نییە و بەکورتی ئایا لە غەزەش ڕووی ڕاستەقینەی سیستەم نییە کە پەردەی لەسەر لادەدرێ؟. لە هەر چوار بەشی کوردستان بە سەدان جار دڕندانەتر لە داعش لەلایەن داگیرکەرانەوە هێرش کراوەتە سەر کورد و ڕووی سیستەم نەتەنیا ڕووت، بەڵکوو ڕەشیش کراوەتەوە و بەتایبەتی ئێران و تورکیا ڕۆژ نەماوە سەرپێچی کۆی سیستەمی گلۆباڵ یان جیهانی نەکەن، کەچی ئەم سیستەمە هێشتا هیچ فریادڕەسێکی نەناردووە. کە واتە بۆچوونی "شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینە" بۆچوونێکی پووچ و بێبنەمایە...

بەکورتی من کاتێ ئەم دێڕانەم خوێندەوە گوزارەی تانەئامێزی "ئەوە قسەی ناو کتێبەکانە!" کە لەنێو خەڵکانێکی زیاتر نەخوێندەواردا زیاتر باوە، لە مەراق و تێڕوانینمدا زیاتر لە پێش ڕەنگی دایەوە. بەڕاستی ڕێژەی ئەو بۆچوونانەی کە کتێبەکان دەیخەنە بەردەمی ئێمە چقاس گوزارە لە ڕاستییەکان دەکەن، چەندێکیان ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕاستەقینەن و چەندە دەتوانن ببنە ڕێنیشاندەری ژیانی ڕاسکانی؟. یان بە گوتنێکی سادەتر گەلۆ چقاس لە گوتە و نووسراوەی ڕۆشنبیران لەسەر گریمانەی بۆش دانامەزرێن و لە ئەنجامدا بە شیمانەی بۆش کۆتاییيان پێ نایەت و بەڕاستی نابنە "قسەی ناو کتێبەکان"؟!...

پێش تەواوکردنی ئەم بەشە و وەک کۆتا سەرنج بە پێویستی دەزانم پەیوەندیدار بە چەمکی "سیستەم" وەکوو یەکێ لە شاپەیڤە هەرە دوبارەکراوەکانی بەختیار هەم لێرە و هەم لە نووسینەکانی دیکەشیدا لە سۆنگەیەکی ترەوە سەرنجێکی دوبارە بخەمەوە سەر دیاردەی "قسەی ناو کتێبەکان". بە تێڕوانین و بۆچوونی من یەکێ لەو تێڕوانینە هەرە پڕڕەنگانەی کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەشێکی گرنگی تەمەنی خۆی تێدا ژیان

دەکا ئەمەیە کە هەمیشە پێی وایە یەک یان چەند بوونەوەر یان هێزێک لە دەرەوەی خودی خۆی هەن کە لە زۆربەی کایەکانی ژیانی ئەودا وەک بکەری زۆر گرنگ و کاریگەر هەردەم ئامادەن و ڕاستەوخۆ دەستیان لە دیاریکردن یان لانیکەم باندۆرکردنی چارەنووسی ئەودا هەیە. کۆمەڵەی ئەم هێز و بوونەوەرە ناخودانە هەر لە خودا و شەیتانەوە بگرە تا... دێو و درنج، جنۆکە، مەزارگە و شوێنە پیرۆزەکان، دوعانووس و پێشگۆکان، چاوپیس و چاوەزارەکان، کتێبە پیرۆزەکان، شانس و تویێڵ و... هتد، کۆمەڵێکی گەورە لە بکەرانی دیار و نادیاری پڕ بەباندۆر و کاریگەر لە خۆ دەگرێ. بە جۆرێ کە دەگمەن کەسانێک هەن کە جارێ لە جاران شەیتان گۆڵی نەدابن، ڕۆژێ لە ڕۆژان چاویان لێ نەدرابێ، کارێ لە کارەکانیان بە بەدشانسی تێنەپەڕاندبێ و... هتد. بەکورتی ئەوەی لەم هەرێمە ژیان دەکرێ ڕەوشێکی سایکۆلۆژیکە کە تێیدا زۆرێک لە مرۆڤەکان پێیان وایە بە هەردوو دیوی فیزیکی و متافیزیکیدا گەلێ هۆکاری دەرەکی هەن کە بەردەوام لە ژیانی ئەواندا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن و باندۆری گرنگ دادەنێن. ئەم نەریتە جگە لە شەقامی ئاسایی بەشێک لە ڕۆشنبیرانیش دەگرێتەوە...

بەڵام ژیانکردنی ئەم ڕەوشە سایکۆلۆژیکە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە لانیکەم لە ڕواڵەتدا جیاوازترە لە شێوازی ژیانکردنی خەڵکی ئاسایی. ڕاستە کە پێچەوانەی خەڵکی ئاسایی زۆرینەی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەم سەردەمە بە ڕاست یان وەک ژێستێکی ڕۆشنبیرانە لە ڕواڵەتدا گرنگی بە هێزە متافیزیکی و ئاسمانییەکان نادەن، بەڵام بە هەمان ڕادە گیرۆدەی لایەنە فیزیکییەکەی ئەم نەریتەن. ئەم گیرۆدەبوونە بەتایبەتی پەیوەندیدار بە بواری سیاسەت و هێزی دەوڵەت و دەسەڵات زۆر بە ڕۆشنی بەرچاوە. بە جۆرێک کە کەمتر بوویەر و ڕووداوێک هەیە بقەومێ و بەشێ لە ڕۆشنبیرانی ئێمە دەستی هێزێکی گەورەتری دەرەوەی کایە ڕەسەنەکەی تێدا نەدۆزنەوە. زاراوەی "سیستەم" یەکێ لەو پەیڤانەیە کە بەختیار بۆ گوزارەکردن لە هەبوونی ئەم هێزە دەرەکییە زۆر جاران بەکاری دێنێ. زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی وەک بەختیار هەن کە پێیان وایە سیستەمێکی گشتگیری جیهانی هەیە کە تەواوی ڕووداوەکانی ئەم جیهانە لەلایەن ئەوەوە بەرنامەڕێژی دەکرێن و بە دەستی ئەو دێنە ئاراوە و هەر بە سەرپەرستی ئەویش ئاراستە دەکرێن و بە ئاکام دەکەن. لەڕاستیدا من ئەم شێوازە لە تێڕوانین بۆ ڕووداوەکانی جیهان

وەک درێژکراوەی ئەو تێڕوانین و سایکۆلۆژییەتە وەهماوییە دەبینم کە لە سەرەوە باسم کرد. ڕەنگە نەتوانین هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی نەبوونی وەها سیستەمێکی گشتگیری جیهانی بێنینەوە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانین نیشانەگەلێک بدۆزینەوە کە دەیسەلمێنن بیردۆزی "سیستەم" کە بەردەوام لەلایەن کەسانی مینا بەختیارەوە گەڵاڵە دەکرێ ئەگەر سەداسەد نادروستیش نەبێ، لانیکەم دژوازی عەقڵانی و ناکۆکی کرداری زۆر گەورەی تێدایە. بۆ وێنە ئەمە چۆنە سیستەمێکە تێیدا ئەم پەڕی دیمۆکراسییەت و ئەو پەڕی دیکتاتۆرییەت، ئەم پەڕی شیعەگەری و ئەو پەڕی سونیگەری، ئەم پەڕی لێبوردەیی و ئەو پەڕی فاشیزم، ئەم پەڕی پێشڤەچوون و ئەو پەڕی پاشڤەڕۆیی و... هتد وەک پارچەکانی ئەم سیستەمە پێکەوە کار دەکەن؟!. بەتایبەتی پەیوەندیدار بە دۆخی کورد یەکێ لە دژوازییە گەورەکان ئەمەیە کە ڕۆشنبیرانی کوردی وەکوو بەختیار کە هەموو هاوکێشەکان لە چوارچێوەی سیستەمێکدا دەبینن کاتێ باسی کورد دەکەن تەواوی هەڵە و ناتەواوی و تاوانەکان دەخەنە ئەستۆی کورد خۆی و بەتایبەتی هێزە سیاسییە کوردییەکان، لەحاڵێکیشدا کە بە بۆچوونی ئەوان

تەواوی هاوکێشەکان گرێدراوی کۆیەکی گەورەترە کە هەمان "سیستەم"ـە. ئەگەر وێنەکە لەمەش بچووکتر بکەینەوە و بە مژارە سەرەکییەکەی وتارەکانی بەختیار سنوورداری بکەین، گەلۆ ئەگەر کۆبانی گۆڕەپانی گەمەکانی سیستەمێکی گەورەی جیهانییە کە وەک ئەو وێنای دەکا بەسەر جیهاندا دەسەڵاتێکی نزیک لە ڕەهای هەیە، ئیتر چۆن چۆنی گوایە "کۆبانی زادەی هەرەسی ئەم ناسیۆنالیزمی کوردییە"؟!...

بەکورتی بە بۆچوونی من هیچ سیستەمێکی گشتگیر لە ئارادا نییە و نزیکترین ئەگەر بە ڕاسەڵەی جیهان ئەمەیە کە دەوڵەتان و دەسەڵاتەکان هەرکەسە و گەمەی خۆی دەکا، یارگیری خۆی دەکا، پەیوەندی خۆی هەیە، بەرژەوەندی خۆی دەپارێزێ و... هتد. دواجار بیریشمان نەچێ لەم جیهانەدا وەک چۆن دەتوانین لەنێوان هەڵبەستێکی سەدەی دەیەم و ئەم سەدەیە چەمکێکی هاوبەش بدۆزینەوە و بیکەین بە بەڵگە کە گوایە هەڵبەستڤانەکەی ئەمڕۆ بە ئەوەی هەزار ساڵ پێش کاریگەر بووە، یان ڕستەیەک لە نامەیەکی سەرۆکێکی ئامەریکا بۆ دیکتاتۆرێکی ڕۆژهەڵاتی ناوین بدۆزینەوە و بیکەین بە سەلمی هەبوونی پەیوەندی دۆستانە و ژێربەژێری

**نێوان وڵاتەکانی ئەوان و... هتد، بە هەمان ئاسانیش دەکرێ لەنێوان هەر دوو شتێکدا پەیوەندییەک بدۆزرێتەوە یان ڕاستتر بڵێم پەیوەندییەکیان لەنێواندا ساز بکرێ. لە هەموو ئەگەرێکی وەهاشدا هەمیشە کەسانێک پەیدا دەبن کە باوەڕ بە بۆچوون و لێکدانەوە و قسەکانی ڕۆشنبیران بکەن، بەڵام ئەم بۆچوون و بیردۆزییانە ئایا چەندە ڕاستن و چەندە هەر قسەی نێو کتێبەکانن؟، با وەک خوێنەر لەسەر خۆمان و خوێندنەوەکانمان زیاتر ڕاوەستە بکەین...**

## گۆڵدانی عەقڵ

لە میانەی ئەم باسە و لە کەسایەتی وتارەکانی بەختیار عەلی دا تاکوو ئێستا هەندێکی کەم لەو نارێکییانەمان بژارد کە نووسەران و ڕۆشنبیران بە بانگەشەی پێدانی ئاگایی دەینوێنن و کەچی بە پێچەوانەوە دەبنە هۆکار و ژێدەری بەرهەمهێنانی دژئاگایی لەنێو خوێنەراندا. لە زۆرێکی ئەم نارێکییانەدا کە لە بەشەکانی پێشوودا هەندێکمان لێ باس کردن ڕۆشنبیر ئەگەرچی بە ڕواڵەت عەقڵی خوێنەر بە بەردەنگ دەگرێ، بەڵام لەڕاستیدا بە جۆرێ لە جۆرەکان هەوڵی خەڵەتاندنی ئەم عەقڵە دەدا. لەم ڕێبازەدا ڕۆشنبیر لەجیاتی ئەمەی پرۆسەیەکی لۆژیکی پەتی بەڕێوە ببا جۆرێک لە نالۆژیک پەیڕەو دەکا، بەم مانایەی کە بە ناتەواوی لۆژیک بەکار دێنێ. لەم بەشەدا بەکورتی سێ شێوازی جیا لەم نالۆژیکبوونە باس دەکەم.

## یەک: شوبهاندن

لە بەشێکی وتارەکەی بەختیار دا تانەیەک بەرچاو دەکەوێ کە دوور لەو مەبەستەی کە باسی دەکا لە ناخی خۆیدا هەڵدانەوەی پەردەیە لە نارێکییەکی گرنگی لۆژیکی لە بواری بۆچوون و بەڵگاندندا. بەختیار لە بەرسڤی ئەم بۆچوونەی مەریوان دا کە گوایە "لە زۆر ڕووەوە کۆبانی جۆرێکە لە لەدایکبوونەوەیەکی تازەی شارە یۆنانییە کۆنەکان، ئەوەی لە زمانی فەلسەفەی سیاسی پێی دەگوترێت پۆڵس"[٦]، جگە لەوەی بە "هەڵەیەکی گەورە"ی دەزانێ، ئاوەهاش بەرتەکی دەداتەوە: "ئەم بۆچوونە پارادۆکسێکی سەیر و سەمەرەی تریشی تێدایە، لە کاتێکدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە کۆبانی نوێیە، کەچی دەیشوبهێنێت بە کۆنترین فۆرم لە فۆرمەکانی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی کە پۆڵسی یۆنانییە"[٧]. بەختیار لەم کۆڕستەیەدا شوبهاندنی دیاردەیەکی نوێ بە یەکێکی کۆن وەک پارادۆکس یان دژوازی دەبینێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ کێشەی گەورە لە گوزارەکەی مەریوان دا

---

[٦] مەریوان وریا قانع، گوتاری "ڕۆحی بەرگری کۆبانییەکان لە کوێوە دێت؟"

[٧] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢١٣

بوون یان نەبوونی دژوازی نییە، بەڵکوو گرفتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناڕێکییەکی گەورەتری لەوە پێشتر کە بریتییە لە خودی "شوبهاندن" وەک کردەیەکی دژەلۆژیک. لە "شوبهاندن" یان "چواندن"دا کە یەکێکە لەو فێڵە هەرە باوانەی لە لۆژیک دەکرێ، مرۆڤ بە دوو شێوازی دیاریکراو دەست دەداتە شوبهاندنی شتێک بە شتێکی دووەم بە دوو مەبەستی دیاریکراو. شێوازی یەکەم ئەمەیە کە مرۆڤ بۆ ئەوەی شیمانە و حوکمێکی پێشتر دراو بەسەر شتێکی دیاریکراوی وەک Aدا پڕڕەنگتر و بەرجەستەتر نیشان بدا تا جێگیرتری بکا، لەپاڵ ئەودا میناکێکی دووەمی وەک Bش دێنێتەوە کە بە بۆچوونی خۆی هەم هاوشێوەی Aیە و هەم دەتوانێ هەڵگری حوکمەکەی ئەو بێ. لە شێوازی دووەمدا مرۆڤ بۆ ئەوەی حوکمێک بەسەر شتێکی وەک Aدا ساق بکاتەوە، سەرەتا دەیشوبهێنێ بە شتێکی دووەمی وەک B، ئمجا حوکمەکەی خۆی بەسەر Bدا دەسەپێنێ، لە کۆتاییشدا لە سایەی چواندنەکەی خۆیدا حوکمەکە بەسەر لایەنی یەکەم، واتە Aشدا ساق دەکاتەوە. شوبهاندنەکەی کۆبانی بە پۆڵس لە وتارەکەی مەریوان دا نموونەیەکە لە شێوازی یەکەم. ئەو سەرەتا بەم ڕستانە وێنەیەک لە کۆبانی

دەکێشێ: "... ڕەهەندی جێندەری و پەیوەندی نێوان نێر و مێ لەم ئەزموونەدا کەموێنەیە. وەک پێشتریش وتم کۆباني لە دیدی کۆبانییەکاندا وەک شار، وەک ڕووبەرێکی جۆگرافی بەشێکە لە دۆخێکی یۆتۆپی. خۆی لە بنەڕەتدا ڕووبەرێکی یۆتۆپییە کە ڕەگەزەکانی یەکسانی نێر و مێ، یەکسانی سەرکردە و خەڵکە سادەکە، ئینتیمای بەهیز بۆ شار، بەشداری کەمایەتییەکان، ئەم شتانە وەک گشتێک کۆبانییەکان دەجووڵێنێت". ئمجا بۆ ئەوەی ئەم وێنەیە پڕڕەنگتر نیشان بدا و بەرجەستەتری بکاتەوە، دەیشوبهێنێ بە نموونەیەکی دیرۆکی وەک "پۆڵس" کە بە بۆچوونی خۆی هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانەیە. کەمێ دواتر نموونەیەکی بەردەست لە شێوازی دووەمیش بە میناک دێنمەوە، بەڵام پێش ئەوە با ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم. بێگومان مرۆڤ بە هەر جۆرێک بووە دەتوانێ لەنێوان دوو شتدا چەند لێکچوونێک بدۆزێتەوە و وەک مەریوان دەڵێ "لە زۆر ڕووەوە" بیانشوبهێنێ بە یەکتری تا لەسەر بنەمای ئەو شوبهاندنە کۆمەڵێ تایبەتمەندی لایەنێک ڕاست بکاتەوە بەسەر لایەنی دووەمدا. بەڵام لەم لاشەوە بە هەمان ئاسانی دەکرێ کۆمەڵی ناهاوبەشیش لە نێوانیاندا بدۆزرێتەوە و لەسەر بنەمای ئەم

لێکنەچوونە ساقکردنەوەی تایبەتمەندی لایەنێک بەسەر لایەنی دووەمدا وەک نادروست و ناکردەنی بێتە بەرچاو و تەنانەت وەک ئەوەی بەختیار سەبارەت بە گوزارەکەی مەریوان پێی وابوو، دەکرێ خودی چواندنەکەش وەک "پارادۆکس" ببینرێ. کەواتە چواندن زیاتر لەوەی ئامادەکارییەکی لۆژیکی بێ بۆ باوەڕپێهێنانی بیری بەردەنگ، ختێزەدانێکی سایکۆلۆژیکە بە ئاراستەی هاوسانکردنی دوو بوونەوەری جیاواز لە تێڕوانینی ئەودا. بە هەمان شێوە کاردانەوەی بەردەنگیش کاروەدانێکی سایکۆلۆژیکە و پەژراندن یان نەپەژراندنی شوبهاندن و ئەنجامەکەشی زیاتر لە کردەیەکی عەقڵانی کردەیەکی هەستەوارییە. هەر بۆیە ئەو بۆچوونانەی کە بە ئاسانی لەسەر بنەمای چواندن دادەمەزرێن، بە هەمان ئاسانیش دەکرێ هەڵبوەشێنەوە. هەر وەک چواندنەکەی مەریوان کە بەختیار بە بیانووی ئەمەی کە پارادۆکسە تانەی لێدەدا و بەتاڵی دەکاتەوە. بەڵام ڕێک لەو شوێنەی کە تانە لە چواندنەکەی مەریوان دەدا، خۆشی دەکەوێتە ڕستنی شێوازی دووەم لەم ناڕێکییە تا نیشانی بدا ئەمیش خاڵی نییە لەم نالۆژیکییە. بەختیار بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ لە کۆبانیدا "بوونی ژن بە جەنگاوەر هیچ کات بە

مانای ئازادی ژن نییە و مانای ئەوە نییە دوای تەواوبوونی بەرگری و گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو ژنان لە کۆیلەتی ڕزگاریان دەبێت"[٨]، سەرەتا دێت و بە خستنی شەڕڤانانی کۆبانی لە ڕیزی سوپاکانی جیهاندا، ئەوان دەشوبهێنێ بە زۆربەی ئەو سوپایانە. دواتر ئەم پاشکۆیەی لێ زیاد دەکات کە "ژن لە زۆربەی سوپاکان و هێزە چەکدارەکانی جیهاندا هەبوون، بێ ئەوەی ئەمە مانای ئەوە بێت کە ژن لەو جێگایانەدا ئازاد بوون"[٩]. ئمجا بێ ناوبەر ئەنجامەکەش ڕادەگەیێنێ کە "خەباتی کۆبانی ئێستا ئەوە نییە ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا چارەسەری نەکردوون"[١٠]. بەڕاستی بە هەمان ئاسانی ڕێگەگرتنی بەختیار لە چواندنەکەی مەریوان، دەشێ لێرەشدا ڕێگە لەم کردارەی بەختیار خۆشی بگیردرێ. بۆ وێنە ئایا کام لە سوپاکانی تری جیهان هاوشێوەی هێزەکەی کۆبانی هەڵگری فەلسەفەی ڕزگاری ژن بوونەیان بانگەشەی ڕزگاری ژنیان کردووە کە

---

[٨] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧

[٩] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧

[١٠] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧

لەگەڵ ئەماندا بەراورد دەکرێن؟. ئایا کۆبانی هەر لە سوپاکانی دیکەی جیهان دەچێ؟، بۆ وێنە ئایا دەکرێ لە ڕووی ڕێژەی بەشداریکردنی ژنانەوە بەوان بەراورد بکرێ؟. دواجار، بە کامە لۆژیک ناکامی سوپاکانی تری جیهان لە چارەکردنی پرسی ئازادی ژن دەکرێتە بەڵگە بۆ نەتوانکاری سوپاکەی کۆبانی لەم پرسەدا؟. وەک لە هێمای هەردووی ئەم نموونانەدا دەبینرێ بە ئاسانی ڕێگەگرتن لە کردەی چواندن خۆی نیشانەیەکی ڕۆشنە لە نامسۆگەری و سستبوونی بۆچوون لەسەر بنەمای چواندن. یەکێ لە هۆکارەکانیش ئەمەیە کە چواندن لە ناخی خۆیدا جۆرێک چەواشەکاری و فریودانی تێدایە کە بە ڕێگای شاردنەوەی هەندێ لایەن و بەرجەستەکردنی لایەنەکانی تردا دەڕوا. بە گوتنێکی دی ئەگەر دیوێکی شوبهاندن نیشاندانی لێکچوونەکان بێ بۆ ئاراستەکردنی بەردەنگ بەرەو ڕێگای بۆچوونەکانی خود، دیوەکەی تری بێبەشکردنی ئەوە لە جیاوازییەکان بۆ ئەوەی بەردەنگ تەنیا لەو ئاراستە و ڕێگایەدا بمێنێتەوە. کە واتە ئەرک و ڕێکاری ئێمە وەک خوێنەر لە سەرەتای دانووستان لەگەڵ هەر بۆچوونێکی دامەزراو لەسەر بنەمای شوبهاندندا دەبێ ئەمە بێ کە گومانێکی سەرەتایی گەورە لەسەر ئەو

چواندنە دابنێین تا ئەو وەختەی هەموو لایەنەکانی ئەو چواندنە لێکدەدەینەوە. ئەڵبەتە ئەمەش هیچ بە مانای ئەمە نایەت کە گومانە گەورەکە، واتە گومانکردن لە خودی ڕێبازی چواندن وەک نالۆژیکییەکی گەورە لە مێشکی خۆماندا بسڕینەوە و چاوپۆشی لێ بکەین...

## دوو: گریمانەی ناڕاست

وەک دەزانرێ هەموو پرۆسەیەکی بۆچوون یان باسێکی ئستدلالی ئاراستەیەکە سەرەتاکەی بە هەندێ زانیاری وەک گریمانە دەست پێدەکات و بە ڕاستایەکی شرۆڤە و شیکاریدا هەنگاو دەنێ تا دواجار لە ئەنجامگیرییەکدا کۆتایی پێدێ. لەنێوان ئەم سێکوچکەیەدا "گریمانە" بەردی بناخەی ئەو دووانەکەی تر، واتە "لێکدانەوە" و "ئەنجامگیری"یە. لەڕاستیدا ئەمە "گریمانە"یە کە بە ڕێژەیەکی کاریگەر و بەرچاو ئاراستەی "لێکدانەوە"کان دیاری دەکا و پەیڕەوی ئەوەش لە کۆتاییدا "ئەنجام"ـەکان دەستنیشان دەکا. بەداخەوە یەکێ لە کەماسییەکانی لۆژیکیش هەر لەم گرنگییەوە دەست پێدەکا، ئەو کاتەی کە لەسەر زانیاری

ناڕاست گریمانەیەک گەڵاڵە دەکرێ و بناخەی بۆچوونێک بە ناڕێکی دادەمەزرێ. لێرە بە دواوە چیتر گرنگ نییە مرۆڤ بۆچوون و بەڵگاندنێکی لۆژیکی بەڕێوە دەبا یان نا، چۆنکە لێرەدا لۆژیک تەنانەت ئەگەر بە دروستیش بکەوێتە گەڕ، تەنیا وەک ئامرازێک لە خزمەت گریمانەیەکی ناڕاستدا ڕۆڵ دەگێڕێ و بێ هیچ گومانێک بە ئەنجامێکی نادروستیش کۆتایی پێدێت. ئەمەی کە من دەڵێم مرۆڤ بەڵگاندنی لۆژیکی پەیڕەو بکا، باشترین دۆخی کردەنی لە بەرچاو دەگرم، دەنا زۆربەی کات ئەوانەی کە بنەمایەکی ناڕاست یان نادروست دادەمەزرێنن، نەتەنیا هەر لۆژیک بەکار ناهێنن، بەڵکوو بە هەمان ناڕاستی کە گریمانەکان دادەمەزرێنن، شیمانەکانیشیان دوور لە لۆژیک و بە نادروستی دەڕێسن و هەر لە سەرەتاوە تا کۆتا نالۆژیکبوونێکی پەتی و تەواوەتی بەڕێوە دەبەن. دوو گوزارەی "ناسیۆنالیزمی کوردی لە مێژووی ڕاستەقینەی کۆن و نوێی خۆیدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی تۆمار نەکردووە"[١١] و "ئەم ناسیۆنالیزمە چۆن لە ناکاو ئەو خەونانەی کە مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا نەیهێناوەتە دی

---

[١١] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

دەیهێنێتە دی؟"[12] کە لە وتارەکەی بەختیار بە دوای یەکتریدا هاتوون نموونەیەکی بەرجەستەیە لە بەڵگاندنی نادروست لەسەر بنەمای گریمانەی نادروست.

گریمانەی "ڕووتبوونی کۆبانی لە ئایدۆلۆژی" کە پێشتریش وەک درۆیەکی گەورە دامە ناساندن، یەکێکە لە نموونە دیارەکانی دامەزراندنی گریمانەی هەڵە و ناڕاست کە بەختیار چەندین جار لە وتارەکانیدا بە زاراوە و گوزارەی جۆراوجۆر دوبارەی کردووەتەوە، وەکوو "کە دەڵێین کۆبانی بەرگرییە لە ژیان، واتە دۆزینەوەی ژیانە بۆ توانایەکی مەزنی بەرگری لە خۆیدا، بێ ئەوەی مۆتیڤی ئایدۆلۆژی بیجووڵێنێت"[13]. ئەم قسەیە بە ئاشکرا گریمانەیەکی تەواو پێچەوانە و ناڕاستە و گشت کەسێ دەزانێ ئەگەر سەداسەدیش نەبێ بەشی هەرە گەورەی ئەو مۆتیڤ و هاندەرەی کە کۆبانی دەجووڵێنێت ئایدۆلۆژییە.

---

[12] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

[13] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١

بە هەر حاڵ وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا هەر بۆچوونێ کە لەسەر گریمانەی هەڵە یان ناڕاست دامەزرابێ، ئەگەر هەنگاوەکانی دواتریشی سەداسەد بەگوێرەی لۆژیک بەڕێوە بچن، کە ئەڵبەتە زۆربەی کات ناچن، لە کۆتاییدا بەرەو ئەنجامێکی نادروست هەنگاو هەڵدەگرێ و خوێنەر بەرەو ڕێگایەکی هەڵە ئاراستە دەکات. لەڕاستیدا لە دۆخێکی وەهادا نەبوونی لۆژیک زۆر باشترە لە ئامادەبوونی. چۆنکە لەم دۆخەدا وەک چۆن بە کارکردن لەسەر گریمانەی ناڕاستی "٢=١" دەتوانێ هەزاران نادروستی وەک "٣=٢" و "٤=٣" و... هتدمان دەرخوارد بدا، کارکردی لۆژیک تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و دەکەوێتە خزمەت چەسپاندنی ئەنجامێکی نادروست. هەر بۆیە لە خوێندنەوەیەکی تەندروستدا جگە لەمەی کە دەبێ "ڕاوەستەکردن لەسەر گریمانەکان" وەک بنەمایەکی گشتی گرنگی پێ بدرێ، گرنگیشە ئاگاشمان لە شێوازی شیکردنەوە بێ، نەکا لەڕێگەی خودی لۆژیکەوە بە لاڕێدا ببرێین و بەرەو ئەنجامە نادروستەکان ئاراستە بکرێین...

## سێ: حوکمدان

تۆزێک لەم گوزارانە ڕابمێنن: "مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی بە درێژایی چالاکبوونی و بەتایبەت لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا مێژووی شکست بووە"[١٤]. "کۆبانی زادەی نوشوستی ناسیۆنالیزمە"[١٥]. "کۆبانی زادەی تەنیا مانەوەی شارێکە"[١٦]. "ئەوە نوشوستی و بێباکی ناسیۆنالیزمە کە کۆبانی گەیاندە ئەو جێگایە بەو شێوە تراژیدییە بکەوێتە تەڵەکانی داعشەوە، ببێت بە قوربانی ئەو گەمە سیاسییە چەپەڵانەی لە باکوور و باشوور لە پێناوی دەستکەوتی بچووکدا بەڕێوە دەچن"[١٧]...

ئەم ڕستانە جیاواز لەمەی کە باسی چی دەکەن هەموویان هەڵگری هەناسەیەکی هاوبەشن کە تێیدا بێژەر بە جۆرێ لە ڕەهایی و متمانەوە قسە دەکا وەک بڵێی قسەکەی

---

[١٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢

[١٥] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤

[١٦] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤

[١٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥

"حوکم"ێکی مسۆگەر، یەکلایی و بڕاوەیە کە بە تەواوەتی سەلمێنراوە، لەحاڵێکدا کە ئەو هیچ سەلمێکی یەکلاکەرەوە یان لانیکەم بەڵگەیەکی بەهێز و نیشانەیەکی پاڵپشتی بۆ دابین نەکردووە. لە کردارێکی وەهادا کە دەتوانین بە "حوکمدان" ناوی بێنین، مرۆڤ گوزارەیەک وەک ئەنجامێکی ڕاست و ڕەها گەڵاڵە دەکا بێ ئەوەی ئەو ئەنجامەی لە ڕەوتێکی تاقیکردنەوەدا بەدەست هێنابێ یان بە مانای "بەڵگاندن و ئەنجامگیری دروست لەسەر گریمانەی ڕاست" بە پرۆسەی بۆچوونێکی لۆژیکیدا تێیپەڕاندبێ. بەداخەوە لە جیهانی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی ناویندا "حوکمدان" هێندە گشتگیر و بەربڵاوە کە لە نەریتێکی باو دەچێ تا دیاردەیەکی کورتخایەن و تێپەڕ. بە جۆرێ کە کەمتر کتێب و گوتارێکی ڕۆشنبیری هەیە کە خاڵی بێ لەم نەریتە و کۆمەڵێ حوکمی تێدا نەبێ.

بە سەرنجی من بێبەشبوون لە هەر دوو زانستی لۆژیک و ئامار و دواجار ڕەهاگەرایی وەکوو هەناسەیەکی باوی هەم دەروونی و هەم جڤاکی لەم دەڤەرە دەتوانن لە هۆکار و هاندەرە هەرە گرنگەکانی نەریتی "حوکمدان" بن. مرۆڤی ئەم دەڤەرە

بەگشتی لە ئەنجامی ژیانکردنی نەریتێکی تۆخی ئایینیدا بۆ ماوەی سەدان و بگرە هەزاران ساڵ لە لایەکەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو تووشە بە جیهانبینی "ڕەش و سپی بینین" و لە لایەکی دیکەشەوە بارگاوییە بە هەناسەیەکی "ڕەهاگەرا". هەر بۆیەش سەبارەت بە هەموو شتێک هەر زوو بە یەکێ لە لایەنەکانی ڕەش یان سپیدا خۆی یەکلایی دەکاتەوە و دەگا بە ئەنجامێکی پیرۆز. دواجار ئەوەی کە لەلای ئەو گەڵاڵە دەبێ بریتییە لە حوکمێکی ڕەها کە بە لای خۆیەوە هەم دروستە و هەمیش نەگۆڕە. لەم جیهانبینییەدا بۆ وێنە ناسیۆنالیزم یان بە تەواوەتی خراپە و دەبێ دەستی لێ هەڵگرین، یان بە تەواوەتی باشە و دەبێ تا ئەو پەڕی شۆڤینیزم پابەندی بین. لەنێوان ئەم دووانەشدا هیچ جۆرێکی دیکەی ناسیۆنالیزم بوونی نییە. دیوی یەکەمی ئەم جیهانبینییە دەبێتە ڕۆشنبیرێکی وەک بەختیار عەلی کە بە یەکسانکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ ناسیۆنالیزمەکانی فارس و تورک و عەرەب گەمژانە ناسیۆنالیزم بە پەتایەکی ناشیرین دەزانێ کە پێویستە خۆمانی لێ ڕزگار بکەین و دیوی دووەمیشی دەبێتە شۆڤینیزمێکی وەک میت و سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی کە دڕندانە بەبڕیارە لە

ژینۆسایدی گەلانی تردا ئەو پەڕی ناسیۆنالیزمی خۆی بژی. ئەم تێڕوانینە بەتایبەتی لە کەسایەتییە ڕۆشنبیرییەکەیدا چەندە بانگەشەی عەقڵانییەتیش بکا، زیاتر لەوەی عەقڵانی بێ خەیاڵییە و بە ڕێژەیەکی بەرچاویش خاڵییە لە لۆژیک. لە نەبوونی چاودێری لۆژیک بەسەر بیرکردنەوەدا ڕۆشنبیرانی ئێمە زیاتر لەوەی کە تێهزرینی دروست لەسەر زانیارییە ڕاستەکان بکەنە بنەمای بۆچوونی خۆیان، بۆچوونەکان لەسەر بنەمای هەستەوەرانە بنیاد دەنێن و دایاندەڕێژن. لەم نەریتەدا ئەزموونگەرایی و تاقیکردنەوە لەو پەڕی پشتگوێخراوی و لاوازیدایە و زۆرینەیەکی نزیک لە ڕەهای بۆچوونەکان تەنیا لەنێو مێشکی ڕۆشنبیراندا گەڵاڵە دەبن و پەرە دەستێنن و زۆر بە کەمی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕاسکانی کۆمەڵگان. هەر بۆیەشە کە لەلای ئێمە زانستی ئامار هەمیشە یەکێکە لە نائامادە هەرە گەورەکانی زانستەکانی دەروونناسی، جڤاکناسی، سیاسەت و... بەگشتی ئەو زانستانەی کە لە جڤاک دەکۆڵنەوە و مژاری سەرەکی جیهانی ڕۆشنبیرانن. ئەگەر بە شێوەیەکی تایبەت سەبارەت بە ڕۆشنبیری کوردی قسە بکەین، من خۆم کەمتر نووسینێکی ڕۆشنبیرانم سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی بینیوە کە پشتی

بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی بەستبێ و بەگوێرەی ژمارە و ئامار قسەی کردبێ. زۆرینەی نزیک لە ڕەهای ئەو شرۆڤانەی کە سەبارەت بە پرسە جیاجیاکانی جڤاکی کوردی لە بوارە جیاوازەکاندا لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەکرێن زۆر دوورن لە هەر جۆرە ئامارێکی تەنانەت سەرەتاییش. لەڕاستیدا هەر بۆچوون و شرۆڤەیەکی سەبارەت بە پرس و دۆزە جڤاکییەکان چڤاس گرنگە لە بواری تیۆریدا گرێدراوی لۆژیک بێ بۆ ئەوەی بە ڕێبازێکی زانستیدا بڕوا، هێندەش گرنگە پشت بە ئامار ببەستێ تاکوو ڕاسکانیتر بێ و دواجار بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست بگا. بۆ وێنە هەرکام لە ئێمە دەتوانین بە ئاسانی سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچکردن قسە بکەین و تەنانەت تیۆریش دابڕێژین، بەڵام ئایا بەڕاستی دەکرێ بەبێ ئامارگیرییەکی وردی ڕێکۆپێک و تۆکمە وێنەیەکی ڕاسکانی لەم پرسە بکێشین و بگەین بە هۆکارەکان، باندۆرەکان و ڕێچارەکان و بەگشتی بە ناخی ئەم دیاردەیە؟!. بە بۆچوونی من نە لەم پرسە و نە لە هیچ پرسێکی دیکەی کۆمەڵگەدا بەبێ ئامار تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە ڕاسەڵەی جڤاک ئەگەر نەکردەنی نەبێ، کارێکی یەکجار ئەستەمە. لەڕاستیدا هەر بۆچوونێ کە ڕوانگەی ڕەش و سپی و ڕەهاگەرای ئێمە

بەرهەمی دێنێ، بەتایبەتی لە نەبوونی لۆژیک و نەبوونی ئاماردا زیاتر لە هەر شتێکی دیکە لە "حوکم"ێکی ڕەها و بەڵام بێبنەما نزیکترە. بە پێچەوانەشەوە ئێمە هەرچی لە ئامار نزیکتر ببینەوە قسەکانمان ڕاسکانیتر و هەرچیش لە لۆژیک نزیک بینەوە بۆچوونەکانمان عەقڵانیتر دەردەکەون و دواجار لە "حوکم"ی بێبنەما دوورتر دەبنەوە و بنیادنەرتر و بەباندۆرتریش دەبن. "حوکم"ەکان جگە لە بە ناڕاست وێناکردنی بارودۆخ و بە نادروست نیشاندانی ڕێگا لە کۆتاییدا دیوێکی شاراوە و ترسناکی دیکەشیان هەیە کە بەتایبەتی پەیوەندیدارە بە خوێنەرانەوە. ئەم حوکمانە کاتێ لەلایەن ئێمەی خوێنەرەوە قەبوول دەکرێن ئیتر دەبن بە خاڵێکی کۆتایی لە بیرکردنەوەی ئێمەدا و ئێمەش بە گەیشتن پێیان وەک بڵێی ئەنجامی کۆتاییمان دەست کەوتبێ ئیتر دەرگای بیرکردنەوەی خۆمان دادەخەین. بەشێکی گەورە لە گوتەی ڕۆشنبیران، شاعیران، نووسەران، سیاسەتمەداران، هونەرمەندان و پەیامبەران و... هتد کە بێ ڕەچاوکردنی کات و شوێن و هەلومەرجی گەڵاڵەبوونیان ڕۆژانە لە زاری ئێمەوە دەردەچن بەشێکن لەو حوکمە پیرۆزانەی کە ئێمە بێ

بیرکردنەوە دەیانکەینە بەڵگە و تەنانەت سەلم بۆ تێڕوانینەکانی خۆمان.

بیرمان نەچێ کۆتا خاڵی گرنگ لەم پەیوەندییەدا دیسان دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئێمە وەک خوێنەر و ئەویش ئەمەیە کە هیچ حوکمێک ناتوانێ بەسەر "ئاگایی"دا باز بدا و خۆی وەک ڕاستییەکی ڕەها لەنێو مێشکێکی ئاگادا جێگیر بکا. بۆ وێنە ئەگەر ئێمە ئاگاداری ئەم ڕاستییە بین کە کۆبانی یەکێ لە دەگمەن شوێن و ساتەکانی مێژوویەکی سەد ساڵەیە کە تێیدا خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتیش بە ڕێپێوانی مەزن لە دەوری شارێک کۆ بوونەوە، وڵاتپارێزانی کوردیش لە هەر چوار بەشی کوردستانەوە بۆ پاراستنی ئەو شارە ڕوویان تێکرد، بۆ یەکەمجار ڕەوتە سیاسییە کاریگەرەکانی کورد سەرەڕای هەبوونی ڕکابەری و تەنانەت دژبەری لە نێویاندا کەوتنە یەک بەرەوە و هەروەها جیهانی ڕۆژاواش لە هەڵوێستێکی دەگمەندا لەسەر ئەم شارە هاتە دەنگ، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە گوزارەی "کۆبانی زادەی تەنیا مانەوەی

شارێکە" بە هەمان ڕەهایی کە ڕەها و خودباوەڕە حوکمێکی بێبنەما و پووچە کە ڕێک پێچەوانەکەی دروستە...

## ناسیۆنالیزم و ڕۆشنبیری کورد

کۆتا ڕاوەستگەی ئەم نڤیسارە ڕاوەستانێکی کورتە لەسەر پێگەی ڕۆشنبیری کورد سەبارەت بە ڕەوش و بارودۆخی ئەم نەتەوەیە و بەتایبەتی سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی و هەروەها بەراوردکردنێکی سەرپێیی ئەم توێژەیە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا. ئەوەی ڕاستی بێ هەڵوێست و هزری توێژی ڕۆشنبیرانی کورد لە بواری ناسیۆنالیزم و بەتایبەت دژەداگیرکاریدا هەمیشە بۆ من جێگەی سەرنج و مەراق بووە و هەر بۆیەش لە نووسینەکانی پێشووتریشمدا و بۆ نموونە لە "برایەتی گەلان و تانەی براکاندا"[1] هەم وەک سەرنج و هەمیش وەک ڕەخنە کەم تا زۆر لە ڕەهەندی جیاوازەوە باسم لێوە کردووە. ئەم باسکردنەش لەلای من هۆکاری گەورەی لە پشتە.

---

[1] ژیرۆ زاگرۆس، برایەتی گەلان و تانەی براکان، بەشی "پەراوێز و بانگەوازێک"، ل ١٤٩

یەکێ لە هۆکارەکان ئەمەیە کە چۆنکە ڕاوەستە و هەڵوێستی بەشێکی گەورەی ڕۆشنبیرانی ئێمە و بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆیان وەک سەربەخۆ و ناحزبی دەزانن لە بواری ناسیۆنالیزم و بەتایبەت دژایەتیکردنی داگیرکاریدا هەمیشە سنووردار بووە بە کۆمەڵێ نووسراوە یان بەرهەمی هونەری لە دووتوێی لێدوان، چاوپێکەوتن، کتێب و... هتد، هەر بۆیە بەراورد بە تێکۆشەرانی دەرەوەی خۆیان و بە دیاریکراوی شۆڕشگێڕان و هێزە سیاسییەکان هیچ کاتێ وەک بکەرێکی سەرەکی دەرنەکەوتوون و لە پێگەیەکی کرداری ڕووت و پەتی وەهادا نەبوونە کە لەم بوارانەدا داوەری بکرێن و بێنە هەڵسەنگاندن. لە ئەنجامدا ئەوان هەمیشە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ڕەخنەی خەڵکی پارێزراو بوونە و هەر لە سایەی ئەم پارێزبەندییەشدایە کە کورد گوتەنی هەمیشە "دەمیان بەورە"[٢] و بەبێ ئەوەی ترسێکیان لە ڕەخنەی خەڵک هەبێ یان خۆیان ڕەخنەدانی خۆیان بدەن، دایمە "دەمی خۆیان دەخەنە

[٢] پەندی جافی "فڵانی دەمی بەورە" بۆ ئاماژە بە کەسێک بەکار دێت کە تۆمەتێک بەسەر هاودەستەکانیدا دەسەلمێنرێ و بەڵام ئەو هیچی لەسەر ساق نابێتەوە و هەر بۆیەش بە کەیفخۆشی و بێ ترس قسەی خۆی دەکا.

بەر"[3] و تاکلایەنە ڕەخنە لە هەموو بوار و کایەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگرن. هەرچی ڕۆشنبیرانی حزبیشە تەنیا ئەوەیان پێ دەکرێ کە لە چەوتییەکاندا "دەمی پارتەکەی خۆیان بسڕنەوە"[4]. ئەمە لەحاڵێکدایە کە بەداخەوە چینی ڕۆشنبیرانی کورد قەت لە ئاستی بارودۆخی کوردستانی گیرخواردوو لە ڕەوشی داگیربووندا ئەرکی خۆیان بەجێ نەهێناوە و ئەوەی دەبێ پێش هەموو ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی کوردی بکەوێتە بەر ڕەخنە و لێپرسینەوە و تانەلێدان بە پلەی یەکەم ئەم چینەیە کە لە هێمای کەسانی وەک بەختیار دا بەشێکیان تەنانەت ناسیۆنالیزم بە دیاردەیەکی قێزەون و دواکەوتوو دەزانن. هەرچۆنێ بێ بەشێکی گەورە لە ناسیۆنالیزمی کوردی کاردانەوەیەکی ئاسایی و سروشتییە بەرانبەر بە داگیرکاری، بەڵام کاروەدانی بەشێکی گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد بەرانبەر بەم ستەمە گەورەیە نەتەنیا ئاسایی نەبووە، بەڵکوو هیچ کاتێکیش بەگوێرە و شیاوی ئەم

---

[3] "دەمی خۆی دەخاتە بەر"، واتە پێش هەمووان دێتە گۆ و بە جۆرێ باسی ڕووداوەکان دەکات کە پاکانەی خۆی بدا و هیچ کەماسییەک ڕووبەڕووی خۆی نەکرێتەوە.

[4] "دەم سڕینەوە" واتە پاکانەکردن و پاساودانەوەی هەڵەی کەسانی دیکە

ستەمە گەورەیە نەبووە. بە هەر حاڵ، زۆرینەی ڕۆشنبیرانی کورد لە سایەی نەریت و هەلی "بەوربوون و خستنەبەری دەمی خۆیان" بەرانبەر بەو هەموو سووژنەی کە سەبارەت بە دۆزی داگیربوونی کوردستان بەتایبەتی لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەیدەن، هیچ کاتێ ئامادە نین دەرزییەکیش لە خۆیان بدەن[٥] و بزانن ئەرکی خۆیان چییە و چەندە بەو ئەرکانە هەستاون؟!...

بەڵام ئەمەش هێشتا کێشە گەورەکەی کۆمەڵگای کوردی نییە سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی خۆی. گرفتی گەورە بە بۆچوونی من ئەمەیە کە بە مانای بینین و شرۆڤەی هەموو لایەنەکانی هاوکێشەکان بە شێوازێکی زانستی و لەسەر بنەمای ویژدان ئەوان هەر نازانن ڕەخنەش بگرن. با تۆزێ بە وردی لەسەر ئەم کێشەیە ڕاوەستە بکەین، بەڵام پێش ئەوە با بیرتان بێنمەوە کە من لەم نڤیسارەدا تا ئێستاش زاراوەی "ناسیۆنالیزمی کوردی" هەر بەو مانایەی کە ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگری وەکوو

---

[٥] پەندی کوردی "دەرزییەک لە خۆت بدە، ئمجا سووژنێک لە خەڵک"، بۆ ئەو کەسانە بەکار دێت کە هەمیشە خەڵکانی تر دەگرنە بەر ڕەخنە، بەبێ ئەوەی جارێکیش ڕەخنەی کەماسییەکانی خۆیان بکەن.

بەختیار مەبەستیانە، واتە ئەو هێزە سیاسییە کوردییانەی کە بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری لەسەر بەشێک یان تەواوی کوردستان تێکۆشان دەکەن بەکار دێنم. بێگومان هیچ پێویست بە ئاماژە ناکات کە ناسیۆنالیزمی کوردی هیچ کاتێک خاڵی نەبووە لە ناعەقڵانییەت، بەڵام ئایا ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگری ناسیۆنالیزمی کوردی بە دروستی توانیویانە ئەم ناعەقڵانیبوونە شرۆڤە بکەن، کەماسییەکانی ڕوون بکەنەوە یان پێشنیاری کارێگەریان هەبێ بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ئەم ناعەقڵانییەتە؟. من بەش بە حاڵی خۆم "نەخێر"ێکی زۆر گەورە لە بەردەم ئەم پرسیارانەدا دەبینم. بە بۆچوونی من تەنانەت دەتوانین بگەڕێینەوە پێشتر لەم جۆرە پرسیارانەش و بپرسین گەلۆ ئەم ڕۆشنبیرانە خۆیان هەر هیچ نەبێ هێندەی ناسیۆنالیستەکان دژ بە داگیرکاری وەستاونەتەوە و ئەرکی خۆیان بەجێهێناوە؟!. بۆ وێنە سەدا چەندی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ڕەخنەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن، دژ بە داگیرکاری و داگیرکەران نووسیویانە، یان سەدا چەندی نووسینەکانی ڕەخنەگرانی ناسیۆنالیزمی کوردی هاندانە لە دژی فاشیزمی داگیرکەران؟!. وەڵامی من دیسان لێرەشدا "نەخێر" و "زۆر کەم"ێکی گەورەی دیکەیە بۆ ئەم پرسیارانە...

بەتایبەتی کەسێکی وەک بەختیار بە جۆرێ هەر لە سەرەتاوە ڕەنگدێرێکی تەواو چەوت و هەڵە بۆ داناسینی چەمکی ناسیۆنالیزم دادەڕێژێ کە هەر مرۆڤێکی عاقڵ بە ئاسانی دەتوانێ گومانی گەورە دابنێتە سەر بۆچوونەکانی دواتری ئەو سەبارەت بە چەمکی ناسیۆنالیزم بەگشتی و ناسیۆنالیزمی کوردیش بەتایبەتی. لەڕاستیدا ڕۆشنبیرێکی کورد کە پێی وابێ "لە قووڵاییدا ناسیۆنالیزم و تیرۆریزم نزیکایەتییەکی گەورەیان هەیە و هەردوکیان بارگەیەکی ڕەمزی گەورە دەدەن بە مردن"[٦]، یان بە پێناسەکردنی "ناسیۆنالیزم وەک هێزێکی وێرانکار، بە ناسیۆنالیزمی کوردی و عەرەبی و تورکییەوە..."[٧]، ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی گەلانی سەردەست یەکسان دەبینێ و لە وێرانکاریدا دەیانکا بە هاوشان و هاوسان، ئێتر هیچ شتێک ناهێڵێتەوە تا ئێمە نەڵێین "کاکە تۆ هەڵەیت!". لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە لەلای من هێندە سەیرە کە کەسێک بە جەستە و بە گیان، بە گۆشت و ئێسقان گەورەترین ستەمی دژمنەکەی خۆی بچێژێ و کەچی

---

[٦] بەختیار عەلی، گووتاری مانەوە، ل ٦٥

[٧] بەختیار عەلی، ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی، ل ٢١٦

خەمساردانەش بەرگری و بەرخوەدانی خۆی لەگەڵ ستەمکاری و دەستدرێژی دژمنەکەیدا بە یەکسان و هاوتا ببینێ و هەر وەک یەکیش شەرمەزار و لۆمەیان بکا!. لەڕاستیدا داناسینی هەموو جۆرەکانی ناسیۆنالیزم بە خراپ و ناڕەوا و وێرانکەر لەلایەن ڕۆشنبیرێکی کوردەوە، ڕێکاوڕێک بە مانای قەدەخەکردنی هەڵگرتنی چەقۆیە بۆ کەسێک لەنێو ماڵی خۆیدا بە شمشێر و قەمە و ساتۆر دەورە درابێ. من خۆم ئەم جیهانبینییە و ئەم شێوازە لە قسەکردن سەبارەت بە ناسیۆنالیزم لەلایەن کوردێکی ئاگا بە ڕەوشی داگیربوونی خۆی و وڵاتەکەی هێندە بە گەمژانە دەبینم کە زۆر سەختە باوەڕ بکەم لەلایەن ڕۆشنبیرێکی کوردەوە گەڵاڵە کراوە. ئەو کە وا دەزانێ "دەرحەق بە پیشەسازی مەرگ لە مێژووی هاوچەرخی کوردی سیاسەتێکی بێگونا و ناسیۆنالیزمێکی پاک بوونیان نییە و چەندە داگیرکەران گرەو لەسەر کوشتنی کورد دەکەن، ناسیۆنالیزمی کوردیش قورسایی سەرەکی خۆی دەخاتە ناو هەمان هاوکێشەی کوشتنی کوردەوە"[٨]، ئایا دەتوانێ یەک نموونە، تەنیا یەک نموونە لە مێژووی مرۆڤایەتی بدۆزێتەوە

---

[٨] بەختیار عەلی، گووتاری مانەوە، ل ٦٣

که گەلێکی زیندوو پەلامار درابێ و لە بەرەنگاربوونەوەدا بەشێک لە ڕۆڵەکانی نەبووبنە قوربانی؟؟!!...

بێگومان من لەو باوەڕەدا نیم کە زۆرینەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرانی کورد وەک بەختیار عەلی باوەڕیان بە تێزێکی گشتی وەک "وێرانگەربوونی ناسیۆنالیزم" یان تێزێکی تایبەتتری وەک "یەکسانبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و ناسیۆنالیزمەکانی فارس و تورک و عەرەب" هەبێ، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر لەمە دڵنیام کە ڕادەی ڕەخنەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەلایەن زۆرینەی ڕۆشنبیرانەوە ئەوەندە زیاترە لە ڕەخنەدانی کەمتەرخەمی و خەمساردی خۆیان لەمەڕ دۆزی داگیربوونی کوردستان و هەروەها ئەوەندەش زیاترە لە بەگژداچوونەوەیان بەرانبەر بە داگیرکەران لانیکەم لە بواری فەرهەنگیدا کە قەت بە یەکتری بەراورد ناکرێن. دوای ئەمەش، پرسیاری هەرە گرنگ ئەمەیە کە بەرانبەر بەو هەموو ڕەخنە و تانە و تەشەر و جنێوانەی کە ڕۆشنبیرانی کورد هەمیشە ڕووبەڕووی نەزانی، نەتوانکاری و بەگشتی نارێکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییان کردووەتەوە، ئایا ئەم چینە خۆی توانیویەتی ڕێکارێکی جێگرەوە بە

ئاراستەی بەدەستهێنانی مافە تاڵانکراو و دابەشکراوەکانی کورد پێشکەش بکا؟!!... بە دیتنی من ئەگەری هەڵبژاردنی "نەخێر" بۆ ئەم پرسیارە ئەگەرێکی زۆر نزیک لە "یەک"ـە. کورت و کورمانجی، ئەگەر توێژی ڕۆشنبیرانی کورد وەک دەزگا یان کۆیەک تەماشا بکەین، ئەم دەزگایە هیچ کاتێ نەیتواستووە یان نەیتوانیوە وەک دینامۆ و هێزێکی ئاراستەکەر بەرەو دژایەتیکردنی داگیرکاری سەر کوردستان، ڕەواندنەوی بندەستی لەسەر مرۆڤی کورد و پەروەردە و ئامادەکردنی ئەم مرۆڤە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دۆخی داگیربووندا خۆی نیشان بدا. بەڕاستی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی بەم مانایەی کە بە شێوەیەکی ڕاسکانی مرۆڤی کورد لە بارودۆخی بندەستی و ڕەوشی داگیربوونی خۆی ئاگادار بکاتەوە، تەنانەت لە بوارە تایبەتەکەی خۆشیدا کە ڕۆشنکردنەوەی جڤاکی بندەستی کوردە لەو نەهامەتییەی کە تێی کەوتووە و لەو بەڵایەی بەسەری هاتووە، جێپەنجەیەکی بەرجەستە و دیاری لە خۆی نیشان نەداوە. بۆ نموونە من کە ئەم دێڕانە لە سەروبەری ڕۆژی جیهانی زمانی دایکیدا دەنووسم، هەرچی بیر دەکەمەوە دەبینم کە لە بواری داناسینی ڕۆڵی زمانە سەردەستەکان لە داگیرکردنی کوردستان،

واتا و کارکردی ئەم زمانە لە بەرخوەدان و مانەوەی ئەم گەلەدا، بەرجەستەکردنی گرنگی زمانی کوردی لە بەرەنگابوونەوەی ئەم داگیرکارییەدا و... هتد، چینی ڕۆشنبیرانی کورد هیچ کاتێ هێندەی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی کاریگەری یان لانیکەم چالاکییان نەبووە. من پێم وایە بە پێچەوانەوە زۆرینەی ڕۆشنبیرانی کورد خۆیان گیرۆدە و شەیدای فەرهەنگ و زمانەکانی سەردەستن و ئەگەر جڤاکی کوردییان بەرەو ئەم گیرۆدەبوونە ڕانەکێشابێ، لانیکەم نەیانتوانیوە بە ئاراستەی دژایەتیکردنی ئەو زمان و فەرهەنگانە هانیان بدەن کە ئەمە خۆی یەکێکە لە گەورەترین کەماسییەکانی شەقامی ڕۆشنبیری کوردی سەبارەت بە پرسگرێکی داگیربوونی کوردستان. ئەم دۆخە تەنیا لە بواری زماندا لە ئارادا نییە و لە هەموو کایەکانی دیکەی ژیانی بندەستیدا بەرچاوە و ڕۆشنبیران لە باشترین حاڵەتدا هەمیشە دانیشتوون تا تەڤگەرێکی سیاسی یان کۆمەڵێ چالاکوانی سیاسی و فەرهەنگی کەمپینێ ڕابگەیێنن و بچنە دەرماڵیان و ئەوسا ئەوانیش واژۆیەکی پشتگیرییان پێ بدەن، ئەویش ئەگەر بە پاساوی وەک پاراستنی سەربەخۆبوون لە واژۆکردن نەسڵەمێنەوە!. ئەڵبەتە ئەمە جیا

له کۆمەڵەی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی فەرهەنگی داگیرکەراندان و کەچی هەر کاتێکیش دێنەگۆ لە لایەکەوە لەپشت کاوێژی دروشمگەلی ڕۆتین و بێبنەمای لە مانای "من شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم"دا هەم کەماسییەکانی خۆیان دەشارنەوە و هەمیش خەڵکی کورد بەرەو خزمەتکردنی زیاتری داگیرکەران هان دەدەن و لە لایەکی ترەوە تا ئەو پەڕی بێڕەحمی دەکەونە ڕەخنەکردن و لۆمەکردنی بزاڤە سیاسیبەکانی کورد. بۆ وێنە کابرا شەیدایانە و خۆبەخشانە تەواوی ژیانی خۆی بەخشیوە بە ئەدەبی عەرەبی یان هونەری فارسی، بەڵام کە دەمیش دەکاتەوە، لە شیکاری سیاسەتی فەرهەنگی پارتە کوردییەکان یان دەسەڵاتی کوردیدا تا ئاستی خیانەت دەیانبا و شەرمەزاریان دەکا!. ئەمە یانی ڕێک لەو شوێنەی کە مافی نییە تەنانەت یەک ڕستەش بڵێ، کەچی لە پێگەی دۆزگەرێکی گشتییەوە تاوانێک دەخاتە پاڵ خەڵکەوە کە کە خۆی زۆر زیاتری لێ کردووە. ئەڵبەتە ئەو کۆمەڵە فراوانەی ڕۆشنبیرانیشمان بیر نەچێتەوە کە سەردەمانێ خۆیان ئەندام یان داکۆکیکەری ڕژدی پارتێکی سیاسی کوردی بوونە و هەر بۆیەش خۆیان بەشێکن کەماسیبەکانی ئەو پارتە وەک بەشێک لە

ناسیۆنالیزمی کوردی و کەچی دواتر بە جۆرێ ڕەخنە لەو پارتە دەگرن و دەیکەن بە خاوەنی سەرەکی هەموو چەوتییەکان کە لە بەرچاوی خەڵک کورد گوتەنی ئەم دەبێ بە "گورگی قنگ دوریاگ"[٩] و ئەویش خۆی "وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ"[١٠].

با جارێکی دی بگەڕێمەوە سەر قسەکانی پێشووم و دوبارەی بکەمەوە کە پەیوەندیدار بە ناسیۆنالیزمی کوردی و دۆخی بندەستبوونی کورد توێژی ڕۆشنبیرانی ئەم گەلە نەتەنیا هیچ کاتێ لە ئاست ئەم دۆزە گەورەیە وەک بکەرێکی ئاراستەکەر و ڕۆشنگەر نەجووڵاونەتەوە، بەڵکوو تەواوی هونەریان هەر

---

[٩] پەندی پێشینانی کوردی(جافی). پێدەچێ ئاماژە بێ بە گورگێ کە لەسەر تاوان دەگیرێ و کەسی ئاژەڵدار وەک تۆڵەیەک قوونی دەدوورێتەوە و بەری ئەدا تا هەم لۆمە بکرێ و هەم نەتوانێ گوو بکا و دواجار بەو دەردەوە بمرێ.

[١٠] پەندی پێشینانی کوردی. بەرزەک جۆرە پشیلەیەکی کێوییە بچووکتر لە پڵنگ کە زۆر بە چالاکی دەدا بەسەر ئاژەڵدا و ئەگەر توانی بیگرێ دەیبا و ئەگەریش لەقاو درا و بۆی نەگیرا، هەرچۆنێ بێ بە فرزی خۆیەوە خۆی دەرباز دەکا، بەڵام شوێن دەستی بە لاشەی ئاژەڵەکەوە وەک نیشانەی کەتنەکەی دەمێنێتەوە. ئەم پەندە بۆ ئەو کەسانە دەچێتە کار کە کەتنێک دەنێنەوە و خۆیان لێی دەردەچن.

ئەمە بووە لە کوێ بۆیان لوابێ، هەر لەوێ دەمی خۆیان بخەنە بەر و بە جۆرێ ناسیۆنالیزمی کوردی بگرنە بەر تانە و تەشەر و ڕەخنە کە بە تەواوەتی سفری بکەن. با جارێکی دی بەبیر بێنمەوە کە مەبەستی من لە گێڕانەوەی ئەم ڕاستییە لێرەدا نە نکۆڵیکردنە لە کەماسی و هەڵەکان و نەیش شاردنەوەی تاوانەکان و تەنانەت خیانەتەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییە، بەڵکوو لە لایەکەوە سەرنج خستنە لەسەر کەماسی، خەمساردی، کەمتەرخەمی و بێباکی ڕۆشنبیران لەمەڕ پرسی داگیربوونی کوردستان و دەستەوەستانی ئەوان لەمەڕ هەڕەشەکانی سەر ناسیۆنالیتەی ئەم گەلە و لە لایەکی تریشەوە ڕەخنەکردنی دەمدرێژی لە ڕادە بەدەری ئەوانە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی کە بە بەراورد هەمیشە زۆر زیاتر و بوێرانەتر بووە لەو ناچالاکییە بێئارانەیەی کە خۆیان لانیکەم لە باری فەرهەنگییەوە بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان بە شێوەیەکی بێوێنە نواندوویانە و دەینوێنن. بێگومان ئەم قسانەی من نابێ قەت بە مانای سڕینەوەی تەواوەتی ڕۆڵی ئەو ڕۆشنبیرانە لێک بدرێتەوە کە بە جۆرێ لە جۆرەکان بەشێک بوونە لە بزاوتی دژەداگیرکاری سەر کوردستان، بەڵام کورتەی بۆچوونەکەی من

ئەمەیە کە بەرپرسیارەتی ئەوان لە سەرنەکەوتنی کورد دژ بە داگیرکەران، نەتەنیا کەمتر لە ناسیۆنالیزمی کوردی نییە، بەڵکوو زۆر زیاتریشە و لە هەر شوێنێ کە ناسیۆنالیزمی کوردی چقاس هەڵەی کردبێ، ئەوانیش بە هەمان ڕادە هەڵەیان کردووە. با نموونەی سادە هەر لە بواری هزریدا بێنمەوە. تا ئێستا دەیان و سەدان ڕۆشنبیری کورد ڕەخنەیان لە ناسیۆنالیزمی کوردی گرتووە کە گوایە ئەوان سەردەمانێ شوێن ڕەوتی چەپ و مارکسیزم کەوتوون و تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی کوردیبان کردە قوربانی شوێنکەوتنی مارکسیزم و چەپگەرایی. بەڵام ئایا شەقامی ڕۆشنبیری کوردی کە لەو دەمانەدا بڵندگۆی هەرە گەورەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی مارکسیزم و کۆمۆنیزم هەر خۆیان بوون، ئەم ڕەخنانەی بە هەمان ڕادە و شێوە ڕووبەڕووی خۆی کردووەتەوە؟!!. بێگومان ئەم قسەیە بە دیوی تریشدا ڕاستە و دەبێ سەرنجی بدرێتێ. مەگەر کەمن ئەو ڕۆشنبیرانەی کە جیهانی لیبراڵی ڕۆژاوایی بە جۆرێ وەک فریشتە سەیر و وێنا دەکەن کە لەبیر مرۆڤی کوردی دەبەنەوە کە بەشی هەرە گەورەی پشتیوانی هەمەلایەنەی داگیرکەرانی کوردستان لەلایەن ئەم جیهانە لیبراڵ و بەناو دیمۆکراتەوە دەکرێ کە

بەڕاستی گوزارەی "غەدر و ڕەزالەت و تاوان بەشێکە لە بوون و کولتووریان"[11] کە ڕەفیق سابیر لەبارەی ئینگلیزەوە دەیڵێت سەداسەد بۆ تەواوی ئەم جیهانە دژەکوردە دروستە؟!...

با لە سیاسەت گەڕێین و وەک دوا نموونە لەم نڤیسارەدا لە سۆنگەی زمانەوە سەیری ڕۆشنبیرانی کورد بکەین. ئایا ڕەفتاری ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بە ڕەوش و چارەنووسی زمانی کوردی باشتر بووە لە هەڵسوکەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم بوارەدا؟!. بۆ وێنە بەرانبەر بە دەیان کەمپەین و دەسپێشخەری ناسیۆنالیزمی کوردی سەبارەت بە زمان ڕۆشنبیران کامە هەڵمەتیان ئەنجام داوە؟. گەلۆ چارەدۆزی چینی ڕۆشنبیران سەبارەت بە هەڵبژاردنی یەکێ لە زاراوەکان وەک زاراوەی گشتگیری کوردی چی بووە جگە لەمەی کە زۆرینەی ڕەهای ئەم چینە بە شێوەزارەکەی خۆیانەوە بنووسێن و ئەوانی تر بە پلە دوو سەیر بکەن؟. یان ئایا ڕۆشنبیران زۆر زیاتر لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەرپرسیار نین لەو ڕەوشە پاشاگەردانی و کائۆتیکەی کە لە لایەکەوە بەرهەم و دەستکردی بەناو پسپۆڕەکانی ئاکادیمیای زمانی

---

[11] ڕەفیق سابیر، لە ستایشی ژیاندا، ل ٦٩

کوردییە بەسەر ئالفابێی ئارامیدا و لەم لاشەوە بەهۆی پابەندنەبوونی زۆرینەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرانی بەتایبەتی باشووری بە گرنگی ئالفابێ و ڕێنووس ڕۆژ دوای ڕۆژ زەقتر و وێرانگەرتر دەبێتەوە. ئەم ڕستانەی خوارەوە کە بەشێکە لە هەڤپەیڤینێکی بەختیار عەلی خۆی بە تەنهایی دەتوانێ وێناکەری ڕادەی کوشندەیی و وێرانگەری ئەم پاشاگەردانییە و ڕێژەی تاوانباری ڕۆشنبیرانی کورد لەم بوارەدا بێ. ئەو دەڵێت: "خەڵک هەیە نووسین بە دوو 'و' دەنووسێ، من بە یەک 'و' دەینووسم، ئەمە جۆرێکە لە تێڕوانینی من بۆ زمان... بەتایبەتی کێشەکە لەوەدایە ئێمە زمانێکی ستانداردمان نییە، ڕێنووسێکی ستانداردمان نییە تاوەکوو کەس یاساکانی خۆی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێ... من شەخسی خۆم ڕێگە نادەم کەس ڕێنووسی خۆی بەسەر مندا بسەپێنێ و بە یاسایەکی ڕاستی دەزانم تا ئەو کاتەی ئێمە ڕێنووسێکی هاوبەشمان هەبێ. ئەم ڕێنووسە هاوبەشە لەڕێگەی دیالۆگ و قسەکردنەوە پێی دەگەین، نەک لەڕێگەی ئەوەی یەکێک ڕێنووسی خۆی بەبێ هیچ بنەمایەک و بەبێ هیچ پاشخوانێکی مێژوویی، بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر زەمینەی زانستی کە لەسەر قەبوولێکی بەکۆمەڵ بنیاد نرابێ، بەو شێوەیە

بنووسێ. ناکرێ من مەنتقی خۆم بەسەر کەسدا بسەپێنم و بڵێم تۆ دەبێ بەم شێوازەی من بنووسی..."[12]. بەڕاستی ئەم فەزایە جیاوازی چییە لەگەڵ فەزای ناکۆکی ڕەوتە جیاجیاکانی ناسیۆنالیزمی کوردی دا؟!!. گەلۆ ئەگەر تەنیا مژاری "ڕێنووس" لەم قسانە پاک بکەینەوە و جێگاکەی بگۆڕین بە پرسێکی سیاسی وەک "یەکگرتوویی"، کەسێک هەیە یەکسەر نەیانخاتە پاڵ سیاسییەکی بەدبەختەوە و ئایا هەر شک دەکات کە ئەم قسانە قسەی ڕۆشنبیرێک بن؟!. لەحاڵێکدا کە ئەم جیهانبینییە و ئەم فەزای فکرییە سەداسەد و کتومت هەمان تێگەیشتنی ناسیۆنالیزمی کوردییە کە هەر ئەم ڕۆشنبیرانە دەیان ساڵە تانە و تەشەری لێ دەدەن!!!... بەکورتی ئەگەر من بمەوێ لە سۆنگەی بەراوردکردنەوە بڕوانمە دوو جەمسەری "ڕۆشنبیران" و "ناسیۆنالیزمی کوردی"، دەتوانم وێنە ڕاسکانی و ڕاستەقینەکە هەر لە زمانی خودی بەختیارەوە بگوازمەوە کە دەڵێت: "کێشەی سەرەکی بزاوتی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوە

---

[12] چاوپێکەوتن لەگەڵ سیروان ڕەحیم، ساڵی ٢٠١٠، ئەم چاوپێکەوتنە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بەردەستە.

بوو کە هەرگیز نەیتوانی ماهییەتی خۆی و جەوهەری خۆی بە ڕۆشنی ڕوون بکاتەوە... مێژووی بزاوتی ناسیۆنالیستی کوردی مێژووی هەڵهاتنە بەردەوامەکانییەتی لە ڕوونکردنەوەی مانا و ماهییەتی خۆی. لێرەوە هەرگیز لە فۆرمێکی ڕۆشندا کە ستراکتورێکی عەقڵی و جیهانبینییەکی ئاشکرا نیشان بداتەوە بەرجەستە نەبووە... بەڵام کێشەکە هەر کێشەی بزاوتە سیاسییە گەورەکان نییە، بەڵکوو بووەتە کێشەی کۆی ئەو دیاردە فیکری و ئەدەبییانەش لە دونیای ئێمەدا سەر هەڵدەدەن. هیچ دیاردەیەکی ناو دونیای ئێمە نییە خولیایەکی ناوەکی قووڵی تێدا بێت، ماهییەتی خۆی ڕوون بکاتەوە، واتە فۆرمی ڕاستەقینە و بەرجەستەی خۆی ئاشکرا بکات، لەسەر خۆی و فەزای دەوروبەری و دیاردەکانی هاوزەمانی بوەستێت و قسەی هەبێت"[١٣].

کە واتە کورت و کورمانجی، پەیوەندیدار بە دۆخی داگیربوونی کوردستان ڕۆڵ و کارکردی ڕۆشنبیرانی کورد سەبارەت بە


---

[١٣] بەختیار عەلی، منداڵانی ساتۆرن، وتاری "نەبوونی فورم". ئەم دەقە لە کاناڵێ تەلەگرامی بەختیار عەلی بەم ناونیشانە وەرگیراوە:

@Bachtyar_Ali

ناسیۆنالیزمی کوردی ڕۆڵی پێچەوانەی پەندی "بە یارم نیت، بە باریشم مەبە"یە و ئەوان بەردەوام ڕەخنەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن کە بێگومان بەشێکی گەورە لەو ڕەخنانە مافدارن و کەچی لەم لاوە وەک بڵێی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە خۆیان لە هەموو ناتەواوییەک بە دوور بزانن یان وا هەست بکەن لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتبن، هیچ کاتێکیش بچووکترین کردەیەک نانوێنن بە ئاراستەی ڕەخنەدانی خۆیان. لەحاڵێکدا ئەمانیش بە هەمان ڕادەی ناسیۆنالیزمی کوردی سزاواری ڕەخنەن. من کە بیر لەم دۆخە دەکەمەوە و لە زانیارییەکانی خۆمدا هەردوو توێژی ناسیۆنالیستەکان و ڕۆشنبیرانی کورد لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکەم، بەڕاستی پێداچوونەوە و ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵ و نەخشی ڕۆشنبیرانی کورد بە یەکێ لە شاکلیلە هەرە گرنگ و هەرە پشتگوێخراوەکان لە کاروانی دژەداگیربوونی ئەم گەلەدا دەبینم و پێم وایە ئەم پێداچوونەوەیەش بە پلەی یەکەم پێویستە بە ڕەخنەدانی خودی ڕۆشنبیران بە خۆیان دەست پێبکا. هیوادارم...

٢٠٢٤/٣/٢٣



# REXNE JI EQLÊ ROŞINBÎRÎ

JÎRO ZAGROS